# مامۆستای کورد

# ٩



بەهاری ١٩٩٠

# Mamostay Kurd

# 9



وێنەی بەرگی یەکەم: شاری سنە، کوردستانی ئێران.
وێنەی بەرگی دووەم: منداڵی ئاوارەی کورد، ئۆردوگای مەریوان.

Spring 1990

# مامۆستای کورد

ژماره ۹
بەهاری ۱۹۹۰

سەرنووسەر:
**فەرهاد شاکەلی**

ناونیشان: Address
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ
Postal Giro nr/ Postgironr 43 55 59 - 0

# ناوەڕۆک

مامۆستای کورد


٣ نامە

٤ دوو شیعر: هێمن

٥ هەڵەبجە: پشکۆ

١٠ تاپۆ و بوومەلێڵ: سوارە

١٢ چەپکێ گازندە و بناشت

١٥ تاسە، دوا هۆنراوە: ج. مەلەکشا

١٦ کورد نازانن...... : ک. کۆچێرا

١٩ پیرەدار: ف. پیربال

٢٠ بوختانەکانی...... : ح.شارباژێڕی

٢٥ بۆ کۆترەکان: ف. شێخولئیسلامی

٢٦ پازدە کۆمارەکەی سۆڤێت

٣٢ دیوانی شێخ رەزا

٣٤ راپۆرتی هەڵەبجە: س. یەرتین

٤٠ تفەنگ و...... : ئا.سنەیی

٤١ ئاشبەتاڵی بیرێکی سەرچڵ: ک. عەلی

٥٢ ئێستاش نایەوێ...... : م. ئەمین

٥٤ گەمارۆ، کۆڵەپشت: م.ع. گوڵ

٥٥ فیلمی ئاسۆ...... : ی. س. فەتاح

٥٨ ئیسپرانتۆ...... : ئو. ب. ئەندەرسۆن

٦١ چۆڕێ قاوە...... : ج. و. لانگەر

٦١ وەرامی دۆستان

٦٢ سۆزی شەو: ع. کۆلیل

٦٤ چ کلاوڕەش و چ رەشکلاو

٦٥ دوو بەرهەم: هەورامان

٦٨ تاوانی شەڕ

٦٨ کورد لە مێسای ١٩٨٩دا

٦٩ بەرزانی: کامەران موکری

٧٢ بێدادی...... : ت. هامەربێری

٧٥ رانانی کتێبان

٧٨ کتێبخانەی مامۆستای کورد




# نامـە

... ئێمەی کورد چاک دەزانین کە لە گشت پارچەکانی کوردستاندا کە رژێمە فاشییەکان دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت، بەهەر مەبەستێک بێت هە وویەتی مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرمان لەناو بەرن؛ ئێمەی کورد دەبێ هەرکەس لە ئاستی خۆیەوە خۆی گورج بکاتەوە، لە خزمەتی فەرهەنگ و ئەدەبدا... کۆڵنەدەر بێت... ئەمڕۆکە گۆڤاری مامۆستای کورد تاکە گۆڤارە کە بتوانرێت بیری ئازاد تێدا سەربەست بێت... من لە کاتێکدا گۆڤاری مامۆستای کورد دەخوێنمەوە هەست بە سەربەستییەکی تەواو دەکەم، لە دەروونمدا هەست بە ئازادی دەکەم

ئاراس/ ئیسلامئاباد/پاکستان
٩٨٩/١١/١١

جارێکی تریش حەز دەکەم تەئکیدی بکەمەوە کە ئەو رێبازەی مامۆستای کورد گرتوویەتی، گرەوی دواڕۆژی بردۆتەوە و سەرکەوتن هەر بۆ ئەوە... سەرەڕای هەموو کۆسپ و کەندێک کە دێتە رێی...

مستەفا/ ئیسلامئاباد/پاکستان
٩٨٩/١١/١١

ئەوا کورد قڕکرا، کەس هیچ نالێت، بەلام بۆ سەلمان روشدی کە هێشتا نەکوژراوە، چەند دەوڵەت سەفارەتیان لە تاران داخست، چ های و هوویەکیان کرد، بەلام پێنج هەزار منداڵی کورد کوژرا، کوردستان شار و گوندی وێران کرا، کەسێک نییە بڵێ سەدام پشتی چاوی ئەبرۆیە. ئەوە بۆ کۆمەڵەی دیفاع لە حەیوانات هەیە، بەلام کورد هیچ؟! یەعنی کورد قیمەتی حەیوانیشی نییە؟ ئەگەر پێنج هەزار بزنەکێوی لە شوێنێک بکوژن بزانە دنیا چی ئەکات. یان بزانە چی هەرایەکیان کرد بۆ تظاهراتی پەکین، یان ئەگەر ئیسرائیل یەک عەرەب بکوژێت دنیا باسی دەکات... بەگوێرەی ئەو وتارانەی خوێندمەوە، کوردی کوردستانی رووسیای دوژمنی پیس وەزعیان لە پارچەکانی تر باشتر نییە، ئەی چۆن ئەمە چەند ساڵە کورد دەهۆڵ بۆ رووس لێ دەدات کە رووس پاڵپشتی میللەتی بەشخوراوە؟!

... مەگەر هەر رووس نەبوو نەیهێشت گروپی لێکۆڵینەوە بێت بۆ ئەوەی تەحقیق بکات لە عێراق. هەرچەند پێتان دەکرێ رووس بە دوژمنی هەرە گەورەی میللەتی کورد بناسێنن بە خەڵکی کورد و جیهان، بەراستی رووس دوژمنی کوردە. ئەم نامەیە تەنها رەئی من نییە، رەئی زۆربەی ئەو کوردانەیە کە لێرە ئاوارەن.

ح.م.آ. /ئێران/ ئەسفەهان

... لە کاتێکدا دەستنیشانی ئەو تاقمە دەکەن کە لە ساڵەکانی ١٩٦٤ لە پ.دک جیابوونەوە و تا ساڵی ٩٦٦ بوونە جاشی شای ئێران و لەوەش بە دواوە تا ساڵی ١٩٧٠ بوونە جاشی رژێمی عێراق و دژایەتیی گەلەکەی خۆیانیان دەکرد، لێرەدا پرسیارێ سەری قیت دەکاتەوە: ئایا شۆڕشی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی ٩٧٤-٩٧٥ لەلایەن کێوە یارمەتی و چەکی قورسی پێدەگەیشت؟ ئایا هەر ئەو رژێمە نەبوو کە کۆماری مەهابادی رووخاند و پێشەوا قازی محەمەدی لە سێدارە دا؟ ئەی بۆ ئەوکاتە بە بیری سەرۆک بەرزانیتان نەهێنایەوە؟ ئەی ئەمڕۆ شۆڕشەکانی گەلی کوردی عێراق لە کوێن؟

پێم وایە کە ئازادیی بیروڕا لە نێوان کۆمەڵە کەسێکدا جیاوازە وەک ئەوەی لە گۆڤارێک یان لە رۆژنامەیەکدا بلاودەکرێتەوە، جا بۆیە من داواتان لێ دەکەم کەهەرچی زووترە سنوورێک بۆ ئەم ئازادییە دابنێن! من لێرەدا پشتگیری لە «حسێک» ناکەم، نووسینەکەی ئەوانیش بریتییە لە تەڕ و وشک پێکەوە سووتاندن. نەدەبوو ئەوانیش بەو جۆرە هەڵوێستی ئەو کوردە ئاوارانە نیشان بدەن! بەلام هێشتا تووڕەیی‌یەکەی کاک رزگار زۆر زۆر لاسەنگترە... کاک رزگار هیچ لایەنێکی بە راست نەزانیوە و ئەو خەباتە درێژخایەنەی بە نووکە قەڵەمێک کوێر کردۆتەوە و سەرکردە و رێبەرانی کوردیشی بە مرۆڤی پیاوخراپ و خائین داوەتە قەڵەم. پێشوەخت ئاشبەتاڵی شۆڕشی بەراست هەڵسەنگاندووە...

جارێکی تر داوا لە سەرنووسەری مامۆستای کورد دەکەمەوە کە سنوورێ بۆ ئەو باس و رەخنانە دابنێن کە دژایەتیی یەکگرتن و تەبایی و یەکدەنگی دەکەن! ... ئەو بابەتانە بلاونەکەنەوە کە وەکو شاباشهەڵدانە بە گیانی داگیرکەراندا، یان دەبن بە مایەی دڵخۆشیی دوژمنانمان

باوکی سیڤەر/ پاکستان
٩٨٩/١٠/٢٠

... هەر لە ژمارە حەوتی مامۆستای کورددا وتارەکەی کاک کوردۆ عەلیشم خوێندەوە. برای خۆشەویست کاک کوردۆ، وابزانم ئەو هەموو ماندووبوونەی نەدەویست، لەبەرئەوەی کە مرۆڤ خۆی دۆڕاند، ئیتر نە چاکە دەزانێ و نەخراپە، نە ئابڕوو و نە حەیسییەت... نە ئاو نەخاک... ئەوانە ئالەتی دەستی بێگانەن،لەسەر خوێنی میللەتی کوردی هەژار توجارەت دەکەن، رۆژێک سوورن، رۆژێک رەشن، بەلام مێژوو لە لاپەڕەکانی خۆیدا یەک یەک ئەوانە تۆمار دەکات و یەک یەک ناسراون. مەبەستم ئەوەیە لەوانەیە جەنابتان تازە و تەنیا لە سوئێد (ئەو کابرایەتان) ناسیبێ... بەلام ئێمە لە ساڵی ١٩٦٣وە ناوبراو زۆر باش دەناسین ونامانەوێ لەوەزیاتر پەردە لەسەر کردەوەکانی هەڵدەینەوە، تەنیا دەتوانین بڵێین لە عێراق (سیخوڕ=جاسووس) بوو. هەرچەندە ئێوە بە دە لاپەڕە وەلامتا داوەتەوە، بە باوەڕی ئێمە تەنها هۆنراوەکەی شێخ رەزا بەس بوو کە لە پەراوێزی وتارەکەدا هاتووە.

بێکەس کوردی/ئێران- ٩٨٩/٦/٣٠

دوو شیعری بڵاونەکراوەی

# هێمن

## خانەنشین

بولبولێک بووم لە ڕکەیدا بە بەهاری ڕەنگین
دوور لە گوڵزار و لە دیداری گوڵاڵە و نەسرین
کازیوە بۆ لک و پۆپی گوڵی باغی دەفڕیم
پەڕ و پۆم پیوە نەما نیمە ئیتر هێزی فڕین
دەستی ئەو ڕاوکەرە بڕزێ کە بڕی باز و بڕست
سوڕی سوورگوڵ بدەم و ڕوو بکەمە مێرگی شین
من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕ کردبوو
ئێستە نایە لە گەرووم بێجگە لە ناڵەی خەمگین
من کە شینگێڕی گەڕی سوورەگوڵی پەڕپەڕ بووم
ڕەنگە هەر دڕکی پەڕیو لێرە بکا بۆ من شین
من کە بۆ دیتنی گوڵ هێڵی سنوورم دەپەڕاند
هەرلەسەر حەق کوتنێ ڕووتە کرام خانە نشین
شاوەڕیخنە دەگەڕێ وا لە دەراوی چۆمەڵ
دینی دینی گوڵە ئەو بولبولی دڵ پڕ لە ئەوین
تازە دڵخەستە و پەڕبەستە و بێ دەستەم من
وەرە دەر ڕاوکەری دڵڕەق لە کەلێن و لە کەمین
تنیپەڕی هێندە بە ناخۆشی ئەگەر ژینی درێژ
خۆزگە سەد خۆزگە بە وانەی کەم و ئاسوودە دەژین

شیلان ئاوێ ١٣٦٠ی هەتاوی

## شاری تووک لێکراو

دیسان هەوری بۆر و چڵکن
دایانگرت ئاسمانی ساو
دیسان وەک کچی شەرمێون
خۆی شاردەوە تیشکی هەتاو
دیسان نێوچاوانی تێک نا
خێوی گەڕ و شەیتانی شەڕ
دێوەزمەی مەرگ و نەهاتی
چاوی بڕ کرد لە بزەی تەڕ
دیسان بەعسی فاشستی دڕ
داردەستی مستی ئیستعمار
لە خەڵکی بێتاوانی کورد
گەزارەی دەرکێشا وەک مار
سەددامی ملهوڕی بەدفەڕ
داخی دڵی خۆی پێ ڕشتین
بەری گیانبازانی نەگرت
ژن و منداڵی لێ کوشتین
ئەو بەعسیانەی مێشکی مرۆڤ
دەبەن بۆ سەر سفرەی خۆیان
ئەوانەی ڕژاندنی خوێن
مایەی شانازییە بۆیان
ئەو قین زگ و خوێنخۆرانەی
دوژمنی نەتەوەی کوردن
ئەو نامەرد و دڵبەردانەی
قاتڵی درشت و وردن
دیسان دایانگرت شارەکەم
بە بۆمبا و ڕەهێڵەی شەست تیر
دایانە بەر گەوزی مردن
پیاو و ژن و منداڵ و پیر

ورمێ ١٣٦٤



# هەڵەبجە
# ئاوێنەی ڕاستییەکانە

### لە دووەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەدا

پشکۆ

ئازاد ...... یان داگیرکردنی هەڵەبجە، ژارکوژکردنی پتر لە هەشت هەزار ئینسانی کورد و ئالودەکردنی دوو چەندانی ئەو چەردەیە، سڕینەوەی شارێک لەسەر نەخشەی کوردستان و چۆڵکردنی تەواوی ناوچەکانی شارەزوور و هەورامان و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی، بە ڕواڵەت مەسەلەیەکی سادە و بەرئەنجامی جەنگی کۆنەپەرستانەی هەشت ساڵ خایەنی ئێران و عێراق بووا. ئەگەر وەها پرسێکیش بە ڕووی هەر کەسێکی ئاساییدا بدەیت هەر هەمان بەرسیڤی دەبێت و لە ڕاستیشدا جەنگە نەفرەت لێکراوەکە هۆکاری سەرەکیی ئەو کۆستەی ئێمە بوو. بەڵام داخۆ داگیرکردنی هەڵەبجە زەروورەتێکی حەتمیی جەنگەکە بوو یان دەکرا......؟؟

ئەم «یان دەکرا......؟؟»یە تۆمەی قارچکی دەیان پرسیار لە مێشکی مرۆڤی کورددا هەڵدەتۆقێنێ و هەوڵدەدای پەیداکردنی سەرەوای گلۆڵە ئاڵۆزکاوەکەی دەکات. وای لێ دەکات پاش ئەوەی بە وردی لە پاش و پێش و ئەملا و ئەولای خۆی دەڕوانێ، لەژێر لێوانەوە منجەمنجێک بکات و بڵێ:

– داخۆ ئەگەر سەرکردە و ڕێبەرەکانمان، حیزب و ڕێکخراوەکانمان، هێز و لەشکرەکانمان، دەست لە نێو دەستی هاوەبەستی ئێران و پێش قەرەوڵ و کەوا ڕەشی بەر لەشکریان نەبوونایە، چرای نێو تاریکە بێشە و بزنە ڕێیان نەبوونایە، مەسەلەکە هەر وەها دەکەوتەوە؟!

– ئاخۆ ئەگەر هێزە کوردستانییەکان، بەرژەوەندیی کاتی و تەسکی حیزبایەتییان لەبەرچاو نەگرتبا و حیسابێکی وردیان بۆ وەها هاوکارییەک کردبا، ئەم زەبرە هێند گورچوو بڕ دەبوو؟!

– مەسەلەی هەڵەبجە ڕیاکارانەش بێ، کۆڕی سیاسەتی نێو دەوڵەتان و ڕای گشتی جیهانیی شڵەقاند، بە هەزاران مرۆڤی ویژدان زیندووی هەژان، داخۆ ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هێزە کوردییەکان لە شەهیدکردنی هەڵەبجەدا، کاری سەلبی لەسەر دید و هەڵوێستی جیهانی دانەنا؟!

بەرسیڤی ئەم «ئاخۆ و داخۆ»یانە و دەیان پرسیاری پەنگاوتەی دیکە، ڕەنگە زۆر کەس و لایەنمان لێ بوروژێنێت، بە سەرەڕۆ و سەرچڵمان لە قەڵەم بدەن، بەشی خۆشمان نەفرەتی هەرزەگۆییمان وەبەر بکەوێ! وەلێ تانە و لۆمە و نەفرەتی چاوبەچاو و ڕوو بە ڕوو لە گلە و گازندەی نەوەکانی داهاتوو چاترە!

مێژووی گەلەکەمان، گەرچی زۆربەی گلان و نسکۆ و نووچدانە، بەڵام چەندین ڕووپەڕی پرشنگداری پڕ لە قارەمانییەتی و فیداکاری و ڕەوشت بەرزیشی تێدایە. هەر وەک لە هەڵە و پەڵە و لەکەش خاڵی نییە، چی بکەین ئیدی؟ ئەوی هەیە بە چاک و خراپەوە مێژوومانە و دەبێ بە ڕاستگۆیی‌یەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بۆ داهاتوو و ئاسانکردنی هەوڵ و کۆششی ئایندەی مێژوونووسانیشمان، هەق وایە بۆ خۆمان پێشی هەر لایەکی دیکە، بەر لە دوژمنانمان (تا مێشمان لێ نەکەنە گامێش)، ئەسکوێ لە مەنجەڵ وەردەین!

پێش ئەوەی بێمە سەر چۆنیەتیی چنینی پلان و نەخشەی داگیرکردنی هەڵەبجە و مەبەستەکانی، پێم خۆشە ئەوەی بڵێم کە نووسینی وەها بابەتێک بۆ لێدان و کوتانی ئەم یا ئەو رێبەر و حیزبی کوردستانی نییە بەڵکو پەردە هەڵماڵینە لەسەر تاکتیکی سیاسیی هەڵە و ناقۆڵا و رەفتاری ناشۆڕشگێڕانەی هێزی چەکداری لایەنە سیاسییەکان کە باری شانی جەماوەریان قورستر و زامەکەیان قووڵتر کردووە!

زانیارییەکانیش، زادەی ویست و هەڵوێستی خودی خۆم بەرامبەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نین، دەقی ئەو راپۆرتانەن کە هەندێ لە پێشمەرگە بەشداربووەکانی هێرشەکە بە ویژدانەوە ئامادەیان کردوون.

هێرش بۆ سەر هەڵەبجە

– ئامانجەکانی هێرشەکە:

١– لە دیدی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە:

بەهاری ١٩٨٨، جەنگە نەفرەتییەکە بەرەو پێچانەوەی تەمەنی هەشت ساڵەی خۆی هەڵدەکشا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی هەشت ساڵاندا نەک هەر هیچ یەک لە ئامانجەکانی جەنگی پێ دابین نەکرابوو، بگرە دووچاری کێشە و قەیرانێکی ئابووری و سیاسی و عەسکەریی واش بووبوو کە زیاتر درێژەکێشانی جەنگەکە مەترسیی گەورەی بۆ درووست دەکرد. ئێران لە بەرەکانی ناوەڕاست و خوارووا ببوە بارگیری ناو هەرگی شارەزوور و تەکانی پێ نەدەدرا. هێزەکانیشی شپرز و بێ واز و کەم برست ببوون، پاشەکشەی لە خۆڕا و بێ بیانووی هێزەکانیان لەو بەرانەدا جگە لەوەی رووبەرووی لەمپەری باڵی توندڕەوی دەوڵەت دەبوویەوە، ئەوا لەناو گەلانی ئێرانیشدا گرفت و کێشەی قووڵی بۆ دەسازاندن.

هێرشی هەڵەبجە... نەخشەی باڵی میانڕۆ و شەڕاگری ئێرانی بوو! ئەوان پێیان وابوو کە داڕشتنی پلانی اگیرکردنی شارێکی وەکو هەڵەبجە بەو شێوەیەی کە وەک گەورەترین رووداوی جەنگەکە خۆی بنوێنێ و هات و هاوار و جەنجاڵییەکی مەزن لەسەر ئاستی جیهان بەرپا بکات، دەشێ ببێتە خاڵی وەرچەرخاندنی رێڕەوی جەنگەکە و لەو بنبەستەی دەربهاوێ، و پاشانیش بیانووی پاشەکشە و قەبووڵکردنی ئاگربەستیان بەدەستەوە بدات، دیارە ئەنجامیشی هەروا شکایەوە!.

بە واتایەکی دیکە، کۆماری ئیسلامی ئێران، هەرگیز پێی وا نەبووە کە بە گرتنی هەڵەبجە کلیلی دەرکەی کەربەلایان وەچنگ دەکەوێت، تەرازووی هێزەکان وەلای خۆیاندا لەنگ دەبێت و تەخت و بەختی فاشییەکان وەلەرزە دەهێنن «وەک ئەوەی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان تێی گەیشتبوون و گرەویان لەسەر دەکرد!». ئەم مەسەلەیە رێک تاکتیکی خزمەتگوزاری راوەستانی جەنگەکە بوو.

٢–لە دیدی حیزب و رێکخراوە کوردستانی و عێراقییەکانەوە:

تەواوی ئەو حیزبە و رێکخراوە کوردستانی و عێراقییە نائیسلامی و ئیسلامییانەی کە سەنگ و هێزی چەکداری بەرچاویان هەبوو «جگە لە حیزبی شیوعی عێراق» بەشداریی لێبڕاوانەی هێرشەکەیان کرد و رۆڵی بڕیاردەریان لە روودانی کارەساتەکەدا گێڕا. لە سەروبەندی هێرشەکەدا و چەند مانگان پێشتریش، هێزەکانی دەوڵەتی فاشستیی بەغدا، هێرشێکی توند و کەموێنە و بێ بەزەیان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان دەست پێکردبوو، هێرشێکی خوێناویی بەعسیانە، بە کۆمەڵ خەڵکیان دەکوشت، لادێ و گوندیان لەگەڵ خاک یەکسان دەکرد، تەڕ و وشکیان پێکڕا دەسووتاند، ژن و منداڵانیان بە دیل دەگرتن و راپێچی خوارووی وڵاتیان دەکردن، بە کورتی لە هیچ نەدەپرینگانەوە!.

ئەم هێرشانە بە خەستی رووە و بنکەکانی هێزە چەکدارە سیاسییەکان و ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی سیاسی و چەکداریی ئەوان و پاسدارانی تیا دامەزرابوو، ئاراستە دەکران.

راکێشانی هەزاران پاسدار و کەرەستە و لۆجیستیکی جەنگی بۆ ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی، گەرمیان و کەرکووک، بەعسییەکانی هێندەی تر دڕندە و شێتگیرتر کردبوو. ژار و ئاگریان بەسەر کوردستاندا باراند، تەنگیان بە بنکەی رێبەرایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکان هەڵچنی. هێرشی ئێران و لایەنەکان بۆ سەر هەڵەبجە، هاوزەمانی هێرشی وەحشیانەی بەعسی بۆ سەر کوردستان بوو. ئەو هێزە کوردستانیانەی لە ژێر گورز و رەهێڵەی بارانی کیمیایی بەعسدا تەنگەتاو بووبوون و وەپەلە قاژە کەوتبوون، وەستانی هێرش و پاشەکشەی بەعسیانیان لە هێرشی هەڵەبجەدا دەبینی. کەچی وا دەرنەچوو و لەمەشیاندا بە هەڵە چووبوون!.

نەخشە و پلانی هێرشەکە:

هەڵەبجە، لە بەشی رۆژهەڵاتی دەشتی شارەزووردا رۆنیشتووە و لە سێ لاوە زنجیرە چیاکانی سورێن و شنرۆێ و بالانبۆ دەوریان گرتووە و بە کوردستانی ئێرانەوەی دەبەستێ. وێڕای ئەم چیا سەختانەی کە دەبنە لەمپەری هێرشی هێزی ئێرانی، ئەوا رووباری سیروانیش لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوور لەمپەرێکی دیکەی هەڵمەت و پەلاماردانە.

داگیرکردنی ناوچەیەکی وەها فراوان و لەمپەرداری رژد و هەڵەموت، پێشی سازدانی هێز و فەراهەم کردنی کەرەستە و پێداویستیەکانی جەنگ، پێویستی بە ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە هەیە:

– ناسین و وێنەکێشانی تۆپۆگرافیای ناوچەکە.

– درووستکردنی رێگا و بان و پرد تا ئەو جێگایەی کە ئیمکان دەبێ.

– کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو دەربارەی هێزی دوژمن، شوێن و بنکەکانیان، ژمارە و چەکیان، چۆنایەتییان، رەگەز و نەتەوەی فەرماندە و سەربازەکان، باری دەروونی و ورە و باوەڕیان.

– پێوەندگرتن لەگەڵ فەرماندە و سەرەک جاشەکان، کڕین و دەستەمۆ کردنیان.

– هەڵگرتنەوە یان بەتاڵکردنەوەی تۆڕی مین گوزاری دەوروبەری رەبایە و سەربازگاکان.

تەواوی ئەم ئەرکانە لە ماوەی ١–٢ مانگاندا و بە هاوکاریی هێزە هاوکارەکان و لە رێگای کەسانی شارەزا و لێهاتووی ناو ئەو هێزانەوە، سوپای ئێرانی جێبەجێی کردبوون.

کۆڵەکەی ئەو بۆچوون و چۆنیەتیی سازدان و دابەشکردن و وەرێخستنی هێزەکان، چەندین نامەی باوەڕپێکراوی کەسانی نێو خودی هێزەکانن...



نامەی یەکەم ...(١)

چالاکی و هەڵس و کەوتی هێزە سیاسییەکان پێش کارەساتەکە... (١)

لایەنە سیاسییەکانی ناوچەکە «یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق،حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق»+ هێزە ئیسلامییە کوردستانی و عێراقییەکان، دەورێکی کاریگەریان لە نەخشە دانان و تاقیکردنەوەی رێگا و بان و دۆزینەوەی رێگای نوێ و وێنەگرتنی ناوچە سەربازییەکانی دەوروبەری هەڵەبجەدا هەبوو. ئەمە کارێکی کوت و پڕ نەبوو و دەمێک بوو سەرگەرمی ئەم کارانە بوون و چەندین پێشمەرگە و پاسداریش لەم رێیەدا تیاچوون. گەلێ جاریش وا دەبوو کە هەندێ لەو پێشمەرگانە، چەند پاسدار و پسپۆڕێکی ئێرانی بکەنە چەپکە گوڵی دەستیان و بە دەوڵەتی عێراقیان بفرۆشنەوە. بۆ نموونە پ. م. «م. أ»(٢) کە پێشمەرگەی پارتی و خەڵکی دێی عەبابەیلێ بوو، پاش چەند ساڵان پێشمەرگایەتی «٣» پاسداری تەسلیم بە عێراق کردەوە کە یەکێکیان ئەندازیاری رێگاوبان و دووەکەی دیش لە لێپرسراوانی «قەرارگا» بوون.

هەر لایەنێکی سیاسی بە جیا پاسداری لەگەڵ خۆ دەهێنا خوارێ و هەر جارەش کارێکی باشیان ئەنجام دابا، لەلایەن «قەرارگا»وە خەڵاتیان پێ دەدرا.

زۆربەی پێشمەرگەکان بەم جۆرە هاریکاریە و پاسداربردنە کوردستانە، قەڵس و بێزار بوون، بەڵام خۆیان گوتەنی چی بکەن؟ فەرمانی سەرکردایەتییە و دەبێ بەجێی بێنن.

برادەرێک بۆی گێڕامەوە گوتی: لە دێی «خێڵی حەمە»ی شارەزوور بووین، کۆمەڵێک پاسدارم بۆ کارێکی تایبەتی پێ سپێردرابوو، یەکێکیان زۆری توورە کردم بۆیە منیش هەرچییەکم بە زاریدا دەهات پێم گوت، کەچی تەنیا وەڵامی ئەو ئەوەبوو «تۆ بڵێی نەگەڕێینەوە ئێران، ئەوجا دەزانم چۆنت ئاقڵ دەکەم!»

بەهەرحاڵ با لە یەکێتییەوە باست بۆ بکەم:

دەوری هێزی «یەکێتی نیشتمانی کوردستان» لە گرتنی هەڵەبجەدا لە هەموان گرنگتر بوو، لەبەر ئەوەی چەندین بنکەیان لە ناوچەکەدا هەبوو، ئەم بنکانە ببوونە مۆڵگای پاسدارانی قەرارگای رەمەزان و مەجلیسی ئەعلامی ئیسلامیی عێراق، هەر جارەی لەگەڵ مەفرەزەیەکدا چەند پاسدار و پسپۆڕێکی ئێرانی بە مەبەستی «مین» هەڵگرتن و وێنەگرتنی سینەمایی ناوچەکە، بەتایبەت سەربازگاکان، دادەبەزین.

ئەوانەی رۆڵی گرنگیان لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەدا هەبوو ئەمانە بوون:

١– «ق. ک.» فەرماندەی تیپی ١١ی هەورامان کە پاش خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٩٨٧ی هەڵەبجە پێوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو!

٢– ک. ئێناخی، فەرماندەی کەرتی هەمان تیپ، شارەزا و ئازا و لێهاتوو، ئەگەرچی ئەنجامی کار بەسەر خێزانەکەیدا شکایەوە و باوک و برایەکی شەهید بوون.

٣– م. ح. س.– هـ. ح. س. جووتەبرا و هەردووک فەرماندەی مەفرەزە بوون.

٤– أ. ئێناخی جێگری فەرماندەی تیپ.

رادەی ئەم هاوکارییە هێند فراوان بوو کە هەندێ جار لایەنە سیاسییەکان لە یەکدی دەگۆڕان و شەوانە تووشی تەقە و لێکدان دەبوون.

کار لەوەدا نەما... قەوارەی هێزی پاسداران تا دەهات زێتر دەبوو، ئەمەش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دڵگران دەکرد و گرفت و کێشەی لەگەڵ «یەکیەتی» بۆ دروست دەکردن.

دابەشبوونی بنکەی ئێرانییەکان لە هەوراماندا «مەبەستی رۆژهەڵاتی هەڵەبجەیە– پ» ئاوەها بوو:

١– مەقەڕێک لە گوندی «گریانە» لە تەنیشتی کەرتێکی تیپی «١١»ی هەورامانەوە.

٢– مەقەڕێک لە گوندی «هەوارەکۆن» نزیکی مەقەڕی تیپی «١١»ی هەورامان.

٣– مەقەڕێک لە گوندی «دۆین»، هەرچەندە ئەمەیان هەمیشەیی نەبوو، بەڵام رۆڵی گرنگی لە پێوەندیی نێوان لەشکری ٩ی بەدر و هێزە عێراقیەکاندا هەبووە، چوون ئەم لەشکرە هەموو عەرەب و سەر بە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی بوون.

جگە لەمە چەندین جار هێزی قەبەی ئێرانی بە رێنمایی «ق. کۆکۆیی و ح.م.س.»، لێرەوە بەرەو قەرەداخ رۆیشتوون.

هێزەکانی ئێران لێرە بە هیمەتی «یەکێتی» و لە چیای «سورێن»ەوە بە هاوکاریی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی سوسیالیست، هەم رێگاوبانی پێویستیان بەرەو بنار و پێدەشت و هەمیش چەندین پردی باشیان لەسەر سیروان دروست کرد.

ئەوەی شایانی باسە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق لەو ماوەیەدا چ کاردانەوەیەکی توند و پێویستیان دەرهەق بە چالاکی و جموجووڵی بەربڵاوی هێزەکانی ئێران نەبوو. پاشان وا دەرکەوت کە «لیوا روکن عەلی حوسێن عوبێد» فەرماندەی تیپی ٤٣ی پیادەی عێراقییەکان، پێوەندیی لەگەڵ ئێران بووە!.

نامەی دووەم...... هێرش!

... هەر هێرشێک بۆ سەر دوژمن، لەهەر شوێن و جێگایەک بێ، بێگومان پلان و نەخشەی وردی گەرەکە.

ئەم هێرشەی هەڵەبجەش وەکو پێشتر بۆم باس کردیت، پلان و نەخشەی ورد و دروستی بۆ چنرابوو و تابووری پێنجەمیشیان لە ناوەوە هەبوو. ساتی سفری هێرشەکە زۆر نهێنی بوو. هەتا تابووری پێنجەمی ئێرانییەکانیش «مەبەستی لایەنە سیاسییەکانە– پ–» بێ ئاگا بوون، بەڵام خەڵکی ناوچەکە سووسەیان کردبوو.

هەواڵەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران کە سنووریان دەبەزاند، نامەی پێشمەرگەی لایەنەکان بۆ خزم و خوێش و هاوەڵانیان، هاتنی سەرتیپێکی «یەکێتی» بۆ هەڵەبجە و دوو رۆژیش بە نهێنی مانەوەی و دانیشتنی لەگەڵ خەزنەداری بانکدا، هەموو نیشانەی هێرشێکی وەها بوون.

دابەشبوون و جمانی هێزەکان

هێرشەکە لە سێ قۆڵەوە دەستی پێکرد، هەر قۆڵەی چەندین تیپی «یەکێتی» و لایەنەکانی دیکەی لەگەڵ بوون، فەرماندەی هەموو هێزەکانی یەکێتیش «شەوکەتی حاجی موشیر» بوو.

قۆڵی یەکەم:

– بنکەی «بالانبۆ» و تیپی تایبەتیی «مەڵبەندی یەک» بە

سەرپەرشتیی «لەتیف موحەمەد سابیر».

– تیپی ١١ی هەورامان– «قادر کۆکۆیی».

– تیپی ١٥ی شارەزوور. «کەمال شاکیر و فەلاحی حەمە بۆر».

ئەم هێزانە بە هاوکاریی «لەشکری ٩ی بەدر + بەشێک لە لەشکری بەنی ئەکرەم + تیپی ٢١٢ی هەمزەی سەید ولشوهەدا+ بەشێک لە لەشکری ئیمامی عەلی لە کاتژمێری ١١,٢٠ی شەوی ١٣/١٤–٣–١٩٨٨، لە چیای بالاَنبۆوە هێرشی خۆیان دەست پێکرد.

هێرشەکە رووەو ئەوروڵی دەجمی و لەوێرا دەبوویە دوو بەشەوە:

رەتڵێکی رووە و ئیمامی زامن –میراولی– خولامی و قارەمانی و نێرگزەجاڕ، ئەوی دیکەشی پاش گرتنی رەبایەکانی سەر «بالاَنبۆ» بەسەر هەڵەبجەدا دادەگەڕێ..

قۆڵی دووەم:

هێزەکانی ئەم قۆڵە ئەرکی پاکتاوکردنی سەربازگە و رەبایەکانی چیای «شنرویَ»یان لە ئەستۆ نرابوو:

تیپی ٥٥ی قەرەداخ + تیپی ٨٦ی بەرانەتی + تیپێکی دەشتی هەولێر + تیپی ٣٥ی شلێر + چەند مەفرەزەیەکی هەورامان. «حامیدی حاجی خالید» لێپرسراوی ئەم قۆڵە بوو.

ئەم هێزە بە هاوکاریی چەند تیپێکی «قەرارگای رەمەزان» و لەشکری ٤٢ی قەدر، هێرشیان دەستپێکرد و شەوی یەکەم هەموو جێگاکانیان پێ نەگیرا.

قۆڵی سێیەم: لە چیای سوورێنەوە:

لێرەوە هێزەکانی «پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حیزبی سۆسیالیست» بە سەرپەرشتیی «حەمید ئەفەندی» و «موحەممەدی حاجی مەحموود» بە هاوکاریی چەند تیپێکی قەرارگای رەمەزان و لەشکری «بەعسەت» و کەتیبەیەکی تانک، بەرەو خورماڵ و شارەزوور داگەڕان. ناوی ئەم فەرماندە ئێرانیانە کە دیار و زانراون ئەمانەن:

قۆڵی یەکەم: دەهقانی

قۆڵی دووەم: قەهاری

قۆڵی سێیەم: موقەددەم تارانی

برام: هەڵەبجە پاش نێزیکەی دوو شەو و رۆژان بە تەواوی گیرا و هیچ بەرگرییەکی تێدا نەما! ئەمە شتێکی زۆر کوتوپڕ و چاوەنۆڕ نەکراو بوو. ناوچەیەکی وەها فراوان و هێزێکی وا پڕچەک و تێروتەسەل وەها زوو زوو پاک بکرێتەوە، جێگای پرس و تێرامانە.

رۆژی ١٥ی مانگ، ناوشار لە سەربازی هەلاتوو و بێچەکی لات و برسی جمەی دەهات، خەڵکی هەڵەبجە کوردئاسا کانیی بەزەیان ئاوی تێزا و خزمەتێکی زۆریان کردن، بەلاَم پاشان زۆربەیان بە دەستی هێزە کوردییەکان گوللەباران کران!!

کاتژمێری ١,٣٠ پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە، هێزەکانی پێشمەرگە و پاشان پاسداران لە شار وەربوون، سیخوڕ و شۆفار و بەشێک لە سەرۆک جاشەکان بەرەو شارەزوور کلکیان لە گەڵۆزیان ناو و تێیان تەقاند. سەیر ئەوەیە تەنیا رێگای دەرباز بوونی هەڵەبجە – سلێمانی، چەمی زەڵم بوو کە ئەویش لە سۆنگەی ئاو هەستانەوە بواری نەبوو و لەلایەن هێزەکانی سۆسیالیستەوە کلیل درابوو، کەچی چەندین تاوانباری وەکو «مولازم خالید»ی بەڕێوەبەری دەزگای ئەمن و چەندین سەرەک جاش، بەکۆڵی چەکداری کورد لە زەڵم پەڕێندرانەوە! پێت سەیر نەبێ کە سەرەک جاشێک بە ناوی «عەلی کۆکۆیی» بە برینداری هێنرایە ئێران و پاش چاککردنەوەی رەوانەی عێراق کرایەوە!! چەندین پیاوخراپ و چڵکاوخۆری بەعسیەکان گیران و لە گوڵ کاڵتریان پێ نەگوترا. «ئەوی من بزانم تەنیا دوو جاش بە دیلی بە دەستی هێزەکانی پارتی سۆسیالسیت گوللەباران کران – پ». کەچی بەشی ئێمە ئەوە بوو کە بوو.

ئەم هێزانە لەبەر سەرگەرمییان بۆ دەسکەوت و تالاَن و بڕۆی دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و کەلوپەلی ناوماڵی لێپرسراوانی دەوڵەت نە تاوانباریان پێ دەگیرا و نە ئاوڕێکیان لە خەڵکی شار دەدایەوە.

نامەی سێیەم:

هەڵەبجە رۆژی ١٦ی ئازار:

هەڵەبجە تا کاتژمێری ١١,٢٥ی بەیانی ئارام و هێمن بوو. هێزەکانی پاسداران لە پەسادا، لە رێگای خورماڵ، سیروانەوە بە ماشێن دەڕژانە شار. مامۆستا مەلا عەلی(٣) ئیمامی مزگەوتی «پاشا» بە میحرابەکەی شادبوویەوە و بەدەم دروشمی نەشەرقی و نەغەربی خوتبەی بۆ خەڵک دەدا.

کاتژمێری ١١,٢٥ دەقیقە، گرم و هوڕی ٨ فڕۆکەی بەعسیان گۆمی شاری شڵەقاند. هەموو بەهاری ٩٧٤مان هاتەوە یاد و بۆ پەناگا و ژێرزەمین خۆمان کوتا. هەتا ئەو کاتە ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی لەشار دەرچووبوون و زۆربەشیان بە دڵنەوایی و ئامۆژگاریی هێزەکانی «یەکێتی» گەڕابوونەوە.

ئەم بۆردومانە لە گەڕەکی «سەرا»وە بەرەو «کانییە قوڵکە» بوو، ژمارەیەکی زۆر شەهید و بڕێکی زیاتریش بریندار بوون.

کاتژمێری ٢,١٥ی پاش نیوەڕۆ، دووەم بۆمبارانی ئاسایی(٤) دەستی پێکرد و گەڕەکەکانی سەرا، کانییە قوڵکە، جوولەکان، پاشا و پیرموحەمەدی گرتەوە.

کاتژمێری ٢,٣٠ یەکەمین بۆمبارانی کیمیایی بەسەر هەندێ لە گەڕەکەکانی شار و رێگاکانی دەرەوەی شاردا باری.

کاتژمێری ٣,١٥، بۆمبارانی کیمیایی سەراپای شار و بە تایبەت گەڕەکەکانی پیرموحەمەد، جوولەکان، کانییە قوڵکە و سەرای گرتەوە.

کاتژمێری چواری ئێوارە، جارێکی تر هەوری کیمیایی بەسەر شار و رێگاکانی گوندی عەنەب و بیاوێڵەدا گرمانی و و دایڕێژا، بەشێکی زۆر خەڵک لەوێدا شەهید بوون.

کاتژمێری ٦,٣٠، رەهێڵەی ژار هەمدیس بەسەر شاردا بارییەوە.

برام... ئەم شارە شەنگ و رەنگینە لە ماوەی نیوە رۆژێکدا بوو بە شاری مەرگ و خوێن، تەموژی مەرگ سەراپای شار و ناوچەکەی داپۆشی. شەقام و کۆلاَن و ژێرزەمینەکان، مێرگ و نواڵ و باخەکانی دەرەوەی شار، تەرمی هەزاران جوانەمەرگیان لێ راکشا، کەچی ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەو غەزایەدا کوژران یان شەهید بوون لە پەنجەکانی چوارپەلی دە منالی ساوا تێنەپەڕین!!!



لەوەتەی جەنگ و شەڕ و شۆڕ پەیدا بووە، یەکێک لە مەبەستەکانی، دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتی دوژمن و چەپاوکردنی ماڵ و سامانیان بووە. ئێمەی کورد هەمیشە زوڵملێکراو و پلیشاوەی ژێر سمی ئەسپی داگیرکەران بووین، چەوسێنراوینەتەوە و رەتێنراوین، مافمان خوراوە و ماف خۆر نەبووین، سامانمان زەوت کراوە و مفتەخۆر نەبووین، کەچی خواست و ئارەزووی قاچ و قوچ و شڕەخۆری لە هێزەکانماندا رەنگی داوەتەوە و هەتا ئێستاش چ لایەنێکی سیاسی نە لێبڕاوە و نە توانیویەتی ریزەکانی خۆی لەم رەفتارە دزێوە پاکتاو بکات!

دەشێ پێ بە جەرگی خۆماندا بنێین و بیژین، لەوەتەی بەرگریی چەکدارانە لە کوردستاندا سەری هەڵداوە، ئەم دیاردەیە لەنێو هێزەکاندا بوونێکی بەرچاوی هەبووە و ئەمێستاش هەر هەیە.

هەڵەبجە پاش ئەوەی بەو دەردە برا، وەکو شارێکی بەزۆر لە دوژمن سەنراو، دار و نەداری تالاَن کرا. هەر بۆیە کەسێک گەر لە نێزیکەوە سەرێک لە ئۆردوگای پەنابەرە هەڵەبجەیی‌یەکان بدات و بیاندوێنێ، هێندە باسی چەپاو و شڕەخۆری چەکدارانی لایەنەکان دەکەن، هێند بە داخی خودی کارەساتەکەوە نین!

هەڵەبجە پاش بۆمبارانەکە و تا هەفتەیەکیش هێندەی هێزی پێشمەرگەی تێدا بوو، نیو هێندە هێزی داگیرکەری تێدا نەبوو، هەر بۆیە ئەو تالاَن و داماڵینە لە پلەی یەکەمدا رووی هێزە کوردستانییەکان دەگرێتەوە و هەر لایەنەش بەقەد قورسایی و ژمارەی هێزەکەی پشکی وەبەر دەکەوێت.

کورد دەڵێ: تف هەڵدەی رووی خۆت دەگرێتەوە. من پێم وایە کە تفی خۆمان لە گولاَوی خەڵکی بۆندار تر بێت!

چوارەمین نامەی برادەرەکەم تایبەتە بە چۆنیەتی ئەو چەپاو و راو و رووتە و ناو و ناونیشانی لێپرسراوانێ کە لەژێر باری پارە و خشڵ و زێڕی شەهید و ئەنگاوتەکاندا نقەیان هاتووە! وەلێ هەرچی دەکۆشم نووکی خامەم ئارەقەی شەرمەزاری لێ دەتکێ و ورد و درشتی ئەو کارانەی پێ نایەتە نووسین! مرۆ دەبێ مل بۆ راستییەک بدات و بڵێت: ماڵی لێپرسراوانی فاشیان و دار و دەستە و نۆکەرانیان، دەسکەوتی جەنگە و وەکو شیری بەری دایکیان حەلاَڵیانە، بەلاَم چۆن دەکرێ لە شارێکی وەها گەورە و پڕ ناز و نیعمەت و سێ ئۆردوگای زۆرەملێی دەورووپشتی، تەنیا ماڵێکیش نەبوێرن؟!

کەی رەوای شۆڕشگێڕێتییە بنکەکانی تریفە، چاوگ، بامۆک، جەلیلە، عەبابەیلێ، هاوار، سەرکەن، گریانە و دزڵێ دەیان ئەشکەوت و بن شکێڕی چیا، هەتا سێ مانگیش پاشی کارەساتەکە، لە تەلەڤزیۆن، یەخچاڵ، وەرتە و مافوور، کورسی و مۆبیلە، سەدان فەردە دانەوێڵە و خواردەمەنی، گا و گۆتاڵ و مەڕ و بزن و مریشک، لێوان لێو بێت و پاشان لەبەر ساخ نەبوونەوەی، ئاگری تێ بەربدرێت!!

برادەرەکەم نووسیویە: «لەم هەلومەرجەدا مرۆ ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پاری باوباپیرانی بیر دێتەوە، چۆن نا؟ ساڵی ٩٧٤، بۆ ماوەی یەک ساڵ هەڵەبجە و بانکەکەی بە چۆڵی لەبەردەستی شۆڕشی «کۆن»دا بوو، کەچی نە دەرکەی کەسێ ترازا و نە بانکیش توێژاڵێکی لێ رووشا! لە شۆڕشی «نوێ»دا تەنیا چوار رۆژیان کەوتە بەردەست، بانکیان وەها ئاژوگوێز کرد، چ کەسێ نەیزانی چییان بەسەر هێنا و چلۆنیان دێزە بە دەرخۆنە کرد».

هەرچۆنێک بێت هەڵەبجە شابرینی دەم شمشێری ژەهراویی فاشییانە لەسەر جەستەی داڕزاوی میللەتەکەمان، داگیرکەرانی کوردستان لە مێژبوو نەوتیان وەسەر خەرمانی ئەم شارە و تەواوی کوردستاندا رێژابوو، وەلێ مەخابن و سەد مەخابن، بۆ خۆمان و شاپڵیتەکەمان وەدەستەوە دان، هەر بۆیە جەللادانی گەلەکەمان لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەری و کۆبوونەوەکاندا زۆر بێشەرمانە دەڵێن:

«ئەوی لەشکری داگیرکەر بۆ سەر خاکمان بهێنێ، مافی دەکاربردنی هەر جۆرە چەکێکمان بۆ بەرگری دەداتێ!»

من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بێ پرینگانەوە بێژین:

شەهید بوونی هەڵەبجە و بە سوتماک کردنی کوردستان، وێڕای دڕندەیی و دڵڕەشیی فاشییەکانی بەغدا، خەزانی زڕەگوێزی هاوپەیمانیەتی و هاوکاریی نامەتێتیقیانەی بزوتنەوەی چەکداری کوردستان و داگیرکەرانی بوون و دەشێ وەکو ئەزموونێکی تاڵی خەباتی گەلەکەمان، دەرس و پەندی بۆ ئایندە لێ هەڵێنجێنین!. □

١٢/٣/٩٩٠ سوێد

پەراوێزەکان:

١– دەقی نامەکان تەنیا لە رووی رێنووس و دارشتنەوەی رێزمانەوە دەستکاری کراون، چەند بڕگەی پێشەکیی نامەکان کە بە سڵاو و هەواڵ پرسینەوە پێوەنددارن، نووسینەوەیانمان بە پێویست نەزانی.

٢– ناوبردنی هەندێ لە «پ.م.» و مەسئولەکانمان بە پێویست نەزانی، وەلێ گرنگیی باسەکە بە ناچاری ناوی هەندێکیان پێ یاداشت کردین.

٣– مەلا عەلی عەبدولعەزیز، ئیمامی مزگەوتی پاشای هەڵەبجە، لە پاش خۆپیشاندانەکانی بەهاری ١٩٨٧، ئاودیوی ئێران بووبوو و یەکێک لە لێپرسراوانی لەشکری بزووتنەوەی موسوڵمانانی کورد بوو.

٤– بۆمبابارانی ئاسایی، رۆکێت و ناپاڵمی ناکیمیایی.

# تاپۆ و بوومەلێڵ *

سوارەی ئیلخانیزادە

پیاوێکی نێزیک بە سی ساڵەی نە کورت و نە درێژ بوو، سمێڵێکی خورمایی و دەم و لێوێکی جوانی بوو، رانک و چۆغەیەکی کۆن بەلاّم خاوێن، ئەندامی رێکی دائەپۆشی، سێ چوار گەز پشتێنی پەشمینەی گوڵ ورد نێوقەدی باریکی ئەبردە رێکی کەلەکەی، جامانەیەکی رەش و سپیی لەسەر ئەبەست و لکێکی بەرئەداوە سەر کەوای مرادخانی. هەتا دییووم هەر بەو بەرگانەوە دییووم بەلاّم هەمیشە لام وابوو هەر ئێستە گۆڕیویەتی، خەڵک ئەیانگوت نەدوێنە، بەلاّم ئەو رۆژە کە من چاوم پێی کەوت زۆر گەرم و گوڕ چاک و خۆشیی لەگەڵ کردم. زۆر ئادەمیزادی وا هەیە کە بە رواڵەت خۆ بە زل زان و خۆ لەلا زۆر دێتە بەرچاو، بەلاّم کاتێ لەگەڵی دووای پەشیمان ئەبیتەوە کە بۆچ لە هەوەڵەوە وات گومان بردووە؟ ناوی، کەم کەس ئەیزانی، راستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی ئاوایی‌یەکە لەو پەردەی رازە کە ئەو بەسەر خۆیا کێشابووی، ئەترسان، هەموو کەس باسی ئەکرد، بەلاّم هەمیشە وەک باسی شتێکی نهێنی بکەن بە چپە ئەدوان، هەموو شتێکی شاراوەی نەناسراو لەگەڵ ئەوەشا کە پیاو ئەکێشێ و کەڵکەڵەی هان ئەدا ئەشیترسێنێ، چەشنی شەوێک کە لەبەرچاوی منداڵ پڕە لە جنۆکە و خێو.

ئەو رۆژە کە من قسەم لەگەڵیا کرد لە پەنا سێبەری مزگەوتا دانیشتبوو، بەربەیانێکی کەمێک ساردی پاییز بوو، بارانی دوێشەو گەڵای زەردی ریزەچنارەکەی نێزیک مزگەوتی وەراندبوو، بایەکی نەرمی ئاماڵ سارد گەڵای زەردی خەزەڵوەری ئەلەراندەوە بەلاّم نەیئەتوانی لە زەوی بەرزیان کاتەوە، چونکە بارانی دوێشەو تەڕی کردبوون و مەلاّسی زەوی ببوون. گەلاّکان خشە و خشپەیان نەدەهات بەلاّم بە فووی ساردی دەمی با نیوە نووزەیەکی بە عاستەمیان لێ هەڵدەستا، وەک ئەوە ئەچوو تۆ لە دووری دێوە لە سێ باری شەوا گوێت لە دەنگی بە ئەسپایی ئاوایی خەواڵوو گرتبێ و ناڵەی نێوان دار و پچرپچڕی کچێکی تازەساڵت بێتە گوێ کە خەونێکی ناخۆش ئازاری ئەدا.

سلاّوم کرد و بێ ئەوە چاەڕوانی وەلاّم بم لەسەر تاتەبەردی پەنایا دانیشتم و گوتم: کتوپڕ ساردی کرد، سەری هەڵێنا و گەشەیەک کەوتە سەر چاوی، گەشەیەکی تیژتێپەڕ و بێ باوەڕ، وەک ئەستێرەیەک کە راخوشێ و بکوژێتەوە، وادیار بوو هەستی کردووە کە لەم ئاوایی‌یەدا زۆر خۆشەویست نییە و بەلایەوە سەیر بوو کە من وا بێترس لە پەنایا دانیشتووم، گوتی هەمیشە هەر وابووە، هێرشی کوت و پڕ، بێ ئەوەی ئاگامان لە دەرد و مەرگی خۆمان هەبێ تاوێری زەمان بەسەرمانا دێ و ئەمانهاڕێ.

سەیرم کرد دەسرە دەستەکەی لەناو دەستی بەهێزیا وەها ئەگوشێ لەوانەیە دەسرەکە بدڕێ، ئەتگوت ئەیەوێ هەموو رقی خۆی بکا بە هێز و بیدا بە پەنجەی دەستی و بیرێژێتە ناو دەسرەکەیەوە، نیگای وەک بازی برسی هەڵفڕی بۆ دوورەدەستێکی گوم و نادیار، رەنگێکی خۆڵەمێشی گلێنەی چاوی داگرت، ئەتگوت ساڵەهایە ئەو گلێنانە بوون بە دوو شووشەی گردی بێ بزووتنەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی دە ساڵ. خەم کووڕی کردبوو، دەستی بە پشتێنەوە گرت و کەمێک خۆی راست کردەوە. دەردێکی گەورەیە بەلاّم دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و هەزار دەریا خەم ئەبا، گوتم: باسی خەم ئەکەی، لات وا نییە ئەگەر بیدرکێنی خەمەکەت لەسەر سووک بێ؟ گوتی: نەزیلەی ئەسکەندەر و شاخیەتی. گوتم نەمبیستووە. گوتی: ئەڵێن ئەسکەندەر شاخی هەبوو، هەر سەرتاشێک سەری ئەتاشی بەم رازەی ئەزانی، بەلاّم هەموویان بە دەستووری ئەسکەندەر ئەکوژران، تا یەکێک لەو سەرتاشانە کە خزمی سەربڕی ئەسکەندەر بوو بەرەڵلاّ کرا، سەرتاش بە نهێنی ئەژیا و نەشیئەتوانی رازی ئەسکەندەر بدرکێنێ، تا تووشی نەخۆشی هات، حەکیمان پێیان گوت تۆ رازێکت هەیە و لە دڵتا بۆتە گرێ، ئەگر رازەکە دەرخەی، رزگار ئەبی، سەرتاش ناچار چووە قامیشەلاّنێکەوە و لەوێ چەند جار لە ژێر لێوەوە گوتی: ئەسکەندەر شاخی هەیە، با ئەم دەنگەی کرد بە گەرووی زەل و قامیشەکانا، هەر کات با ئەهات یا هەر زەلێکی ئەو قامیشەلاّنە ئەکرا بە بلوێر و بلوێرژەن فووی پیا ئەکرد، ئەم دەنگە لە گەرووی قامیشەکان هەڵدەستا: ئەسکەندەر شاخی هەیە.

بێدەنگ بوو، دیسان چاوی بڕییەوە کەلی ئەوپەڕی ئاوایی‌یەکە، رۆژ تەواو گەرمی کردبوو و هەڵمی زەویی تەڕ وەک دووکەڵی نێرگەلەی پیرەپیاوێکی دێهاتی بەرەو هەوا هەڵئەچوو. گوتم کابرای سەرتاش چیی بەسەرهات؟ پاش درکاندنی رازەکە نەخۆشییەکەی لەکۆڵ بۆوە؟ گوتی دەزانم ئەڵێی چی، ئەسکەندەر شاخی هەبێ یا نەیبێ گرنگ نییە، گرنگ ئەمەیە گوێی نەبێ! سەرم سوڕ مابوو. نەمدەزانی ئەڵێ چی و لەپڕ هەستم کرد منیش وەک هەموو خەڵکی ئاوایی‌یەکە لێی ئەترسم، ئەم کابرا گەنجە بەم ئەندامە رێک و جوانەوە چی وەهای لە لەش و گیانا هەبوو کە بۆ لێترسان بشێ؟

دیسانەوە دەنگی خەمبار و پیاوانەی کە زۆر لە تەمەنی پیرتر دیاری ئەدا هاتەوە بەرگوێم،بەڵێ ئەکرێ ئەسکەندەر شاخی هەبێ، بەلاّم ئەگەر گوێی لە حاند ناڵەی دەردەداران کەڕ و نەبیست بێ...، قسەکەی تەواو نەکرد، دەستی بە ئەژنۆیەوە گرت و هەستا، چاوی لە چاوم بڕی، وەک ئەمە بییەوێ سپاسم بکا کە بۆ ماوەیەک لە تەنیایی دەرمهێناوە، بەلاّم بە زار هیچی نەگوت، سەری بەرداوە و رێگای گرتە بەر. لە پشتەوە لە پیاوێکی زورهانی لە کارکەوتوو ئەچوو، ئەتگوت سەری بە زۆر بۆ رائەگیرێ کە شۆڕ نەبێتەوە سەر سینەی، بێ ئەوە بزانم مەبەستی چ بوو، لەبەر خۆمەوە گوتم: دە ساڵ، دە ساڵ خەم و دەرد، دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و دەریایەک خەم با.

* (تاپۆ و بوومەلێڵ) نێوی بەرنامەیەک بووە کە «سوارە» کاتی خۆی لەسەر رادیۆ بەڕێوەبەری بووە. ئەو پەخشانەی کە لەبەر دەسخەتی نووسەر هەڵگیراوەتەوە، لە رێکەوتی (١٣٥١/٨/١٠)دا بۆ ئەو بەرنامەیە نووسراوە.

هەموو دروشمەکان داوای ئازادیی زۆرتر لە کرێملن دەکەن، بەڵام شکاتنامەکان لە کۆمارێکەوە بۆ کۆمارێک جیاوازن. ئازادیش هێندێ جار جیابوونەوە دەگەیەنێ و هێندێ جاریش نا.

# چەپکێ گازندە و بناشت لە دەرەوەی مۆسکۆڕا

کرغیزیا/ چنگیز ئایتماتۆڤ: چیرۆکنووس

یەکێتیی سۆڤییەت ئیمکانیاتی خۆی لەناو بردووە. ئێمە ناتوانین هەتا هەتایە لە باخچەی منداڵاندا بمێنینەوە؛ دەبێ ببینە فەدەراسیۆنی نەتەوەکان. ئێمە نابێ وا بیر بکەینەوە ئەگەر کۆمارەکەمان دەیەوێ جیاببێتەوە ئیدی ئەمە دەبێتە هۆی وێرانی - ئەوە ستیریۆتایپیکی کۆنی ئەمپراتۆریانەیە. ئەگەر یەکێک دڵداریی یەکلایەنە بکات ئازاری پێ دەگات، ئێمە دەبێ ئیتر دڵداریی دوولایەنە بکەین.

ناکرێ تۆبێنیت ئەوی ڕوودەدات کوێرانە کۆپیەی بکەیت، بۆ نموونە ئەوەی لە وڵاتانی باڵتیک دەکرێ. ئەوان ئەوروپایەکی دیموکراتیان لە پشتە و دەبنە گەوی وەیەک گەیاندنی ئەوروپا و ڕووسیا. کرغیزیا ئەو شانسە باشەی نییە. ئێمە چین دراوسێمانە. خۆشمان بێ و ترشمان بێ، کە بمانەوێ لەگەڵ شارستانێتیدا تێکەڵ بین، دەبێ لەگەڵ ڕووسیادا بین. بەڵام دەبێ کرغیزیاش حوکمەتی سەربەخۆی هەبێت. نێردراوی لە پایتەختەوە هاتوو قەبووڵ ناکرێ.

بێلۆڕووسیا/ ئۆلیگ چێرنیشێڤ: دیزاینەری شانۆ

بێلۆڕووسیا لە ڕووی پیشەسازییەوە بەهێزە، ئەمەش مەعنای ئەوەیە، ئەوەی ئێمە پێشکەشی مۆسکۆی دەکەین زۆر زیاترە لەوەی لەوی وەردەگرین. بێلۆڕووسەکان لە خەڵکی هەموو کۆمارەکانی دیکە سەختتر کاردەکەن. بەرەی نیشتمانیمان سەربەخۆیی دەوێ، بەڵام من زۆر دڵنیا نیم. هەموو کۆمارەکان دەتوانن کۆمەکی یەکتر بکەن. ئێمە کشتوکاڵی چاکمان هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر جیاببینەوە، بۆ ئێمە باشە. بەڵام ئەو کۆمارانەی زەویی دەوڵەمەندیان نییە ناتوانن بە تەنها بژین.

تورکمەنستان/ مارال ئامانۆڤا: بیۆلۆژیست (زیندەوەرناس)

ئێمە لە کۆماری خۆماندا باسی جیابوونەوە ناکەین و، ناکۆکیی ئەتنیمان نییە. نەگبەتیی ئێمە لەوەدایە مۆسکۆ ناچاری کردین هەرچی زۆرتر و زووتر لۆکە بچێنین. تەنانەت بواری ئەوەمان نەبووە مەڕومالآت و ئاژەڵ بەخێوبکەین. جا ئایا کۆمارێک کە تەنیا نەوت و گاز و لۆکە بەرهەمەکەی بێت، دەتوانێ بە ڕاستی خۆی بژێنێ؟ من لەگەڵ ئەوەدام کۆمارەکەمان زیاتر سەربەخۆ بێ، بەڵام لە چوارچێوەی یەکێتییەکدا. دەتوانین بەم جۆرە لەگەڵ کۆمارەکانی دیکەدا ڕێک بکەوین: ئێوە لۆکەمان بدەنێ ئێمەش گۆشت دەدەینە ئێوە. کەوانەبێ، ئەگەر ئابووریی بازاڕی ئازادمان هەبێت و هەر کۆمارێک بتوانێ شتی خۆی بفرۆشێتە دەرەوە یا بیفرۆشێتە کۆمارێکی دیکە، ئێمە بەشی خۆمان گۆشتمان دەست ناکەوێت.

کازاخستان/ ئەرکین ئوێلبەکۆڤ: کارمەندی پارتی کۆمونیست

لە کازاخستان گەلێ ئازمایشی چەکی ئەتۆمی بەڕێوە براوە، بەڵام هەرگیز کەسێ پرسێکی بەگەل نەکردووە. ئەوجا ئێستا ناکۆکی لە نێوان کۆمارەکە و پێتەختدا هەیە. هەروا کارەساتی زەریای ئارال-یش لە ئارادایە، کە خەریکە دەمرێ (وشک دەکا). نرخی خوری، خەڵووز، مەعدەن و دانەوێڵەی کۆمارەکەمان لەلایەن پێتەختەوە بڕیار دەدرێ و دیارە کۆمار زیانی وێ دەکەوێ.



دەبێ کازاخستان خۆی بڕیاری مەسەلەکانی فەرهەنگ و ئابووریی خۆی بدات، ئەوانەی لێ دەرچێ کە بە ئارەزووی خۆی دەیداتە دەست پێتەخت، وەک بەرگریکردنی سنوور یا هێڵی شەمەنەفەر.

ڕووسیا/ مەحموود ئیسامباییڤ: سەماکاری بالێت

من چیچێنیم و لە کۆماری ئۆتۆنۆمیداری چیچێن-ئینگوش لە ڕووسیا دەژیم. بەڵام ڕووسی لە چیچێنی باشتر دەزانم. زمانەکەمان ئاڵۆزکاوە و تەنیا ٨٠٠,٠٠٠ کەس دەتوانن قسەی پێ بکەن. ئێمە ناکرێ بە تەنیا بژین. ئێمە نەتەوەیەکی بچووکین، بیر لەوەناکەینەوە بزانین خوانەکەمان خۆراکی بەسەرەوەیە. ڕووسیا هەمووی دەکات، ئەگەر کەسانی دیکە ئۆتۆنۆمییان دەوێ دەبێ بیاندرێتێ، کەس بەمە سخڵەت نابێ. بەڵام ئەگەر ئێمە جیاببینەوە کێ پێویستی پێمانە؟ ئێمە پیشەسازیی نەوتمان هەیە، بەڵام ئەگەر خۆمان هەموو کارەکە بکەین، ناتوانین نەوت لە زەوی دەربهێنین.

ئێستۆنیا/ ئیگۆر گریازین: پارێزەر

سەروەرێتی لە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤێتدا خەیاڵە. ئێستاش، هەروەک جاران، مۆسکۆ نێوەندی دەسەڵاندارە، بەتایبەتی لە مەیدانی ئابووریدا. مۆسکۆ ئەو شێوە ژیانە ئابووریانەی ئێستۆنییەکان بە باشی دەزانن، قەبووڵ ناکات: خاوەنێتی تایبەتی و کشتوکاڵ لەسەر بناخەی هەرەوەزی، گەشەپێدانی پیشەسازی ڕووناکی (کارەبا) و بەرهەمی خواردەمەنی، لەگەڵ کەمترین قورسەپیشەسازیدا.

تازە لە جیابوونەوە وازهێنان نییە. هەموو بڕیارەکانی مۆسکۆ سەبارەت بە دیموکراسی درەنگ دران. پێش دووساڵ من پشتگریی کۆنفیدراسیۆنم دەکرد، پێیان دەگوتم تۆ ناسیۆنالیستی (نەتەوەپەرست). ئەمڕۆ، باوەڕەکەی من کۆن بووە. ئەمە گەوجێتییە- ئێستۆنییەکان دەڵێن تالان دەکرێن، ڕووس و ئۆزبەک دەڵێن تالان دەکرێن. کەس نایباتەوە. بەڵام میکانیزمی دەسەڵاتی سۆڤیەت ئەوەیە کە هەموومان بەرهەم دەهێنین و دەیدەین بە مۆسکۆ و مۆسکۆیش سەرلەنوێ دابەشی دەکاتەوە و هەموانیش زیان دەکەن.

ئەرمەنستان/ لیودمیلا ئاروتیونیان: سۆسیۆلۆگ (کۆمەڵناس)

وڵاتی ئێمە لەسەر بناخەی چەند تابوویەک دامەزرا و یەک لەوانەش ئەوەبوو کە نابێ یەکێتی بەجێ بهێڵێ. ئەرمەنستان لەسەر سنووری تورکیایە، کە دوژمنی مێژوویی ئێمەن. ئەوە وای لێکردووین ناتوانین بیر لە جیابوونەوە بکەینەوە. لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا باوەڕکردنمان بە مۆسکۆ لە قەیراندا بووە، چونکە ئازەربایجانییەکان بەردەوام هەراسانمان دەکەن. کە هاوار و دادمان دەبردە بەر پێتەخت، وەڵام سەرنجی فۆرماڵ، داوای ئارام گرتن و ئاوەز بەکارهێنان بوو. دەبوو بیانگوتبا: «با سازانێک لە نێوان ئەرمەنییەکان، ئازەربایجانییەکان و فەدراسیۆنەکەدا بێنینە کایەوە». ئەگەر یەکێتی (ی سۆڤیەت) بەرگری لە خەڵکی ناگۆرنۆ-کەرەباخ (ناوچەیەکی ئەرمەن نشینە لەناو ئازەربایجاندا)نەکات بەرانبەر توند و تیژی، ئەودەم ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات:

ئایا ئێمە دەتوانین بەشێکی یەکێتی سۆڤیەت بین؟ دەبێ پێتەخت ئەو ئەرکانەی خۆی، کە وای لێ دەکات شایانی ئەوەبێت لەگەڵی بمێنینەوە، جێبەجێ بکات.

ئازەربایجان/ وەلی مامەدۆڤ: لێپرسراوی ناوچەیی پارتی کۆمونیست

لە یەکێتی سۆڤیەت چوونەدەرەوە پێویست نییە. بەڵام دەبێ ئێمە لە کاروباری ئابووری، فەرهەنگی و سیاسیدا سەربەخۆ بین. ئازەربایجان دەتوانێ خۆی بژێنێ، بەڵام هێشتا حەوت بیلیۆن ڕۆبڵ قەرزداری پێتەختە. ئەم گرێدرانە خوویەکی خراپە. دەبێ هەر ناوچەیەک خۆی بەرپرسیاری خۆی بێ و پێوەندییەکی لەسەر ڕێککەوتوو لەگەڵ مۆسکۆدا گەشە پێ بدات. ئێستا کاتی ئەوەیە پیشانی بدەین کە ئێمە کۆمارێکی سەربەخۆین و پاشان منداڵەکانمان بڕیار دەدەن هەمو بەجارێ یەکێتی (ی سۆڤیەت) بەجێ بهێڵن یا نەهێڵن.

گورجستان (جۆرجیا)/ تاراس شامبا: پرۆفیسۆری قانوون

ئێمە ١٥ کۆمارمان هەیە، بەڵام کۆماری ئۆتۆنۆمیداری چکۆلەشمان هەن. یەکسانی بۆ ئەم گەلانە هێشتاش نییە، دەبێ ئێمە گەلان هەموویان بکەینە

یەکسان. من خەڵکی ئەبخازیام، کە کۆماریکی ئۆتۆنۆمیداری ناو گورجستانە. ساڵی ١٩١٨ لە ماوەی ٤٢ رۆژدا ئێمە دەوڵەتیکی سەربەخۆ بووین. پاشان گورجستان حکومەتی ئەبخازی رووخاند و داگیری کردین. ئەمڕۆ، ئێمە دەمانەوێ ریکەوتنیک لەسەر بناخەی یەکسانی لەگەڵ گورجستان و لەگەڵ رووسیادا پیک بینین و کۆماری بچکۆلەی خۆمان درووست بکەین. ئێمە ئەمەمان بۆیە دەوێ تا زمانی خۆمان، فەرهەنگی خۆمان و میژووی خۆمان بپاریزین، بۆ ئەوەی گەلەکەمان لەناونەچیت.

ئوزبەکستان. تولەپبیرگەن کاپپیرگەنۆڤ: نووسەر

ئەم یەکیتییە وەک بووکڵەی ماتریۆشکا وایە. بووکڵەیەکی ماتریۆشکا دەکەیتەوە یەکیکی دیکەی تیدایە، هەمووشیان هەر لەیەک دەچن، تەنیا ئەوەیە بچووکتر و بچووکتر دەبنەوە. ئێمە ١٥ کۆماری یەکیتیمان هەیە، بەڵام لەناو ئەو کۆمارانەدا ٢٠ کۆماری ئۆتۆنۆمیدار، هەشت هەریمی ئۆتۆنۆمیدار و ١٠ ناوچەی ئۆتۆنۆمیدارمان هەیە. بەڕاستی ئێمە پیویستمان بەوەیە ٥٣ کۆماری سەربەخۆمان هەبیت، هەریەکەش هیڵی راستەوخۆی پیوەندی لەگەڵ پیتەخت هەبێ. لە وڵاتانی یەکگرتووی ئەمریکا ٥٠ دەوڵەت هەن. ئێمەش هەر ئەوەمان پیویستە.

لاتڤیا/ ئیلمارس بیسەرس: پاریزەر

هیچ شتیک لەلایەن کۆمیتەی نیوەندیی پارتی کۆمونیستەوە نەکراوە بۆ ئەوەی مەعنایەکی تازە ببەخشیتە فەدەراسیۆن. تەنیا ئەو پیشنیازانەی کە نیوەندیتی ریک دەخەن هینراونەتە ئاراوە. لە ماوەی سەرۆکایەتییەکی تازەدا مافی کۆمارەکان فراوانتر ناکرێ، بەڵکو سنووری بۆ دادەنرێ. هیچ مافێ نادرێ بە کۆمارەکان و، گۆشەنیگای جیاواز وەرناگیرین. جاریکی دیکەش لەسەر قانوونی خاوەنیتی و خاک شەڕمانە. جووتیارەکانمان باوەڕ بە هیچ قانوونیک ناکەن تا نەبنە خاوەنی سامانی تایبەتی خۆیان.

بەڵام ئێمە لە رووی ئابوورییەوە ئامادەی ئەوە نین جیاببینەوە. دەمانەوێ پیوەندیمان لەگەڵ یەکیتی سۆڤیەتدا بمینێ، بەشیکی لەبەرئەوەی پیویستمان بە کەرەستەی خاو و وزە (ئەنەرژی) هەیە. بەڵام دەشمانەوێ لە کونفیدراسیۆنیکی نوێی ئەورووپاوە نیزیکتر بین.

تاجیکستان/ بیخودژالە رەحیمۆڤا: ئەندازیاری میکانیک

کۆماری ئێمە ساڵی ١٩٢٤ دامەزرا و لە ماوەی ئەم هەموو ساڵەدا هیچمان نەبووە. ئێمە کۆمەڵگەیەکی دوورەدەستی تزاری (قەیسەری) بووین. تاجیکستان بەشیک بووە لە ریگەی گەورەی هەوریشم و ئەو بازرگانییە کاری کردۆتە سەر بەشی سەرووی وڵاتەکەمان کە گوزەرانیان باشترە. بەڵام ئەمڕۆ بێ یەکیتی سۆڤیەت پیش ناکەوین. کە لەگەڵ وڵاتی باڵتیکدا بەراورد بکرین، ئێمە مانگایەکی شیردارین، چونکە کەرەستەی خاومان هەیە. گەر بمانەوێ کاریکی گەورە بکەین تفاقمان پیویستە، دەی کە جیاببینەوە تفاق لەکوێ بینین؟ □

## پیشانگەی نیگاری منداڵانی کورد / ستۆکهۆلم

گۆڤاری منداڵان و لاوانی کورد، کۆچەر پیشانگایەکی نیگاری منداڵانی کوردی دانیشتووی سوید و کوردستان، لە ستۆکهۆلم لە رۆژانی ٦-٧ی ئەپریلی ١٩٩٠دا ریکخست. سەدان نیگاری جوان و رەنگینی دەستکردی ئەو منداڵانە پیشان دراون کە بە روونی نەهامەتی و کلۆڵیی گەلی کوردیان دەردەخست. تابلۆ و نیگارەکانی هونەرکاری هەڵکەوتوو (شینوار بناڤی) کە تەمەنی ١١ ساڵە و لە کامپی (ماردین) لە تورکیا دەژی، هۆڵی پیشانگاکەیان رازاندبووەوە.

لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامی پیشبڕکیکە لە گۆڤاری کۆچەردا بڵاودەکریتەوە. □



جەلال مەلەکشا

## تاسە

پێشکەشە بە عەبدوڵڵا پەشێو

خۆشەویستم
زۆر لە میژە تاسەی دووریت
وەک دڵۆپێ فرمیسک لە ناو
گلینەی چاوما قەتیس ماوە
هەوری ئازار
بەسەر ناوچەی تینووی دڵما
قژی رەشی خەم و زووخاوی ئاڵاوە
خۆشەویستم تاسەی دووریت
بوو بە تفەنگ
دەستی لە مل چیا کرد و نەهاتەوە
تاسەی دووریت بوو بە خەیاڵ
رۆیی، دەرگای سنوورەکان بکاتەوە
تاسەی دووریت بوو بە حەللاج
سیدارەی کرد
بە جیژوانی دڵداری و ماچ
خۆشەویستم زۆر لە میژە
لە نیوانی من و تۆدا
دەریای ئاگر شەپۆل ئەدا
سنوور وەک سەگ ئەلوورینێ
قەپ بە پاژنەی قاچا ئەکا
هەنگاو بە هەنگاو تیمانە
بەڵام من ئەو ئەویندارەم
لەناو خوینا ئەژیمەوە
شەقڵی سنووریان ئەشکینم
بە حەیران و سیاچەمانە!
خۆشەویستم، باسی دڵداریی من و تۆ
دنیای گرت و هیشتا ئێمە لەیەک دوورین
باسی دڵداریی من و تۆ
چاوی میژووی کردە کانیی فرمیسک و خوین
هیشتا ئێمە
سەدە و ساڵ و مانگ ئەژمیرین
تۆ ریکەوە
من هەوڵ ئەدەم، با بە یەکتر بگەینەوە
تۆ بانگم کە: من پڕ بەدەم هاوار ئەکەم
وەڵام یەکتر بدەینەوە،
قەف قەف زنجیر سنوورەکان بپچڕین و
ئەو هیلانە شیواوەمان
بە چنگ، بە نینۆک هەمیسان
بکەینەوە بە کوردستان

١٣٦٠/٥/١٤

## دوا هۆنراوە

دواهۆنراوەم ئاخۆ چی بێ
هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و شیعرم
تۆ چیت ئەوێ
من ئاسمانم، تۆ ئەستیرە
ئەی ئەم پەڵە هەورە چییە
چاوی ئەوین داگیر ئەکات،
بۆ کوێ ئەچی،
ئەم ئەسپە سەرهەڵگرتووە
تۆ بۆ ئاسمان کام دڵ ئەبات
دوا هۆنراوەم
فرمیسکیکە و ...
بەسەر گلکۆی تاسەکانما دائەبارێ
لەغاو ئەسپە لاسارەکەت وەرگیڕەوە و
لە پیپلکەی خەیاڵەوە بۆ ناو دڵم وەرە خوارێ
هۆ کیژۆڵە قژ سەوزەکەی دارستانی هەست و دڵم
دوا هۆنراوەم
تفەنگیکە و ...
لە سەنگەریکی رووخاوا
بیناز ماوە.
دوا هۆنراوەم
شەهیدیکە و پرچی خوینی
بەسەر لووتکە بەرزەکانی وڵاتیکی سەربڕاوا
تیک ئاڵاوە
تۆ وڵاتی دزراویت و من شاعیری بێ وڵاتم
یاخی مەبە و مەمدۆڕینە
من ئاڵاتم!
دوا هۆنراوەم
ئا لەم شەوە بێ ئەستیرە و کش و ماتە
شیعریک تووڕە و دژی هەور و هەڵم و مژە
دوا هۆنراوەم
بەیاننامەی شاعیریکی شیتی شاری ئەوین کوژە

٦٦/٢/٤

کریس کۆچێرا، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی فرانسی، چەندین ڕیپۆرتاژی سیاسیی لەسەر وڵاتانی جیهان نووسیوە. وتارەکانی لە ڕۆژنامە فرانسییەکانی وەک لەمۆند، ئێکسپرێس، ژون ئافریک .....هتد، بڵاوکراوەتەوە. کۆچێرا چەند جارێک چۆتە کوردستان و چاوی بە گەلێ کەس کەوتووە و تەنانەت لەگەڵ بارزانیشدا کۆبووەتەوە. کتێبێکیشی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نووسیوە La mouvement national kurde. لەم چاوپێکەوتنەدا کۆچێرا، لەم بابەتانەی خوارەوە دەدوێ:

– بۆچی جیهانی ڕۆژاوا گوێ ناداتە دۆزی کورد؟
– دووبەرەکی و پەرت و بڵاویی کورد لە کوردستان و لە هەندەران.
– لەو ڕۆژهەڵاتە نێزیکەی پڕ ناکۆکییە، چ دواڕۆژێکی سیاسی چاوەڕوانی کوردستان دەکات؟

# کورد نازانن سوود لە مێژوو وەربگرن

* سەرەتای خۆخەریککردنت بە دۆزی کوردەوە چۆن بوو؟

ڕێکەوت بوو.ساڵی ١٩٧١، وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی داوایان لێکردم سەردانێکی عێراق بکەم. لەوێ سەرکردەکانی (بەعس)م دی. گەلێ سارد و سڕ بوون، کۆمەڵێ وتاری سیاسیی دوور و درێژ و هیچ و پووچیان بۆ خوێندینەوە. پاشان وەزارەتی ڕاگەیاندن پێشنیازی کرد سەردانێکی باکووری وڵات بکەین و چاومان بە (ژەنەراڵ بارزانی) بکەوێت. لەوێ مرۆڤی خوێنگەرم و بەسۆز و خاوەن هەستم دی. بە دوور و درێژی لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی دووام.

هەر ئەو کاتەش، بۆ یەکەمجار، چاوم بە عەبدولڕەحمان قاسملو کەوت کە بە زیرەکی و ناسکیی خۆی سەرسامی کردم. ئەو جڤینە وای لێ کردم، بێ ئەوەی بمەوێ، ببمە دۆستی کورد.

* ئایا دەتوانین بڵێین سەردەمی سەرکردایەتیی (مستەفا بارزانی) «سەردەمێکی زێڕین» بوو لە تەمەنی بزووتنەوەی کوردایەتیدا؟

نە، چونکە ئەو زاراوەیە بۆ سەردەمێک بەکار دێ کە بەسەرهاتە ئاساییەکانی لەبیر کرابێ و تەنێ ڕووداوە مەزن و شەرەفمەندانەکانی مابێ. سەردەمی (ژەنەراڵ بارزانی) نێزیکترە لەوەی بتوانین نێوی بنێین (سەردەمی زێڕین). ئەو زاراوەیە، لەوانەیە بۆ سەردەمی میرنشینی بتلیس، یان بەدرخان دەست بدات. بێگومان (ژەنەراڵ بارزانی) لەم پەنجا ساڵەی دواییدا باڵی کێشابوو بەسەر بزووتنەوەی کوردیدا. من دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت کە چەند جارێک لەگەڵیدا بدوێم. بەداخەوە زمانێکی هاوبەشمان نەبوو، ناچار لەڕێی وەرگێڕەوە لەگەڵ یەک دەدواین، ئەمەش کۆسپێک بوو لە نێوانماندا.

لە کتێبەکەمدا، لەو پرسیارانە دەدوێم کە دێتە ڕێی ئەو کەسەی دەیەوێ لە خەباتی بارزانی بگات. پرسیاری هەرە گرنگ ئەمەیە: بۆچی بارزانی ساڵی ١٩٧٥، شەڕی ڕاگرت؟ من تاوەکو ئێستا وەرامی ئەم پرسیارەم نەدۆزیوەتەوە.

* دواڕۆژی بزووتنەوەی کورد چۆن دەبینی؟

نەگبەتیی بزووتنەوەی کورد لەوەدایە، ئەو سنوورانەی پەسەند کردووە کە زلهێزەکان کێشاویانە. بزووتنەوەی کوردی ئەمڕۆ، یەک بزووتنەوە نییە، بەڵکو چەند دانەیەکە. ئەو یەکێتییەی نێوان سەرکردەکانی هیوا و کۆمەڵەی لێ دەرچێ، هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانی دی، ڕێیان بە تورکیا و ئێران و عێراق داوە، بەگژ یەکیاندا بکەن. جێی دڵخۆشییە کە چەند ساڵێکە، هەوڵ دەدرێ هاوکارییەک لە نێوان ڕێکخراوە کوردییەکاندا بێتە کایەوە. بزووتنەوەی کوردی هیچ دواڕۆژێکی ڕوونی نییە ئەگەر پارتە کوردییەکان لەسەر هەندێ داواکاری و پلانی کارکردن ڕێک نەکەون.

ئۆتۆنۆمی ڕێیەکی بەرەو پاشەوەیە. شۆڕشی ئێران و شەڕی نێوان ئێران و عێراق دوو ڕووداوی مێژوویی بوون، کوردەکان نەیانزانی چۆن سوودی لێ وەرگرن!

* دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیت پێ چۆنە؟ ئایا بارودۆخی جیۆ-سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێ بە دروستبوونی دەوڵەتێکی ئاوها دەدات؟

– شەڕی کەنداوی فارس، ناکۆکیی نێوان ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان هەلێکی باشی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ڕەخساندووە. ئەمە هەلێکی نایابە بۆ گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لەوە ناچێ بە دەیان ساڵی دی دووبارە ببێتەوە. من نامەوێ بڵێم زلهێزەکان و وڵاتەکانی نێوچەکە دروستبوونی



دەوڵەتێکی کوردییان لا باش دەبێ، بەڵام ئەو ناکۆکییانە کارێکی وەها دەکەن مرۆڤ بیرێک لە نەخشەی سیاسیی نێوچەکە بکاتەوە. ئەمەش دەبێ وا لە کوردەکان بکات هەموو هێز و توانای خۆیان بکەن بە یەک.

* بۆچی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا، گەلێ جار کورد وەک «چەتە» پیشان دەدات نەک وەک گەلێکی چەند ملیۆن کەسی؟

ڕاستە، جاران کورد وەک «چەتە» دەخرایە پێش چاو، بەڵام ئێستە وا نییە. ئێستە وەک کەمایەتییەکی بەستەزمان سەیر دەکرێ کە خەباتێکی دژوار و بێ هیوا دەکات.

* بە چ شێوەیەک دەبێ کورد دۆزی خۆی بۆ ڕای گشتیی جیهانی ڕوون بکاتەوە؟

– کوردەکان، لە بواری پروپاگەندەدا دەبێ هەوڵێکی ڕاستی بدەن و هەموو هێزی خۆیان بخەنە کار. پارتیزانەکانی ڕەجەوی، زۆر زیرەکانە، توانییان پێوەندی لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندندا پتەو بکەن. هەڵبەتە گیروگرفتی هۆشیاری و ئابووریی گەورە هەیە لەنێو کوردەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا باشترین پروپاگەندە ئەوەیە شتێک لە نێو کوردستان خۆیدا بکرێت.

*بزووتنەوەی کوردی هیچ دواڕۆژێکی ڕوونی نییە ئەگەر پارتە کوردییەکان لەسەر هەندێ داواکاری و پلانی کارکردن ڕێک نەکەون. ئۆتۆنۆمی ڕێیەکی بەرەو پاشەوەیە. شۆڕشی ئێران و شەڕی نێوان ئێران و عێراق دوو ڕووداوی مێژوویی بوون، کوردەکان نەیانزانی چۆن سوودی لێ وەرگرن!*

* تۆ بڵێی ئەگەر بێت و شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی بێت، کورد بکەوێتە ژێر شاڵاوی ئەنجامە خراپەکانی شەڕ؟

– ئەرێ، ئەگەر کورد نەتوانێ سوود لەم دۆخەی ئێستا ببینێ، هەتا هەتایە دۆڕاو دەبێ.

* سیاسەتمەدارانی ئەورووپا، دووبەرەکی و شەڕی براکوژیی نێو کوردانیان دەکردە بیانووی گوێنەدانیان بە دۆزی کورد. کەچی ئەوەتا کە کورد یەکیش دەگرێ، بۆ نموونە لە عێراق، ئەو سیاسەتمەدارانە هەر هەمان هەڵوێستیان هەیە. دەبێ ئەم هەڵوێستەیان هۆی دیکەی هەبێ؟

– مرۆڤ ناتوانێ هیوایەکی زۆر بەو یەکگرتن و تەباییە ببەستێ کە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا هەیە؛ ئەو یەکگرتنە ساوایە و ناسکە. بەڵام ئەگەر بەردەوام بێ و ببێتە هۆی پێشکەوتنێکی باش – کە هەر دەبێ واش بێ – ئەوا ئەو سیاسەتمەدارانەش ناچار دەبن بە چاوێکی دی سەیری ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بکەن. بەڵام من پێم وانییە دووبەرەکیی کوردان هۆی سەرەکیی ئەو هەڵوێستەی سیاسەتمەدارانی ڕۆژاوا بێ. کورد لای ئەوان، کەمایەتییەکی بێ هێزە، ناکۆکیی مەزن لە کەنداوی فارسی و فەلەستین و چادە. ئەمەیە هۆی سەرەکی، با ئەمجارەش دووپاتی کەمەوە، ئەگەر کورد تەکتیکی بگۆڕایە و وەک گەلێکی ٢٠–٢٥ ملیۆنی ببزوایە، ڕۆژی بەم ڕۆژە نەدەگەیی. بەڵام تاوەکو کورد وەک هۆکارێکی جیۆ-سیاسی سێ-چوار یان پێنج ملیۆنی، وێڕای ئەوەش ناکۆک، بێتە پێشەوە، ئەوا نرخێکی مێژوویی کەمی دەبێ. هۆیەکی دیکەی ئەو گوێنەدانە، لێکچوونی شتەکانە و دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان: کوردەکان ڕادەپەڕن، شەڕ دەکەن، ڕێکەوتنێک مۆر دەکەن، بە فرتوفێڵی دراوسێکان سەرلەنوێ تێهەڵدەچنەوە.

هۆیەکی دیکەی گرنگی ئەم خۆتێنەگەیاندنە، نەزانینە. سانسۆری ڕژێمە جیاوازەکان ڕێی لە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی کوردستان گرتووە، سیاسەتمەداران و خەڵکی بە گشتی لە ڕۆژاوا، نازانن چی لەوێ ڕوودەدات. هیچ شتێک لە بارەی شەڕی کوردستانی عێراقەوە نازانن، ئاگایان لە بارودۆخی کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا نییە. بەراوردی بکە لەگەڵ جەزائیردا: جەزائیرییەکان شەڕەکەیان لە ڕووی سەربازییەوە دۆڕاندبوو، بەڵام شەڕی پڕۆپاگەندەیان لە دەرەوەی وڵات بردبۆوە.

* هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد، بەلای تۆوە چۆنە؟

– هەڵوێستی کورتبین و خۆویستانەی ئەمریکاییەکان بەرامبەر دۆزی کورد، بەلامەوە سەیرە. لەوەدەچێ گیروگرفتی ئازادیی گەلان لای ئەوان هیچ نرخێکی نەبێ. ئەوان تەنێ ئەوەیان بەلاوە گرنگە کە کورد کۆمۆنیستخوازە یا نە، پێوەندییان بە گروپە تێرۆریستەکانەوە هەیە یان نە. ئێستاش لایان وایە کە بزووتنەوەی کورد لە ئێران کۆتایی هاتووە. بەرامبەر ئەوە زۆریان لا گرنگە بزانن هێزی بزووتنەوەی کورد لە عێراق چەندە و چۆنە. بەهیچ جۆرێکیش گوێ نادەنە کوردی تورکیا.

* ڕووناکبیرانی ئەورووپا، لە پەنجاکان و شێستەکاندا، هاوکارییەکی باشیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی جیهانی سێیەمدا، وەک ڤیێتنام، لاوس، جەزایر.....هتد دەکرد. ئەمڕۆ گوێدان بە بزووتنەوەی لەو جۆرە، وەک کورد و ئێریتریا زۆر کەمترە. هۆی ئەم کەمتەرخەمییە چییە؟

– ڕاستە، بزووتنەوەی ئازادیخوازی زۆر کەمتر لە جاران سەرنجی خەڵکی ڕۆژاوا ڕادەکێشێ. بەڵام ناکرێ ڤیێتنام یان جەزایر لەگەڵ کوردستان بەراورد بکرێ. نە لەشکری ئەمریکی و نە لەشکری فرانسی لە کوردستاندا شەڕ ناکەن. کوردستان نە کۆڵۆنیی فرانسایە و نە ئەمریکا پەلاماری داوە. ڕووداوەکانی کوردستان زۆر دوورە لە لاوانی ئەورووپاوە، چەوسێنەری کوردەکان ئێران و عێراق و تورکیایە و ئەمانە فریان بەسەر ڕۆژاواوە نییە.

ئێریتریاش دۆزێکی ناسکە، ئەوانیش بیست و پێنج ساڵە لە پێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن و جیهان تەواو گوێی لە ئاستیاندا کەڕە.

دەنگوباسی کوردستان لەوانەیە لە لافاوی دەنگوباسی دیکەدا ون ببێ. دەزگای راگەیاندن هەموو رۆژێک باسی کوشتار و گوللەباران لەم جێ و ئەشکەنجە لەو جێ دەکات، با راست برۆین: بۆچی دەبێ لاوێکی فرانسی یان بیست ساڵانێکی سوێدی خۆی بە نەگبەتیی کوردەوە خەریک بکات؟

* زۆربەی ئەو نوسینانەی ئەمرۆ لە رۆژاوا لەبابەت کوردەوە بلاودەکرێنەوە، دەنگوباسی رۆژانەیە، زۆر کەم لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی کوردەوە بلاودەکرێتەوە. بۆچی؟

– کەمیی لێکۆڵینەوە لە بابەت کوردەوە چەند هۆیەکی هەیە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە زانستکار بۆی نییە لە خودی نێوچەکەدا کار بکات. کۆمەڵناس (سۆسیۆلۆگ)ێک یان زمانەوانێک چۆن دەتوانێ شت بنووسێ، گەر بۆی نەبێ بۆ نموونە بچێتە

***با ئەمجارەش دووپاتی کەمەوە، ئەگەر کورد تەکتیکی بگۆڕایە و وەک گەلێکی ٢٠–٢٥ ملیۆنی ببزوایە، رۆژی بەم رۆژە نەدەگەیی.***

تورکیا، کە لەوێ شەڕیش نییە. لە ئێران و عێراقدا ئەوە هەر باسی مەکە. کێ بیستوویەتی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆگیی لە کوردستاندا کردبێ؟ ئەو چەند لێکۆڵینەوە کەمەی لەم ماوەی دواییەدا بلاوکراوەتەوە ئەنجامی سەردانی زۆر کورت بووە. دەبوایە بۆ زانستکارە کوردەکان ئەنجامدانی ئەم کارانە ئاسانتر بوایە، بەڵام ئەوانیش نەیانکردووە. ئەگەر کردبێتیشیان ئەوە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانێکی رۆژاوایی.

* بۆچی هێندێ دەزگای بلاوکردنەوە کوشتنی سەرەک وەزیرانی سوێد (ئۆلوف پاڵمە)یان کردە بیانوو بۆ پەلاماردانی کورد؟

من پێم وانییە دەزگای بلاوکردنەوە ئەو کارەی کردبێ، بەڵام راستە پۆلیسی سوێد لە ماوەیەکی تایبەتیدا تیۆرییەکی هەبوو – تیۆریی کوردان – و رۆژنامەکان بازرگانییەکی باشیان پێوەکرد. □

ئەم گفتوگۆیە یەکەم جار لە گۆڤاری SVENSK-KURDISK JOURNAL ی ژمارە ١١–١٢، پاییز و بەهاری ١٩٨٧–١٩٨٨ دا بلاوکرایەوە.

ئاسۆس کەمال

لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی



# پیـرەدار

## فەرهاد پیربال

وتی: «کاروانەکە شۆڕەسوارێکی لەپێش دەڕۆیی!؟»
وتم: «نازانم. عێلی ئێمە
هەمووی هەر سوار و شۆڕەسواری چاپووک و کۆک بوون»
پیرەدارە
سەر و پرچ و ریش سوتاوەکە
چاوی پڕ رۆندک داهات، وتی:
«کوڕم
دوێنێ ئێوارە
گابەستنەوان بوو
بایەکی تاریک و بۆگەنی دەهات
عێلێکی گەورەم
بینی بێرەدا
هات و تێپەڕی...
ئیتر نازانم
عێلی تۆ بوو
یا یەکێکی تر!»
وتم: «هیچ کچی چاو خەنەییت دیت
باری شیعر و سۆز و یادگاری
بەکۆڵدا دابێ؟»

وتی: «نازانم،
هەر یەکە و نەختێ
سروەو رەنگ و خۆڵ
مشتێ ئاوازیان
لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو
سەگ: غاریان دەدا و بۆنی ژەهریان لەخۆ دەتەراند
منداڵ: دەگریان:
ژن: بەدەم رێوە سەر و قژیان دەڕنیەوە
دەروێش: کەڵپۆسیان بە خۆدا دابوو
کچ: پەرێز و پرێمز و بێشکە و گوڵەکانیان هەڵگرتبوو
پیاویش: چفت و شینکەی راوی
خەنجەری رووزە
سێ تیرەی ژەنگاوی...»

وتم: «ئاخ! ئاخ!
بەرەو کوێ دەچوون؟!
بەرەو کوێ دەچوون؟!
وتی: «نازانم
لە چاوان کوێر بم
دەتگوت لە بەهەشت دەرکراون
هەر رۆڕۆ و شین و واوەیلایان بوو
بەناو ئەم دەشتە رەشبەڵەکەی بەفر و سووتماکدا
تێدەپەڕین
لە چاوان ون بوون...
نازانم: بەرەو کوێ ملیان دەنا!»
پیرەدارە
سەر و پرچ و ریش سووتاوەکە
هۆن هۆن لەگەڵم هەنسکی دەدا:
نازانم ... بەرەوکوێ ... ملیان دەنا
نازانم
بەرەو...
کوێ ...
ملیان...
دە...نا...

پاریس: ١٩٨٩/١٠

# بوختانەکانی کاک ئەمیر بێ وەڵام نامێنێتەوە

لە مێژە هەروا دووراو دوور دەڕوانمە ئەو هەراو بەزمەی کە کاک ئەمیری حەسەن پوور سازی کردووە و هەر جارێکیش گڕی ئاگری ئەو شەڕە کەم دەبێتەوە، کاک ئەمیر سەرلەنوێ هەمانەی بۆ دەخاتە کار و ئاگرەکەی دەدەمێنێ و دەیگەشێنێتەوە.

کە پێشتر دەمڕوانییە ژمارەکانی مامۆستای کورد و ئەم وەڵام و وەڵامدانەوەم دەخوێندنەوە، راستییەکەی ئەوەیە زۆرم لا گران و ناخۆش بوو. پێم خۆش نەبوو روناکبیرەکانمان ئاوا بەربنە گیانی یەکدی و نووکی قەڵەمەکانیان وەک سەرەنێزە روو لە یەکدی بن. پاش بەردەوام بوونی ئەو باس و دەمەتەقێیە و درێژەکێشانی، بۆم دەرکەوت، نەخێر، من بە هەڵەدا چووم، ئەوەم بۆ روون بووەوە کە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم باسانە و ئەم سەروگوێلاک کوتانە هەر هەن و هەر دەبن، ئیدی بۆچی دەبێ رێگەیان لێ بگرین و بە ئاشکرا قسە نەکەین، کە رەنگە بەشێکی زۆری شێوە توند و تیژەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەرگیز لەناو ئێمەی کورددا را دەربڕین و بە ئازادی قسەکردن نەبووەتە باو و هەمیشە، چ دوژمنان و چ خۆمان، خەڵکمان دەمکوت کردووە و نەمانهێشتووە خاوەن قسەیەک قسەکەی خۆی بکات.

ئێمەی کورد ئەگەر تاوەکو ئێستا هەرچی زیانمان تووش هاتووە، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە خۆمان لە راستی وێڵ کردووە و چاومان لێ پۆشیوە و بە دوایدا نەگەڕاوین و هەمیشە هەڵخەڵەتاوی دەستی درۆزن و فێڵ و تەڵەکە و تەقلەبازان بوین. ئەو جۆرە کەسانە تەنانەت لە وەڵام و وەڵامکاریی ئاواش سوود وەردەگرن و زۆر بێ ئابڕووانە درۆی زیاتر بڵاودەکەنەوە. لەم هەل و مەرجە ناسکەدا راستی و درووستی و پاکی بۆ ئێمە لە نان و ئاو پێویستترن و لە پێناوی دەرخستنی راستیدا نابێ لە هیچ زیانێک بترسین. کاتێ کاک ئەمیر روو دەکاتە رەحیمی قازی و پێی دەڵێ: «من بەش بە حاڵی خۆم ئەو بوختانە دەکەم و با مام رەحیم ئەو بوختانانە بە دەلیل و بەڵگەوە وە درۆی بخاتەوە»، ئەگەر یەکێک نەزانێت چ باسە، وای بۆ دەچێت کە کاک ئەمیر زۆر لە خۆی دڵنیایە و لە قسە و باسی بەڵگەدار زیاتر هەرگیز توخنی باسێکی دی ناکەوێت و هەر لەبەر ئەوەشە کاتێک هەراو بەزمێکی وا دەنێتەوە، ئەوانەی بیانەوێت لە رویدا راوەستن و بە درۆی بخەنەوە، دەبێ بەڵگە و دەلیل و مەدرەکیان هەبێت، ئەگینا ئەو بۆ خۆی حاڵ و حەوسەڵەی وەڵامدانەوەی قسەی پووچ و بێ بناغەی نییە.

من نە وەکیلی بارزانی نەمرم و نە موحامیی ئەوم. وابزانم مێژووی سەرتاسەری پڕ لە خەباتی بارزانیش پێویستی بە هیچ وەکیل و پارێزەرێک نییە. دەستی کاک ئەمیر دەرد نەکا بۆ ئەو نرخاندنەی کە بارزانیی نرخاندووە... بەو نووسینانەی رووی دوژمنێکی درۆزنی خوێنەخۆری وەکو فازیل بەڕاکی سەرۆکی پێشووی موخابەراتی رژێمی عێراق و راوێژکاری ئێستای جەللادەکەی بەغدای سپی کردووە. ئەو تۆمەتانەی کاک ئەمیر بۆ بارزانیی هەڵبەستوون، بەڕاکی دوژمن و پیاوکوژ هەر نەیوێراوە بە لایدا بچێت (بڕوانە کتێبی: الدکتور فاضل البراک: مصطفی البارزاني... الاسطورە والحقیقە). پێم وایە هیچ پێویست بەوە ناکات فازیل بەڕراک و دار و دەستەکەی وەدرۆ بخەینەوە... ئەو دوژمنە و تۆمەتی خۆی هەر دەکات و دەبێ بیکات، هەم خامەی ژاراویی بەدەستەوەیە و هەم بۆمبای شیمیایی هەیە... لە بەکاربردنی هەردوکیاندا تا ئێستا درێخیان نەکردووە.

مەبەستی من لێرەدا تەنیا روونکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بوختانانەیە کە کاک ئەمیری کورد، کاک ئەمیری شۆڕشگێڕ و مارکسی و دەستە چەپی و (ناچاریشم وەک برایانی تر بڵێم) ئامریکانشین دەیانکات، کە بە دەم و زمانی خۆی و پڕ بە قوڕگی هاوار دەکات و بانگ هەڵدەدات و دەڵێت: ئەمن بوختان دەکەم و خەڵکینە وەرن بە درۆم بخەنەوە.

با درێژەی پێ نەدەم. کاک ئەمیر... کام رابەر؟! ئایا بەلای جەنابتانەوە ئەوانەی لە سەرەتای ساڵەکانی شەستەوە و بە دوای ئەواندا زۆری تر ئەو رچەیەی گرتە بەر، بوون بە موچەخۆری «مودیرییەتی ئیستخباراتی عەسکەری عێراق» و ئێستاکە وا شینیان بۆ دەکەیت و قوڕیان بۆ دەپێویت، بە رابەریان دەزانیت؟

زۆر ناخۆشە رازی خەڵکی دەربخەیت، بەتایبەتی ئەگەر رازی مردووان بێ کە وەک دەڵێن، شەیتانیش دەستی لێیان شۆردووە. بڕیارم دابوو ئەو رازانەی کە دەیزانم هەرگیز باسیان نەکەم. بڕیارم دابوو ئەو رازانەی کە هەندێکی خۆم چاوم لێ بووە و ئاگاداری زبر و وردیم و هەندێکیشم بیستووە، هەرگیز نەخەمە سەر کاغەز و بە زماندا نەهێنم و لەگەڵ خۆمدا بیانبەمە گۆڕەوە. وا بەرەو مەرز و سنووری پیری هەنگاو دەنێم و تا ئێستاش هەر لە دڵمدا ماونەتەوە و هێلانەیان کردووە و باسم نەکردوون. بەڵام کاتێ مرۆڤ نارەوایی دەبینێت و دەبیستێت، خۆی پێ ناگیرێت... کاتێ دەبینێت بە زۆری زۆردارەکی و بە درۆ و دەلەسە و فێڵ و بوختان دەیانەوێت راستی و پاکی پێشێل بکەن، دڵێکی هەرە گەورەو و فراوانی دەوێت تا مرۆڤ بتوانێت خۆی بۆ رابگیرێت.

رازی یەکەم:

کابرایەکی ئەفسەری عارەب هەبوو ناوی (م. ش.) بوو. ئەو کاتە من لەگەڵیدا ئاشنا بووم، پلەی موقەددەم (سەرهەنگی دووەم)ی هەبوو. بە گوێرەی ئەم چەند ساڵەی لەیەک دابڕاوین، دەبێ ئێستا پلەی سەر لەشکر (لواء)ی هەبێت. ئەگەر ناوەکە بڵێم رەنگە کاک ئەمیریش ناوی بیستبێت، چونکە ئەویش وەک کاک ئەمیر موریدی دایەرە و دەستەی شەقامەکەی (شارع النهر) و تەکیەکەی هۆتێل بابیل و ئۆتۆکادیرۆی بەغدا بوو.. ئەو کابرایە لە مێژەوە رەفیق و دۆستی من بوو. هەم هاوسا بووین و هەم هاوکلاس و لە زەمانی لاویدا ئەندامی یەک تیپی فوتبۆڵ بووین. زۆرتر هۆی ئەو نزیکبوونەوەیە ئەوەبوو کە کوردییەکی باشی دەزانی، چونکە کاتی خۆی باوکی پۆلیس بووە لە سلێمانی و دەوروبەری و قوتابخانەی سەرەتایی هەر لەو ناوچانە تەواو کردبوو. ئەم کابرایە پاش ئەوەی کۆلیجی ئەفسەریی تەواو کرد، هەر بەو هۆیەوە کە کوردیی باش دەزانی کردیان بە ئەفسەری دام و دەزگای ئیستخباراتی رژێم. زۆر شت دەبوایە بە منی نەگوتایە و لە منی بشاردایەتەوە، بەڵام لە کاتی دانیشتنی دوو بە دوودا لەسەر شەتەکەی بەغا، یان لە ماڵی خۆیاندا، یان بەدەم تەختە نەرد یاریکردنەوە زۆر شتی بۆ دەگێڕامەوە... زۆر شتی دەزانی و رەنگە ئێستا زۆرتر بزانێت.

ئەو کاتەی کە ئەو باسانەی بۆ من دەکرد، لێپرسراوی ئەو کوردانە بوو کە لە ئێرانەوە هاتبوونە ناو شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە و ئەمجا هەندێک لەوانە بە نهێنی خۆیان گیاندبووە بەغدا و بووبوون بە مووچەخۆری ئەو دام و دەزگایە. باسی زۆر کەسی دەکرد و لەوانەی کە زۆرجار باسی دەهاتە ناوانەوە سولێمانی موعینی بوو. لێرەدا دەبێ کاک ئەمیر ئەوە قبووڵ بکات، ئەوانەی موچەخۆری ئەو دەزگایە بن هەرگیز ناتوانین ناویان لێ بنێین رابەر و سەرۆک و وڵاتپەروەر و شۆڕشگێڕ.

دەیگێڕایەوە: هەندێک لەو کەسانەی دەیانویست بچن بۆ دیدەنی سەرۆکی دەزگاکە، دەبوایە لە پێشدا من ئاگادار بوایەم و ئەوجا پێکەوە دەچووین بۆ لای سەرۆکی دەزگا. جگە لە دیدەنیی سەرۆکی دەزگا، هەموو کار و فرمانی تایبەتی نێوان ئەوان و ئەو دەزگایە لە ژێر چاودێریی مندا بوو. دەیگوت: هەموو سەری مانگێک دەبوایە لە لای من مووچەی خۆیان وەربگرتایە و دەفتەری راتبیان مۆر بکردایە. کرێی خانو و ئۆتێل و هاتوچۆیان هەر ئەو دەزگایە دەیدا. ئەو ناوانەی کە ئەو هەڵی دەدان و بەسەر زمانیدا دەهاتن، زۆر بوون. کاتێ ئەو باسانەی بۆ دەگێڕامەوە، سەرم لەم کەین و بەینە سوڕ دەما. ئەگەر بە چاوی خۆم جارجارێک نەمدیبان هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، چونکە هەر یەکە بە ئەندازەی

تەزبیحێک ناوی شۆڕشگێڕانەیان بە دواوە بوو. ئەوەندە بە شۆڕشگێڕی ناویان دەرکردبوو، گیڤارا و کاسترۆ و ماو لە چاویاندا نووری سەعید و جەلال بایار و قەوام سەڵتەنە بوون. هیچ پێویست بەوە ناکا ناوەکانی تر بهێنمە سەر زمانم... (م. ش.)ی دۆستم دەیگێڕایەوە، دەیگوت سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی پێوەندییەکی توند و سفت و مەحکەمیان لەگەڵ ئێمەدا هەبوو (هەندێ کوردی بەناوبانگی بەناو شۆڕشگێڕی عێراق بەسەریانەوە ئاڵ و وێڵ و دادوەستەدیان دەکرد). هەدەفی ئێمە ئەوەبوو کە سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی لە ڕێگای شۆڕشی ئەیلوولەوە بتوانن لە ئێراندا تەقە تەقێک بەرپا بکەن تاوەکو ئێمە بگەین بە ئامانجی پێشبینیکراوی خۆمان. لە هەردوو حاڵەتی سەرکەوتن و فەوتانیاندا ئێمە دەگەیشتینە یەکێک لەو ئامانجە پێشبینیکراوانە. بە کوژرانی سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی ئێمە گەیشتینە یەکێک لە ئامانجە تایبەتییەکانمان. ئێمە توانیمان بە تیاچوونیان گەلی کوردی ئێران لە مەلا مستەفا دابچڕین و لە شۆڕشی ئەیلوول دوور بخەینەوە (وابزانم لەم بارەیەوە کاک ئەمیریش هاوباوەڕی ئەو کابرایەیە). بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕە کە بکوژی سولەیمانی موعینی و هاوڕێکانی، مەلا موستەفایە، هەوڵ و تەقەلایەکی فراوانمان دا. جا ئەگەر سولەیمان و هاوڕێکانی سەریان تێدا نەچوایە، مەلا موستەفا و شۆڕشی ئەیلوول ناچار دەبوون یارمەتیی ئەو تاقمەیان بدایە، چونکە بە ڕووکەش ئاڵای شۆڕشیان بە ناوی گەلی کوردی ئێرانەوە هەڵدەکرد و ئەوەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ئێران هەرچی سنووری هەیە بە ڕووی شۆڕشی ئەیلوولدا ببەستێ و ئێمەش ئەوجا دەستمان لەگەڵ ئێراندا تێکەڵ دەکرد و زووتر ئەم شۆڕشەمان دەفەوتاند. ئەو پیلانانەی کە ڕژێمی عێراق و دام و دەزگاکانی لە ئۆفیسەکانی ئیستخبارات یان لە چەند ماڵێکی بەدناوی کورددا لە بەغدا دانیشتنیان بۆ دەکرد و دەیانچنی لە دژی شۆڕشی پیرۆزی ئەیلوول... سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٥دا لە ماڵی هەواری بۆمیدیەنی کودەتاچی و شۆڕشدزدا لە دژی شۆڕشی ئەیلوول و بارزانیی نەمر سەری گرت و کاک ئەمیر و هاوبیرەکانیشی گەیشتنە ئارەزووی خۆیان و بەیەکەوە شاو شوکور بوونەوە.

رازی دووەم:

گرتنی ناوچەی قەرەداخ لە لایەن تاقمی شەست و شەشەوە: کاک ئەمیر یان خۆی گێل دەکات یان لە بیری خۆی دەباتەوە کە هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێران پێکەوە و لەگەڵ یەکدا هاوهەنگاو چۆن و چەند پیلانیان لە دژی شۆڕشی ئەیلوول چنی و تەنیا ڕابەرێکی لێهاتوو و جەربەزە و بێکەس و تەنیای وەک سەرۆک بارزانی بوو توانیی ئەوەندە درێژە بداتە ئەو شۆڕشە و هەتا توانای تیادا مابوو بەرانبەر بەو هەموو پیلانانە ڕاوەستێت و بەرەنگاری لە مافی پێشێلکراوی گەلی کوردی چەوساوە بکات.

لێرەدا دەمەوێت باسی یەکێک لەو پیلانانە بکەم کە ڕژێمی بۆگەنی حەمە ڕەزا شا لە کاتێکدا خۆی بە دۆستی شۆڕشی ئەیلوول لە قەڵەم دەدا، لە جیاتی عێراق و بۆ سوودی ڕژێمی عێراق دروستی کرد و بەکاری هێنا و تێدا سەرکەوت؛ ئەوەش پیلانی گرتنی ناوچەی قەرەداخ و دەرهێنانی لە دەست شۆڕشی ئەیلوول و پێشکەش کردنی ناوچەکە بە تاقمە بەکرێگیراوەکەی (٦٦)، کە هەتا ئێستاش کاک ئەمیر هەر بە شۆڕشگێڕ و نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کوردیان دەزانێت. ئێستاکەش هەر ئاخ و هەناسە هەڵدەکێشێت بۆ ڕۆژانی بەکرەجۆ و کەلار و (شارع النهر)ی بەغا.

لە ساڵەکانی شەستدا کابرایەکی کوردی خەڵکی شاری سنە کە لە بنەچەدا لە بنەماڵەیەکی جوولەکە بوو، بە ناوی سەرهەنگ عیسا پەژمان، وابەستەی نیزامی ئێران بوو لە باڵوێزخانەکەی ئێران لە بەغا. ئەم کابرایە هەر لە زەمانی چەمی ڕێزانەوە کە ئەو کاتە ئەفسەری دەزگای ساواک بوو، دەرگای ڕەفاقەت و دۆستیی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا کردبووەوە و تاوەکو ئێستاکەش، دوای ئەو هەموو ساڵە کە ئەویش وەکو کاک ئەمیر دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی حەمە ڕەزا شا تێی تەقاند و بۆی دەرچوو، بوو بە ئەمریکا نشین، ئەو دۆستی و برایەتییەی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا هەر ماوەتەوە و بەردەوامە لەسەری (بڕوانە: اسناد لانەء جاسوسی - کردستان، ج ٢).

کاتێک ئەو تاقمە لە کوردستان هەڵهاتن و خۆیان گەیاندە هەمەدان، ئەم عیسا پەژمانە، کە لەو کاتەدا کاربەدەستێکی زۆر گەورەی ساواک بوو، لەلایەن ئەو دەزگایەوە تەرخان کرا بۆ پێشوازیی ئەوان و هەر پێویستییەکیان هەبوایە، وەک: ئامادەکردنی ئۆتومبێل و شۆفێر و جێبەجێکردنی ئوتێل و خانوو لە تاراندا بۆ سەرانی ئەو تاقمە ئەنجامی دەدا. ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا



هات و زەمانە گۆڕا... لە عێراقدا عەبدولڕەحمان بەزازی هاوڕێ و دۆست و هاوکلاسی (کاتی خوێندنی زانستگەی ئەمریکایی لە بەیرووت) ئەمیر عەبباس هوەیدای نوخوست وەزیری ئێران بوو بوو بە سەرۆک وەزیران لە عێراق. تاقمە هەڵاتووەکەی هەمەدان گەڕانەوە بۆ بەغا و هەر دوابەدوای ئەو گەڕانەوەیە سەرهەنگ عیسا پەژمان کرا بە وابەستەی نیزامی لە باڵوێزخانەی ئێران لە بەغدا. وردە وردە بە بۆنەی سەرانی ئەو تاقمەوە کە لەو کاتەدا لەناو کورددا نازناوی جاشی (٦٦)یان پێ درابوو، لەگەڵ بەناو سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێراندا، کە زۆربەیان لە بەغا بوون، بوو بە ئاشنا و ڕەفیق (ئەی چۆن، پیاو دەبێت وەفای هەبێت!). ئەو دۆستایەتی و ڕەفاقەتە گەیشتە ڕادەیەک ئەگەر جارجارێک لە باڵوێزخانەی ئێراندا بە بۆنەی سەری ساڵەوە (نەورۆز)، یان ڕۆژی لەدایکبوونی حەمە ڕەزا شاوە (٦ی بەهمەن= ٢٦ی کانوونی دووەم) جەژنێک بەرپا بکرایە، هەموویان یان زۆربەی ئەو بەناو ئۆپۆزیسیۆنانە لەوجەژنانەدا بەشدارییان دەکرد. خۆ ئەگەر هەر کەسیش نەهاتایە لەوان، سەرۆکی ئەوان کە هەم ڕیش سپییان بوو و هەم ڕێنوێنیان بوو، لەو جۆرە جەژنانەدا هەمیشە بەشداریی دەکرد. ئەمن بۆ خۆم لەو جۆرە جەژنانەدا کە دوو جاریان دەعوەت کرابووم زۆربەی سەرانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەم بە چاوی خۆم دەدی کە چۆن لەگەڵ سەرهەنگ عیسا پەژماندا پێکی ویسکییان بە سەلامەتیی حەمە ڕەزا شا دەنۆشی. ئەگەر کاک ئەمیر باوەڕ ناکا با لە دکتۆر شیرازیی سابلاخی (یەکێک لەو کەسانەی کە خوسرەوی ڕوزبەی دا بە گرتن و ئیعدام کردن) بپرسێت، چونکە ئەویش لەو کاتەدا بۆ ماوەیەک کاربەدەست بوو لەو باڵوێزخانەیەدا... خۆ ناشێ کاک ئەمیر بڵێ ئەمن دکتۆر شیرازی ناناسم و هەر نەمدیوە و نازانم کێیە...!!

جا با بگەڕێمەوە سەر پیلانەکە کە مەبەستی ئەم باسەیە. لەناو شۆڕشدا لەو زەمانەدا عەبدولوەهاب ئەترووشی (کە ئێستا مەعاونی وەزیری کار و کۆمەڵایەتییە لە بەغا) لەلایەن شۆڕشەوە بەڕێوەبەری ناوچەی قەرەداخ بوو و دەستیارەکەشی شێخ جەعفەری بەرزنجی بوو (ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزییە لە ناوچەی بەناو ئۆتۆنۆمیدا لە عێراق). ناوچەی قەرەداخ یەکێکە لە ناوچە هەرە گرنگەکانی کوردستانی عێراق و هەمیشە وەک کلیلێک وایە بۆ پەرەسەندنی هەر شۆڕشێک و بەدەست هەر لایەکەوە بێت بەرانبەرەکەی تەنگەتاو دەکات و تەنگی پێ هەڵدەچنێت. تاقمەکەی ٦٦، کە لەو سەردەمەدا لە بەکرەجۆ و کەلار بوون، زۆر بە باشی ئەمەیان دەزانی، جا بۆیە هەوڵ و تەقەلایەکی فراوانیان دەدا بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ناوچەیە بگرنە دەست و لە دەستی شۆڕشی دەربهێنن. بەڕای خۆیان بە گرتنی ئەو ناوچەیە دەیانتوانی زیانێکی زۆر گەورە بگەیەننە شۆڕش و لە هەمان کاتدا ڕوو و ڕواڵەتی خۆیان لەناو گەلی کورددا ئارایشت بکەن. هەم بنکەیان هەبێت لەناو شارەکاندا و جادەی قیرتاویان بەدەستەوە بێت و... هەم پێشمەرگە ئاسایی شاخ و داخیشیان بەدەستەوە بێت. جا خەونی وا بۆ کێ دێتە دی؟! بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار لەگەڵ جاش و جەیشدا هێرشیان دەبردە سەر ئەو ناوچەیە، بەڵام هەمیشە شکستیان دەخوارد و بە لۆژە لۆژ دەگەڕانەوە بۆ بەکرەجۆ و کەلار. سەرهەنگ عیسا پەژمان کاتێک بۆی دەرکەوت بە هێرش بردن و شەڕ کردن هەڤاڵەکانی هەرگیز ناتوانن ئەو ناوچەیە بگرن و بەدەستی بێنن، کورد واتەنی کلاشی لێ کردە پێ و بەناوی ئیجازەوە بۆ ئێران خۆی گەیاندە ناوچەی قەرەداخ. لە پێش هەموو شتێکدا چاوی لە عەبدولوەهاب ئەترووشی سوور کردەوە، چونکە ئەویش هەر بە شێوەیەکی تر و لە خەتێکی ترەوە پیاوی دەزگای ساواک بوو. پاداشی ئەو خولامەتییەی بۆ ساواک ئەوەبوو براکەی (کە ئێستا سەرۆک جاشێکی فەوجە سووکەیە) بە پارەی ساواک و بەناوی دەرز خوێندنەوە لە تاران دەژیا و ڕایدەبوارد. شێخ جەعفەری بەرزنجیش کە هەر لە کاتی بانزینخانەکەی کەرکوکەوە بە بەرتیل خواردن ڕاهاتبوو، ٦٠٠٠ دیناری لە سەرهەنگ پەژمان وەرگرت تا کاتی هێرشی داهاتووی تاقمەکەی ٦٦ نەهێڵن هێزی پێشمەرگە بەرانبەریان ڕاوەستێت و بەڵکو دەبێ فەرمانی پاشەکشە بدەن و خۆشیان هەڵبێن. ئا بەو شێوەیە سەرهەنگ پەژمانی نوێنەری ساواک هەموو شتێکی بۆ ئەو تاقمە ئامادە کرد و بەری جادەی بۆیان پان کردەوە تا هێرشی خۆیان بکەن. سەرهەنگ پەژمان پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئێران، تاقمەکەی ٦٦ی لە هەموو کەین و بەینەکەی خۆی ئاگادار کرد و ئەمجا بە خەیاڵی ڕاحەتەوە کەوتە ڕێ بەرەو سنووری ئێران.

کاتێک سەرهەنگ پەژمان لە ناوچەی قەرەداخ بوو،

هیچ کەسیک جگە لە عەبدولوەهاب ئەترووشی و شێخ جەعفەری بەرزنجی، نەیدەزانی ئەم کابرایە کێیە و خەڵکی کوێیە و لە کوێندەرێوە هاتووە. پێشمەرگەکان تەنیا هەر ئەوەندەیان دەزانی کە ئەویش وەکو هەزاران کوردی تر پێشمەرگەیە. کاتێک لە قەرەداخەوە دەگەڕایەوە بۆ سەر سنووری ئێران، لەسەر فەرمانی عەبدولوەهاب ئەترووشی، هەندیک پێشمەرگەی خەڵکی ناوچەی نزیک بە سنووری ئێران کە ئەوانیش بە ئیجازە دەرۆیشتن بە سەرۆکایەتیی کابرایەک بە ناوی (ع. ل.) لەگەڵیدا بەڕێ کران. خاڵۆ (ع.ل.) دەیگێڕایەوە و دەیگوت: من نەمدەزانی ئەم کابرایە کێیە، بەڵام لە هەڵسان و دانیشتنیدا و بەتایبەتی ڕیکردندا لێی کەوتمە گومانەوە. کاتێ سەردەکەوتین بەسەر شاخەکاندا، لەدواوە سەیرم دەکرد ئەم کابرایە وەک پێشمەرگە یان عەشایەری کوردەواریی لای خۆمان پێ هەڵناگرێت، بەڵکو لە سەروباندا وەکو نیزامییەک سەرپەنجەکانی لەسەر زەوی توند دەکرد و دایدەنا. کاتێ گەیشتینە لادێیەکی لای خۆمان، لە ماڵی خۆماندا لێم پرسی ئەرێ برا، ئەتۆ پێم ناڵێیت چیت؟ کێیت؟ خەڵکی کوێیت؟ بەڵام هەرگیز وەڵامی ڕاستەقینەی نەدەدامەوە. ئەم ڕازە هەر لە دڵمدا مایەوە، تا چەند مانگێکی بە سەردا تێپەڕی. پاش گرتنی ناوچەی قەرەداخ لە لایەن تاقمەکەی ٦٦ەوە، بەهۆی هەندیک گرفتارییەوە لەگەڵ (ح.ش.)دا ناچار بووین بۆ ماوەیەک بچینە ناو تاقمی ٦٦ەوە. لە کەلار کە چووین بۆ دیدەنیی هەندیک لە سەرانی ئەو تاقمە سەیرم کرد (هەی دڵی غافڵ، هەی)، خۆ ئەمە کاکی پێشمەرگەی هاوسەفەر سەرهەنگ پەژمان دەرچوو، لەناو تاقمەکەی ٦٦دا وەک ئەربابیان ڕەفتاری دەکرد و هەندیک زەلامی تری بە دواوە بوو هەموویان کوردی ئێران بوون. هەر یەکە بەناو شۆڕشگێڕ و خاوەن ناو و ناوبانگ بوو.

هەر لەو کاتەدا بوو کە دکتۆر کوورەشی لاشائی، کە یەکێک بوو لە کۆمۆنیستە بەناوبانگەکانی ئێران، ئەویش لە مەقەڕی ئەو تاقمەدا جێی خۆش کردبوو. پاش ماوەیەک لەگەڵ سەرهەنگ عیسا پەژماندا گەڕایەوە بۆ ئێران و خۆی تەسلیمی ساواک کرد و پاش ماوەیەک لە تەلەڤزیۆنی ئێرانەوە سەری دەرهێنا و دەستی کرد بە جنێودان بە توودە و دەرخستنی پەشیمانیی خۆی.

ڕەنگە کاک ئەمیر ئەم قسەیە بە داستان و دەستهەڵبەست بداتە قەڵەم... بەڵام بۆ ئەوەی باوەڕ بە قسەکانی من بکات، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت کاک سەرهەنگ عیسا پەژمانی هاوسا و ئەمریکانشینی لای خۆی بدۆزێتەوە، یان تەلەفونیکی بۆ بکا و ڕاستی و درۆی ئەم کەین و بەینەی لێ بپرسێت. ئەگەر بەوە ڕازی نابێت و بێزی نایەتەوە، ئێستاکە، لەگەڵ ساواکییەکی دەرکراوی بێ تواناداکات و وەختی خۆی بە هەدەر بدا... با تەلەفونێک بۆ لەندەن بکا، خۆ سەرۆکەکانی تاقمی ٦٦ (لە سەد جەژندا بن) ماون و لە لەندەن دەژین و ئێستاکەش هەر شۆڕشگێڕن. من لەو باوەڕەدام کە ئەو تاقمە هیچ شتێک لە کاک ئەمیر ناشارنەوە. □

ح. شارباژێڕی

لەندەن ١٩٩٠/١/١١

# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەمەڕ کوردستان لە فلۆرەنس- ئیتالیا

شارەوانیی فلۆرەنس لە ئیتالیا بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی جیهانیی ماف و ئازادیی گەلان و کۆمەڵەی کوردانی ئیتالیادا کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی لەمەڕ کوردستان ڕێک خست. کۆنفرانسەکە لە ڕۆژانی ٢٣-٢٥ مارتی ١٩٩٠دا بەڕێوەبراو سەرەڕای کۆمەڵێ لە ڕووناکبیر و مامۆستایانی کورد، چەند کەس لە شارەزایانی ئیتالیا و نوێنەرانی پارتییە سیاسییەکانی ئەندامی پارلەمانی ئیتالیا بەشدارییان تێدا کرد.

لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا گەلێ لێکۆڵینەوە لەمەڕ هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان، مێژووی کورد و فەرهەنگی کورد پێشکەش کران.



فەرهاد شێخولئیسلامی

# بۆ کۆترەکان ئەگریم

ژیرەو نائەبوو، ژیرەو نائەبوو، یەک شەو کاری گیریان بوو. ئەگەر نێوی خۆی نەبردبایە، ئەموت ناتوانێ قسە بکا، بەڵام نێوی خۆی و دایک و بابی پێم وت. قسەکانی وەکو گمەگمی کۆتر وابوون. قسەی کۆترە پەڕ و پۆ سووتاوەکانیشی بۆ کردبووم.

زیڕەی ئامبولانسەکان تاوێ ناپڕیاوە. هاوارم کرد، لاڵیامەوە مەگری! وتم شایەت برسی بێ. نان و مرەبام بۆی هاورد، نەیخوارد. شتێ ترمان نەبوو جگە لە گۆزەڵەیێ ئاو و مشتێ نۆک و پەڕشت و دوو بەستە ماکارۆنی. نە ڕۆن، نە نەوت، نە گاز... دەست و دڵم یەکیان نائەگرت بچمە دەرەوە و هەوڵێکی بۆ بدەم. برسیم نەبوو، تینووشم نەبوو، بار کەوتبوە سەر لچگەلم

– مەگری برا گیان، مەگری کوڕە کاڵەکەم، ئاغا شیرینەکەم مەگری، توخودا فەراز مەگری!

ڕەیزە شەوقێ لە درز پەنجەرە بێشووشەکانەوە کەوتبووە نێو چاوی، تک تک فرمێسکەکانی ئەدروشیان، بە پشت دەستە بچکۆلەکانی گۆنای سڕی. هەنسکی کە ئەدا ئەتوت لاشەی ناسکە لقێکە لەبەر ڕەشەباوە.

لە دوێنێ ئێوارەوە من و فەراز هاین پێکەوە. دوێنێش وەک ئەمڕۆ دەنگ ئاژیر کە بەرزەوە بوو، هەرکە لە هەرکوێکا دەستی کردە چەتری چاو و چاوی بڕییە ئاسمان. دوای تاوێ تەقە بەرزەو بوو، بە شوێنیا شریخەی شووشە ڕژاوەکان. گرمەیێ وەک تەقینی کاسەسەر، دڕیان گوێچکە. نرکەیێ وەک هەروەتریشقەی هەرچی بەهارە. شار هێشتا ئەلەرێتەوە، زریکە زریک ئامبولانس تێ...

دوێنێ وێڵی کۆڵانان بووم. بە دەور و پشتما دیوارەکان ئەگریان، سێبەرە درێژەکانیان ئەلەرزان. خۆم هاویشتە نێو داڵانێ ماڵێک. بۆپڕوز ئەهات. قژ و گۆشت لەگەڵ لق و پۆی چنارێ پرۆزاوا تێکەڵ بووبوون. شێر قەراخ باخچەکە ئاوی لێ ئەچوو. دەستێکی جوان و سپیی ژنانە دەستەی ئاوپاشێکی ئەگوشی.

– هەی هاوار لاشەکەی کوا؟

لاشەی نەبوو... پرشنگ خوێن و ڕەگ و پۆس دیوارە سمنتییەکەی حەوشی سوور کردبوو. دووکەڵ و بۆپڕووز باخچەکەی پڕ کردبوو. تەنیا لقێ ڕوجیارپەرەس ڕووی کردبووە ئاویەر و چاوی بڕیبووە نێو چاوە خوێناوییەکان خۆرەتاو.

فرمێسکم وشک بوو، وەک گەرووم و لچم، وەک پۆس مار... نەمدەتوانی ڕاوەستم، هاتم وەدەرکەوم، نەگەیشتبوومە بەر دەرگا گیریان منداڵێکم بیست، پاشان زانیم نێوی فەرازە.

– فەراز باوکت کوا؟

بەدەم گریانەوە وتی:

– بابام نییە، نازانم... من نایشناسم، دایەم ئەڵێ شەوێکیان سوار ئەستێرەیێ بوو و چوو گوڵی سوورت بۆ بێنێ...

– فەراز دایکت کوا؟

گلێنەکانی هەروەک دوو ماسیی ڕەش لە جامێ بلوورا یارییان دەکرد. ئەگریا...

– دایەم ئاو گوڵەکانی ئەدا... تەیارەکە هات... من لە کوچەیا کایەم ئەکرد... دایە نییە... تەنیا دەستێکی لە حەوشادا کەوتووە...

– فەراز مەگری، توبی و خودا مەگری، بابەت بە چەپکێ خۆرەو دێتەوە، بە چەپکێ گوڵی سوورەو ... «ئەگریام»... دایەش دەیاننێتە نێو گوڵدانێ گەورە و ئاویان ئەدات... مەگری!

– من بۆ کۆترەکان ئەگریم... گشتیان سووتان، باڵیان نەگرتەوە و سووتان. من تەنیا بۆ کۆترەکان ئەگریم... □

سنە ١٣٦٦/٩/٩

شایەت: ڕەنگە، لەوەیە، لەوانەیە.

شێر: سەری بۆڕیی ئاو، بەلووعە

ئاوپاش: ئاوپژێن، دۆڵچەیەکی مەعدەنی کە سەرێکی کونکونی پێوەیە و ئاوی پێ دەپرژێنن.

پرشنگ خوێن: پریشکی خوێن

پۆس: پێست

ئاویەر: چیایەکی بەرز و جوانە دەکەوێتە لای خۆراوای شاری سنەوە.

ڕوجیار پەرەس: گوڵەبەڕۆژە.

# ١٥ کۆمارەکەی یەکێتیی سۆڤیەت

ئەم وتارە بەشێکە لە کۆمەڵە وتارێ کە گۆڤاری «تایم»ی ئەمریکایی بلاوی کردۆتەوە:
Time, no. 11 (March 12, 1990)

ژمارەی یەکەم لە لیستی زانیارییەکاندا ژمارەی دانیشتووانی کۆمارەکەیە (بۆ نموونە کازاخستان ١٦,٦ ملیۆن) و ژمارەی دووەم ئەوە پیشان دەدا کە چ ساڵێ وڵاتەکە بۆتە یەکێک لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت (بۆ نموونە لیتوانیا کە ساڵی ١٩٤٠ داگیرکرا بوو بە بەشێک لە سۆڤیەت). ژمارەکانی دیکە ڕێژەی لە سەدای (٪) گرۆیەکانی ئەتنیکی لە هەر کۆمارێکدا پیشان دەدەن.

## مۆلداڤیا

٤,٣ م
١٩٤٠
٦٤٪ مۆلداڤی
١٤٪ ئۆکراینی
١٣٪ ڕووس
٤٪ گاگاوزی
٢٪ جوو

بڕێکی زۆری ئەم کۆمارە پێشتر بەشێک بوو لە ڕۆمانیا، هەمیشەش هەر مەیلی بەلای بوخاریستەوە بووە. قانوونێکی تازە دەرچوو زمانی مۆلداڤیی کردۆتە زمانی ڕەسمی. بەرەی گەلی مۆلداڤیا، کە لە بنەچەدا گرۆیەکی فەرهەنگی بوو، وردە وردە بۆتە بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستانە و وا چاوەڕوان دەکرێ داوای یەکگرتنەوە دەگەڵ ڕۆمانیادا بکات. خۆپیشاندەران بوونە هۆی تێکدانی ئاهەنگی یادکردنەوە، ڕۆژی حەوتی نۆڤەمبەری ڕابردوو، زۆریان لێ گیرا. ئەم سەرکوتکردنە بوو بە هۆی پرۆتێستێکی زیاتر، سەرکردایەتیی پارتی کۆمونیست لە کیشینێڤ گۆردرا. ئەو ڕووسانەی لەوێ نیشتەجێ بوون، هەستان ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆیانیان دامەزراند، ئینتەردڤیژینیی، کە دژی جیابوونەوەی مۆلداڤیایە.

## ئۆکراینی

٥١,٧م
١٩٢٢
٧٤٪ ئۆکراینی
٢١٪ ڕووس
١٪ جوو

ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەپەرستانەی ئەم کۆمارە پانوپۆڕە ناڕووسە لە لایەن (ڕوخ)ەوە ڕێبەری دەکرێ، کە لە هاوپەیمانیی کۆمۆنیستان و ناکۆمۆنیستان پێکهاتووە و مانگی سێپتەمبەری ڕابردوو ڕێکخرا. ئەم گرۆیە، کە دەڵێ چەند سەد هەزار ئەندامی هەیە، بۆ سەربەخۆیی ئابووری، پلووڕالیزمی سیاسی و ئازادیی زیاتری بەکارهێنانی زمانی ئۆکراینی خەبات دەکات. مانگی ژانویەیی ڕابردوو ڕوخ زنجیرەیەکی ٣١١ میلی لە مرۆڤان پێک هێنا لە کییڤەوە تا لڤۆڤ ، بۆ گەواهیی بەهێزی و خورتیی نارازییان. لەگەڵێ شاری کۆمارەکەدا خۆپێشاندان سازکران و داوای وازهێنانی کارمەندانی پارتی کرا.

خەڵکی زیاتر لەوە تووڕە بوون کە مۆسکۆ، ساڵی ١٩٨٧، بە شێوەیەکی خراپ چاودێریی کارەساتە ئەتۆمییەکەی شێرنۆبیلی کرد. هەتا ئێستا ئۆپۆزیسیۆن ئاڵای سەربەخۆیی‌یان هەڵنەگرتووە.

## بێلۆرووسیا

١٠,٢م
١٩٢٢
٧٩٪ بێلۆرووس (ڕووسی سپی)
١٢٪ ڕووس
٤٪ پۆڵۆنی
٢٪ ئۆکراینی

پارتی کۆمۆنیستی ئەم کۆمارە سلاڤییە لەلایەن بەرەی گەلەوە: ئادرادژێن (نوێکردنەوە) کە ١٠٠,٠٠٠ ئەندامی هەیە، بە سەختی ڕەخنەی لێ دەگیرێ. ئەم گرۆیە مانگی دیسەمبەر لە مانیفێستۆی خۆیدا گوتی: «پایەی ئێمە شێوە کۆلۆنییەکە، کە دەبێ هەر بیکا بە قوڕگی نێوەند (مرکز)ەوە». گرۆیەکە زۆر لەوە نارازییە کە مۆسکۆ ساڵی ١٩٨٧ ڕووداوی ئەتۆمیی شێرنۆبیل شاردەوە و درەنگێ کەوتە خۆی بۆ خاوێن کردنەوە وسازکردنەوەی زیانە بەربلاوە ئیکۆلۆجییەکانی. ئادرادژێن داوای ئەوەش دەکات کە خەڵک مافی هەبوونی سامانی تایبەتیان هەبێت و مۆنۆپۆلی کۆمۆنیست لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەڵوەشێتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردوودا، چالاکەکانی بەرە گەلێ سەرکردەی پارتییان بەزاند.

## گورجستان (جیۆرجیا)

٥,٤م
١٩٣٦
٦٩٪ گورجی
٩٪ ئەرمەنی
٧٪ ڕووس
٥٪ ئازەربایجانی
٣٪ ئۆسیتی
٢٪ ئەبخاز

گورجییەکان گەلێکی مەسیحیی شانازیکاری کۆنن، تەنانەت لە سەردەمی خرۆشچێڤ-یشدا زۆر بە زەقی نەتەوەپەرست بوون. پشتی باڵتیکەکانیان گرتووە کە داوای مافی جیابوونەوە دەکەن. ئۆپۆزیسیۆن دژی حکوومەت دەنێو دە-دوانزدە گرۆدا دابەش بوون، کە بە پێی هێڵی ئێتنی و نەوەی جیاواز ڕێک خراون. شەڕی نێوان گرۆ ئێتنیکەکانی ناو کۆمارەکە خۆی زۆر جاران ڕوودەدات. ئەبخازی و ئۆسیتییەکان داد و هاواریانە کە نەتەوەپەرستانی گورجی ڕاویان دەنێن. ساڵێ لەمەوبەر هێزی سۆڤێتی بیست خۆپێشاندەریان لە تبیلیسی کوشت، لەوساوە پێوەندی لەگەڵ مۆسکۆدا کرژە. گورجستان یەکەم کۆمارێک نابێت کە یەکێتی سۆڤیەت بەجێ بهێڵێ، بەڵام لەوەیە ڕچەی خەڵکی دیکە بگرێ.

## ئەرمەنستان (ئەرمینیا)

٣,٣م
١٩٣٦
٩٠٪ ئەرمەنی
٥٪ ئازەربایجانی
٢٪ ڕووس
٢٪ کورد

ئەرمەنییەکان ساڵی ٣٠١ چوونە سەر دینی مەسیحی و ساڵی ١٨٢٨بوونە بەشێک لە مەملەکەتی ڕووسیا. تووشی دوژمنایەتییەکی خوێناوی بوون لەگەڵ دراوسێکانیاندا، بەتایبەتی ئازەربایجانە موسڵمانەکان. ساڵی ١٩٨٨ توند و تیژی دەستی پێ کرد کە ناوچەی نۆگۆرنۆ- قەرەباخی ئەرمەنی (کە هەرچوار لای بە ئازەربایجانی گیراوە) بۆ جیابوونەوە لە ئازەربایجان دەنگی دا. لە هاوینی ڕابردووەوە ئازەربایجانییەکان گەمارۆی گرنگترین هێڵەکانی ئاسنی ئەرمەنستانیان داوە و ئابووریی ئەوێیان لەناو بردووە. ئێستاش جاروبار بە درێژاییی سنووری نێوانیان شەڕ دەقەومێ. ئەرمەنستان، کە بە دوژمن دەوری گیراوە و زۆریش لە کۆنە دوژمنەکانی لە تورکیا دەترسێ، چاوی بڕیوەتە مۆسکۆ بیپارێزێ. لەبەرئەوە بەشێکی کەمی ڕێکخراوە نەتەوەپەرستەکانی داوای سەربەخۆیی دەکەن.

## ئازەربایجان

٧,٠ م
١٩٣٦
٧٨٪ ئازەربایجانی
٨٪ ئەرمەنی
٨٪ رووس

نەتەوەپەرستانی ئازەربایجانی بوونەتە جیاوازیخواز و پەلهاوێژ، خەون بە دەوڵەتێکی گەورەترەوە دەبینن کە خزمانیان لە ئێرانیش بگرێتەوە. گۆرباچۆف نیگەرانی ئەوەیە فۆندامێنتالیزمی ئیسلامی لەناو ئازەربایجانە شیعەکاندا پەرەبستێنێ، بەڵام وادیارە تارانیش هەر بەو ئەندازەیە دڵەڕاوکێی ئەوەیەتی بزانێ نیازیان چییە. مانگی ژانواری ڕاپەڕیوەکان لەمپەڕی سنوورەکانیان لەگەڵ ئێران بە درێژایی سەدان میل هەڵکەند و لابرد. لە ترسی کوشتار دژی ئەرمەنییەکان و هاتنەسەرکاری بەرەی میللیی ئازەربایجانی نارەسمی، مۆسکۆ ناچاربوو بچێتە ژوورەوە. نیزیکەی ١٧,٠٠٠ سەرباز باروەدۆخی هێنایەوە جێی خۆی بەڵام هەستی دژ بە سۆڤیێتیی بەهێزتر کرد. هەموو ئەرمەنییەکان وڵاتەکەیان بەجێ هێشت و گەلێ رووسیش هەڵدێن.

## لیتوانیا

٣,٧ م
١٩٤٠
٨٠٪ لیتوانی
٩٪ رووس
٨٪ پۆڵۆنی
٢٪بیلۆرووس

لیتوانیا، کە سەرکردەی خەباتی بالتیکەکانە بۆ سەربەخۆیی، قسەی گۆرباچۆڤیان پشتگوێ خست کە داوای کردبوو برێک خێرایی کەم بکەنەوە. لەبەر ئەوەی ٨٠٪ی دانیشتووانی لیتوانین، لەناو بالتیکەکاندا لە هەمووان هاوچەشن و هاوئاهەنگترە. پارتی کۆمۆنیستی لیتوانیا لەبارەگای مۆسکۆ جیابۆتەوە لەگەڵ سایودیس، بزووتنەوەی نەتەوەپەرستانە، دا هاوکاری دەکات. ئەنجامەکەش ئەوەیە، لایەنگرانی پارتی لەهەڵبژاردندا، لە ١٦٪ وە چۆتە سەرو بووەتە ٧٣٪. بەدنەدانی مۆسکۆ هەندێک لەو رووسانەی لە کۆمارەکەدا دەژین گرۆپەکی دژ بە سەربەخۆیییان دامەزراندووە، ئینتەر فرۆنت، و پۆڵۆنییەکانیش پشێوی دەنێنەوە. دوای سەرکەوتنی گەورە لە هەڵبژاردنەکانی کۆمارەکەدا وا چاوەڕوان دەکرێ زۆربەی جیاوازیخواز ئەمساڵ دەست بکاتە کاری فۆرماڵ بەرەو جیابوونەوە..

## لاتڤیا

٢.٧م
١٩٤٠
٥٤٪ لاتڤی
٣٣٪ رووس
٥٪ بیلۆرووس
٣٪ ئۆکراینی
٣٪ پۆڵۆنی

ئەگەرچی کەمایەتییەکی گەورەی رووس لە کۆمارەکەدا دەژی، بەڵام لاتڤیا هەروەک دەوڵەتانی دیکەی بالتیک بەخێرایی بەرەو جیابوونەوە ڕۆیشتووە. بەرەی گەلی لاتڤیا یەکەمین لایەنێک بوو داوای سەربەخۆیی‌ی تەواوی کرد. سۆڤیێتی باڵای کۆمارەکە مانگی رابردوو بە ١٧٧-بەرانبەر ٤٨ دەنگ دایە پاڵ ئەو داوایە. هەروەها بەندی شەشەمی قانوونی بناخەیی (دەستوور) کە مۆنۆپۆلی سیاسیی دەدایە پارتی کۆمۆنیست لابرا. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا نیزیکەی ٧٥٪ی ئەو چواردە هەزار جێگەیەی لە ئەگەر و نەگەڕا بوو وەبەر پاڵێوراوانی سەربەخۆیی کەوت. پارتی کۆمۆنیستی لاتڤیا پێوەندیی هێشتا خۆی لەگەڵ مۆسکۆدا نەبڕیوە، بەڵام لەوەیە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بیبڕێ.

## ئێستۆنیا

١.٦م
١٩٤٠
٦٥٪ ئێستۆنی
٢٨٪ رووس
٣٪ ئۆکراینی
٢٪ بیلۆرووس

ئێستۆنییەکان هەر لەئێستاوە دەستیان کردۆتە لە سکەدانی پارەی تایبەتی خۆیان و دانانی سیستەمی نەخشەی ئابووری. دانیشتووانی رووس مانگرتنی پرۆتێستیان سازدا، بەڵام ئەنجومەنی قانووندانەری کۆمار



مانگی رابردوو داوای لە مۆسکۆ کرد کە گفتوگۆ بکرێ سەبارەت «دامەزراندنەوە»ی سەربەخۆیی‌ی ئێستۆنیا. بەرەی میللی، کە خەباتی بۆ سەربەخۆیی دەست پێ کرد، خەریکە جێگای بۆ کۆمیتەی هاونیشتمانان، کە تەمەنی یەک ساڵە، چۆڵ دەکات. کۆمیتە بۆ درووستکردنەوەی کۆنە کۆمارەکەی نێوان هەردوو شەڕ خەبات دەکات و ئەو ئێستۆنییانەی بۆ وڵاتانی دیکە کۆچیان کردووە بانگ دەکات کە بگەڕێنەوە.

## کۆماری (فیدەراتیڤی سۆسیالیستی سۆڤیێتی) رووسیا

١٤٧م
١٩٢٢
٨٣٪ رووس
٤٪ تەتار
٣٪ ئۆکراینی

رووسیای گەورە، کە هەر بە نەریت بەدبینە، درەنگێ هاتە سەر ئەوەی گلاسنۆستەکەی گۆرباچۆڤ بە جیدی وەربگرێ. ئێستا، کە بە هۆی راپەڕینی دژ بە رووسەوە لە وڵاتانی بالتیک و مۆڵداڤیا، کەوتۆتە جموجووڵ، لە رووی سیاسییەوە خۆی رێک دەخات. توورەبوونی خەڵک لە بەرتیلخۆری و دەستپیسی بوو بە هۆی لابردنی کۆمیتەکانی پارتی کۆمۆنیست لە گەلێ شار. ژینگەدۆستانی سیبیریا مۆسکۆ بەوە تاوانبار دەکەن کە داخوازییەکانیان پشتگوێ دەخات، کەچی خاکەکەیان بەکار دەهێنێ. هەندێ گرۆی تازەی رووس دیموکراتن، بەڵام هەندێکی دیکە کۆنەخوازن: پامیاتی نەتەوە پەرست بە ئاشکرا ئەنتیسێمیتیکە، بەرەی یەکگرتووی کرێکارانیش دژی ریفۆرمی بەرەو بازاڕی ئازادە.

## کازاخستان

١٦.٦م
١٩٣٦
٤١٪ رووس
٣٦٪ کازاخ
٦٪ ئۆکراینی
٢٪ تەتار

بزووتنەوەی نیشتمانیی تازە پەرووباڵ دەرکردوو لە کۆمەڵێ گرۆ پێک دێت، کە عەدیلەت (رەوا= عەدالەت) و چەند کۆمەڵەی ژینگەدۆست دەگرێتەوە. ئەمانە رۆڵێکی گەورەیان هەبوو بۆ قایلکردنی مۆسکۆ کە واز لە ئازمایشتی چەکی ئەتۆمی سێمیپالاتینسک بهێنێ. عەدیلەت لە رێکخراوێکەوە پەیدا بوو کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ چاودێریکردنی قوربانییەکانی ستالین. کازاخستان یەکەمین کۆمار بوو پێکدا هەڵپژانی ئەتنیکیی تێدا قەوما دوای ئەوەی گۆرباچۆڤ دەستی بە ریفۆرمەکانی کرد: ئاژاوەی دژ بە رووس لە ئالما- ئاتا، ساڵی ١٩٨٦ بوو بە هۆی کوژرانی لای کەمی سێ کەس. هاوینی رابردوو چەند تاقمی لاوان هێرشیان بردە سەر کرێکارانی کەوکاسی کە بۆ کازاخستان کۆچیان کردووە.

## تورکمەنستان

٣,٥م
١٩٢٥
٦٨٪ تورکمەن
١٣٪ رووس
٩٪ ئوزبەک
٣٪ کازاخ

ئەمە هێمنترین کۆماری یەکێتیی سۆڤیێتە. بزووتنەوەی میللی دروست نەکراوە و بە دیموکراتیکردن تەنیا هەندێ هەنگاوی ئەزموونکارانەی هەڵهێناوە. مانگی دیسەمبەر سۆڤیێتی باڵای کۆمار رێگە درا لە ناو سێ کاندیداتدا یەکێک بۆ سەرۆکوەزیری هەڵبژێرێ. مانگێ دواتر پارتی رێگەی دا لە کەسێک زیاتر بە وەزیری کشتوکاڵ هەڵبژێردرێ. هەندێ کەس لە عەشقاباد پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە هەموو دەستەی پەرلەمانیی تورکمەنستان لە مۆسکۆڕا بهێنرێنەوە، چونکە پاسیڤن.

## ئوزبەکستان

١٩,٩م
١٩٢٥
٦٩٪ ئوزبەک
١١٪ رووس
٤٪ تەتار
٤٪ کازاخ

٤٪ تاجیک
بزووتنەوەی سەرەکیی نەتەوەپەرەستانە، بیرلیک (یەکگرتن)، دەڵێ نیزیکەی نیو ملیۆن ئەندامی هەیە. ئامانجەکانی ئەمانەن: پاراستنی ژینگە، زمان و فەرهەنگی ئۆزبەکی و ئازادیی دینی ئیسلام. نیگەرانییەکی تایبەتی ئەو پیسبوونەیە کە لە ناوچەکانی لۆکەچاندندا بە هۆی بەکارهێنانی دەرمان و ژار و چەندجار کێڵانی زەوییەوە لەسەر فەرمانی مۆسکۆ، پەیدا بووە. بەرتیلخۆری و دەستپیسی بۆتە نەریت: پار کۆنە سەرۆکوەزیرێک نۆ ساڵە زیندانیی لە کامپێکی کارکردندا بۆ بڕایەوە لەبەر بەرتیلخۆری. سەرکۆمارێک لەبەر تاوانی لەو بابەتە لەکار دەرکرا. ناکۆکی لەناو کۆمارەکەدا بە شێوەیەکی سەرەکی ئەتنییە؛ مانگی حوزەیرانی رابردوو ئۆزبەکەکان پەلاماری تورکانی مەشخەتییان دا، کە برێک گوزەرانیان باشترە، و ئەمە بووە هۆی کوژرانی ٩٩ کەس.

## تاجیکستان

١,٥م
١٩٢٩
٥٩٪ تاجیک
٢٣٪ ئۆزبەک
١٠٪ رووس

تاجیکستان، کە بچووکترین کۆماری ئاسیای نێوەندە، تا مانگێ لەمەوپێش هێمنترینیشیان بوو. بەڵام کە دەمگۆ بڵاوبووەوە گوایا پەنابەرانی ئەرمەنیی لە ئازربایجانەوە هەڵاتوو لە خانووبەرەدا وەپێش دەخرێن لە دوشەنبە (پایتەختی تاجیکستان) ئاژاوە بەرپابوو. لەسەر شەقامەکان هێرش برایەسەر رووسەکان. مۆسکۆ گوتی تاقمانی موسڵمان لە ئەفغانستانڕا چەک دێنن و لەسنوورەوە دەیهێننە ژوورەوە. گرۆی ئۆپۆزیسیۆنی تازە دامەزراو، رەستاخیز (راپەڕین) دژی ژمارەی کارمەندانی کۆمۆنیست کە بۆ هەڵبژاردن دەپاڵێورێن، پرۆتێستی کرد. ئاگری ڕک و توورەیی بە هۆی بێکاریی بەردەوام و نەبوونی شتومەکەوە لە بازاڕدا، لە خۆشبووندایە.

## کرغیزیا

٤,٣م
١٩٣٦
٤٨٪ کرغیز
٢٦٪ رووس
١٢٪ ئۆزبەک
٣٪ ئۆکراینی
٢٪ تەتار

بزووتنەوەی میلیی
تازەسەرهەڵداو، ئاشار، داوای سەربەخۆیی زیاتری ئابووری دەکات، بەڵام هێشتا ریفۆرم نەهاتۆتە کایەوە. رێکخراوی پارتی کۆمۆنیست لە کرغیزیا کۆنسێرڤاتیڤە، دژی گۆڕانی خێرا دەوەستێ و هەوڵ دەدا نەهێڵێ ئاشار گەشە بکات و ببێتە بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی دامەزراو. نارەزایی دژی بێکاری و کەمیی خانووبەرە خەڵک زیاتر بەرەولای ئەو بەرەیە دەبات. لەچەند هەفتەی رابردوودا پرۆتێست بوو بە ئاژاوە لە (فرونزێ)ی پایتەختدا. مانگی تەممووزی رابردوو گوندییەکانی کرغیز و تاجیکی سەرسنوور لەسەر زەوی و نۆرە ئاو بوو بەشەریان و زەلامێک کوژرا. ناچار میلیسیای ناوچەکە بانگ کرا بۆ گێرانەوەی ئاسایش.

یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت پانوپۆرترین وڵاتی جیهانە. رووبەری وڵاتەکە ٨,٦ ملیۆن میلی چوارگۆشەیە و شەش ـ یەکی خاکی هەموو گۆی زەویی گرتۆتەوە و بەسەر یانزدە ناوچەی کاتدانانداندا درێژ بۆتەوە.



# رادەی بەرهەمهێنان

٪ لەهەر کۆمارێکدا

ساردیدان
٥٧٪ ک. ف. س. س. رووسیا
١٢٪ ئۆکراینێ
١١٪ بیلۆرووسیا
٦٪ ئازربایجان
٦٪ لیتوانیا

گەنم
٤٨٪ ک.ف. س. س. رووسیا
٢٥٪ ئۆکراینێ
٢١٪ کازاخستان

مۆتۆر
٣٢٪ ئۆکراینێ
٢٣٪ ک. ف. س. س. رووسیا
١٣٪ بیلۆرووسیا
١١٪ ئەرمەنستان

لۆکە «پەموو»
٦٠٪ ئۆزبەکستان
١٦٪ تورکمەنستان
١١٪ تاجیکستان
٩٪ ئازربایجان
٤٪ کازاخستان

گاز
٧٥٪ ک. ف. س. س. رووسیا
١٢٪ تورکمەنستان
٦٪ ئۆزبەکستان
٥٪ ئۆکراینێ

گۆشتی رەشەوڵاخ
٤٨٪ ک. ف. س. س. رووسیا
٢٤٪ ئۆکراینێ
٨٪ کازاخستان
٦٪ بیلۆرووسیا

پەلەوەری ماڵی (مریشک، کەلەشێر، قەل.....)
٥٥٪ ک. ف. س. س. رووسیا
٢٢٪ ئۆکراینێ
٦٪ کازاخستان
٤٪ بیلۆرووسیا

تەلەڤزیۆن
٤٦٪ ک. ف. س. س. رووسیا
٣٤٪ ئۆکراینێ
١٢٪ بیلۆرووسیا
٧٪ لیتوانیا

گەنمەشامی (زوڕات)
٥٦٪ ئۆکراینێ
٢٦٪ ک. ف. س. س. رووسیا
٥٪ مۆلداڤیا

خەڵووز
٥٥٪ ک. ف. س. س. رووسیا
٢٥٪ ئۆکراینێ
١٩٪ کازاخستان

# مۆزاییکی گەلان

سەرجەم دانیشتووانی یەکێتیی سۆڤیەت ٢٨٩ ملیۆنن. لەناو ئەمانەدا ١٢ گرۆی ئەتنی دەگاتە ٨٩٪ی خەڵکەکە:

رووس ٥١٪
ئۆکراینێ ١٥٪
ئۆزبەک ٦٪
بیلۆرووس ٤٪
کازاخ ٣٪
ئازەربایجانی ٢٪
تەتار ٢٪
ئەرمەن ٢٪
تاجیک ١٪
گورجی ١٪
مۆڵداڤی ١٪
لیتوانی ١٪

خەڵکەکەی دیکە کە ١١٪ی دانیشتووان، هیچ گرۆیەکی تێدا نییە کە لە ١٪ی سەرجەمی دانیشتووانی سۆڤیەت زیاتر بێ:

تورکمەن
کرغیز
ئاڵمانی
چوڤاش
لاتڤی
بەشکیر
جوو
مۆردڤین
پۆلۆنی
ئێستۆنی
چێچێن

ئودمورت
ماری
ئاڤار
ئۆسیتی
کۆمی
پێرمیاکی کۆمی
کۆریایی
کاراکالپاک
بوریات
کەبەردین
یاکووت
بوڵگاری
دەرگین
گریکی
کومیک
ئویگور
قەوچ
ئینگوش
تورک

توڤین
گاگاوزی
کالمووک
هەنگاری
کەرەچایی
کورد
رۆمانی
کاریلی
ئادیگەیی
لەک
ئەبخازی
تەبەسەران
بالکار
خالخا
نۆگایی
ئالتایی
تونگان
فینی
سیرکاسی
ئێرانی

ئابازی
تات
بەلووچ
ئاسووری
تالیشین
رووتال
تساخور
ئاگول
شۆر
چیک
ڤێپ
عارەب
چینی
سلۆڤاک
ئەفغانی
ئودین
مەنگۆلیی خالخا
ئەلبانی
سێرب
کەراییم
کریمچاک
کرواتی
ئیژۆر

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

I

## کەڵەشێرێکی کرماشانی

کەڵەشێرێ بە ڕەزا لازمە کرماشانی
زیرەک و چاپوک و دەمگەرم، دڕ و شەڕانی

کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بیبچڕێ وەک سەگی هەورامانی

کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
رایڕفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تاڵانی

بۆ حەواڵەی دوبری ئەوکەسە خۆم ئەیزانم
دوو گونی پێوە هەبێ وەک دوو جەڕەی لەیلانی

بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات
بەجەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی

جنسی خۆی جووتە مریشکێ بەری حەملەی بگرێ
نەکو سوێی بێتەوە بێچارە، لەبەر بێگانی

ئەی نەقیبزادە، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ (ڕەزا)کەی سەگەکەی قاپییەکەی گەیلانی



II

## کەڵەشێری نەقیب

ئەو بە هەیئەت کەڵەشێرە، کە بە هەڵمەت شێرە
کەرەمت کردووە، بیستوومە، دەسا بینێرە

دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ
خرتی چەندساڵەیە، ئەڵبەت، بە مریشکان فێرە

بارەکەڵڵا، حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا
کەفی فەییازە، دڵی واسیعە، چاوی تێرە

نەوەکو شاری سولەیمانییە، کۆیە بە کەرەم
نەوەکو تاووق و کەرکووکە، نەوەک هەولێرە

ئەو هەموو شیعرە کە ناردم کەڵەشێرێکی نەنارد
جەددی ئەعلایە، نەقیبزادەیە، خۆی بێخێرە

دۆستان ئەم کەڵەشێرە وەکو تەعریفی دەکەن
بۆ ڕەزا لازمە، ئەم نێرەکەیە، ئەو نێرە

هەدییەیێ کە لە تەرەف دۆستەوە بێ شوکری دەکەم
پێی ڕەزامەندم ئەگەرچی تەرەفێکی کوێرە

قافییەی تەنگە، نەزیرەی مەکە شاعیر، زینهار
ئەوی لەم قافییە بۆت ماوەتەوە هەر کێرە

III

ئەو مریشک و کەڵەشێرە کە وتم بینێرە
دووی لە ڕێ مرد و یەکێکی بە نەخۆشی لێرە
شەو هەموو دەس بە دوعا بووین لە وەختی سەحەرا
کەڵەشێر عەمری خودای کرد و وتم وای شێرە

# ڕاپۆرتێک لە هەڵەبجەوە[1]

تێکست و وێنە لە ئامادەکردنی:
## ستێڤان یەرتین

هەڵەبجە بوو بە نیشانەیەک. پرۆگرامێکی ڕادیۆیی کە سەبارەت بە چەکی کیمیایی بوو نێوی لێ نرابوو لە ییپریسەوە تا هەڵەبجە. ئەوەی کە لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا لە هەڵەبجە ڕووی دا هەر لە سەرەتاوە بە ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ دانرا. بەڵام بە تەواویش بێ گیروگرفت و کێشە نییە. بەکارهێنانی گازی سیناپ لەلایەن ئەڵمانەکانەوە دژ بە ییپریسی بەلژیکی لە ساڵی ١٩١٥دا و بۆمبی ئەتۆمی ئەمریکی دژ بە هیرۆشیما لە ساڵی ١٩٤٥دا لەیەک لایەنەوە لێک دەدرێنەوە.

هەڵەبجە جودایە، لەپێش هەموو شتێکدا لەبەرئەوەی شارەکە بوو بە قوربانیی دوو جەنگی یەکجار جیاواز: جەنگێکی نێوان عێراق و ڕێکخراوەکانی کوردی عێراق کە کوردستانێکی ئازادیان دەوێ و جەنگێکی دیکە کە لە نێوان ئێران و عێراقدایە. لەبەرئەوەی بەلایەنی کەمەوە ٥٠٠٠ کوردی مەدەنی بوون بە قوربانی، هەڵەبجە لە پێش هەموو شتێکدا بەشێک و ئاڵقەیەکە لە جەنگی عێراق-کورد، ئەو جەنگەی کە زێتریش دەخایەنێ و دەرچە و چارەسەرێکی نادیار و تەماوی هەیە. بەڵام هۆی ئەوەی کە هەڵەبجە بەو جۆرە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا و وروژان ئەوەبوو کە ئێران وەکو بەشێکی گرنگی جەنگی نێوان عێراق و ئێرانی دایە قەڵەم کە تێیدا عێراق تاوانبار بکرێت و دابنرێ بەوەی کە ژەهری دژ بە خەڵکی مەدەنی بەکارهێناوە.

لەبەرئەوەش دەزگەی جەنگیی ئێرانی دەیان ڕۆژنامەوانی گەیاندە هەڵەبجە. کوردەکان لە ماوەی ساڵێکدا هەوڵیان دا کە سرنجی جیهان ڕابکێشن بەرامبەر بە جەنگی ژەهراویی عێراق، بەڵام سەرنەکەوتن. ئێران چونکە دەست ڕۆیشتوو و خاوەن دارایی بوو سەرکەوت.



ستێڤان یەرتین لە ساڵی ١٩٧٨-وە لە بەشی بەڕێوەبەرێتیی دەرەوەی بیرۆی تێلەگرامی ڕۆژنامەکانی سوێد کاردەکات. لەبارەی گەشتەکانییەوە بۆ تورکیا و سووریا و لوبنان و ئێران و یۆنان ڕیپۆرتاژی نووسیوە.

ڕێگەم بدەن با ڕاستەوخۆ بێمە سەرئەوەی کە من لە پسپۆڕە ڕاستەقینەکان جودا دەکاتەوە- ڕۆژی ٢٢ی مارس ئەمن لەوێ بووم، لە هەڵەبجە، کە دەیکردە ڕۆژی حەوتەم دوای بۆمبارانە ژەهراوێکە. ئێمە کە پەنجا ڕۆژنامەوانێک دەبووین بە دوو هێلیوکۆپتەری هیوی-بێڵ لە باختەرانەوە[2] بەسەر ئەو چیا بەرز و مەزنانەدا و بە درێژایی چەمێکدا بە نزمی فڕین و لە خوارەوە بەرەو هەڵەبجە هاتین. لە خوارووی ڕۆژاوای شارەکەوە نیشتینەوە، لەسەر لاپاڵێکی بە گیا داپۆشراو لە تەنیشت گۆڕستانێکەوە بە نێوی شەهیدان. هێلیکۆپتەرەکان ئێمەیان داگرت و بۆ خۆشیان زۆر بە خێرایی لەچاو ون بوون. دەسبەجێ زۆریی جموجوڵ و چالاکیی هێزی هەوایی عێراقیمان بۆ دەرکەوت. کە تەماشای هەڵەبجەمان کرد:

کۆمەڵە خانوویەکی خۆڵەمێشی کەوتبوونە نێوان چیا کەسکەکانەوە لە پشتەوە و دەشتاییەکی سەوز لە پێشەوە، ئەو دەشتایی‌یە دادەچۆڕا و شۆڕ دەبووەوە تا دەگەیشتە زەریاچە سێگۆشەکەی دەربەندیخان کە یەک میل لەوێوە دوورە. بە جووتە لۆرییەکی گەورە و بەرین نزیکەی ٤٠٠ میترێک بەرەو قەراخ شاری هەڵەبجە براین. لەپڕ نموونەیەکی ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە سەفەرەکەمان لەلایەن ئێرانیکانەوە بە ڕێکوپێکی و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ڕێکخراوە (من ناڵێم کە مەبەستێکی ناماقووڵ و ناجۆر بوو، بەڵام مرۆڤ دەبێ لە مەسەلەکە ئاگادار بێت). ئیدی لەوێ خودی ئایەتوڵڵا حەکیم[3] بە خۆ و بە مێزەرە ڕەشەکەیەوە هات و بە کۆمەڵێک پاسداری شۆڕشەوە دەورەدرابوو و قورئانخوێنە نەریتێکەشی بە شوێنەوە بوو. حەکیم ڕێگەی وێنەگرتنی دا و چەند ڕستەیەکی گوت لە بارەی ئەوەوە کە هەڵەبجە دەبێ بەختەوەر بێ بەوەی کە لەلایەن ئێرانەوە ڕزگارکراوە.



## خانۆکان نەڕووخابوون

حەکیم ڕێبەرایەتیی هەڵاتوو و پەنابەرە عێراقیکان دەکات کە لە ئێرانن و لەلایەن ئێرانیکانیشەوە بەرپرسیارێتی دیلە عێراقیکانی کە لە ئێرانن وەرگرتووە. حەکیم چی دابوو لە هەڵەبجە، ئەوە پاشان ڕون دەبێتەوە. بەلای خانوویەکی سێ نهۆمیدا کە دیوارەکانی پان و بەرین بوون تێپەڕین، ئەو خانووە سەربازگەی عێراقی بووە. لەپڕ کەوتینە سەر شەقامێک کە بەکۆمەڵ لاشەی لەسەر کەوتبوو، مرۆڤێک، یەکێکی دی و یەکێکی دیکە، یەکسەر بەلای ڕاستدا لەلای پلیکانەیەکەوە پیاوێک بەسەر کچە چکۆلانەکەیدا کە ویستبووی بیپارێزێ یان بە پەلە هەڵیگرێ و بیباتە ماڵەوە، کەوتبوو و مردبوو. «پیر محەمەد» کە گەڕەکێکی شارەکەیە دەکەوێتە قەراغی لای ژووری شارەوە. خانۆکان هەروەکو خۆیان مابوونەوە و لە هەموو لایەکیش لاشەی مردوو زۆرجار بە چاوی کراوەوە کەوتبوون بێ ئەوەی هیچ جێ برینیشیان پێوە دیاربێت. مانگاکان لە بەردەمی ماڵەکاندا، هەر بە بەستراوەیی و بەکۆمەڵ لەو ناوەدا کەوتبوون. پشیلەکان وا دەهاتنە بەرچاو کە چێژ لە هەتاوی بەهاری کوردەواری وەردەگرن. خانۆکان لە دیوی دەرەوە نەڕووخابوون و زیانیان نەکەوتبووێ. هیچ نیشانەیەکی بۆمباران نەدەهاتە پێش چاو. دەرکە ئاسنینەکان کە بە ئاستەم کرابوونەوە، خەرمانی لاشەی مرۆڤیان لە ڕاڕەو و حەوشەکاندا تا نێو ماڵەکان لە پشتەوەی خۆیاندا شاردبۆوە. سەرم لە گوند و شاری تری کوردنشین دابوو، بەڵام قەت سەرم بە ژووری ماڵاندا نەکردبوو، ئەمجارەیان وام کرد، هەموانم بە مردوویێتی لە ژووری ماڵەکاندا دەبینی. مردنێکی بێ ئاژاوە، بێ شپرزەیی، بێ شڵەژان، بەڵام بە پەلە، لەڕاستیشدا بەتەواوی نائاگایی و هەست پێ نەکردنەوە. بەتایبەت ماڵێکم وەبیردێتەوە کە پیرەژنێک و گەنجەژنێک و حەوت منداڵی تێدابوو. پاشتر لە دکتۆرێکم بیست کە ئەوانە تووشی گازی سیانید بوون و بێ ئەوەی هەست بە هیچ بکەن لە ماوەی بیست چرکەدا مردوون. لەوانەیە گەڕەکی پیرمحەمەد بیری ئەوەی دابێتە ئێرانیکان کە شتێکی گەورە بکەن بۆ ئاگادارکردنەوەی دەزگەکانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا لەمەڕ هەڵەبجە: خانۆکان هەروەکو خۆیان بەپێوەبوون چ رووخاو و داتەپیوییان تێدا نەبوو، خەڵکەکە مردبوون و بووبوون بە لاشەی بێگیان کە ڕەنگە بەگاز یان شتێکی دیکە مردبن. کەس لە هۆی مردنەکە دوودڵ نەبوو کە چەشنە گازێکی ژەهراوییە.

لەخەڵکی خودی شارەکە زۆرکەس نەمابووەوە. مامەیەکی پیر باسی ئەوەی بۆ کردین کە چۆن خۆی لە ژێرزەمینێکدا بە زیندوێتی ماوەتەوە لە کاتێکدا کە تەواوی خێزانەکەی مردوون. کوڕێکی ١٤ ساڵان کە بەلایدا تێپەڕین بە بێدەنگی پەتۆیەکی لەسەر لاشەیەک لابرد، بەشێوەیەکی وا دەهاتە بەرچاو کە هەموو ڕێکخرابێت یان پێشتر ئامادەکرابێت. لەنێو مردۆکاندا لاشەی هیچ سەربازێکی تێدا نەبوو و کەمیشیان پیاوبوون. لەلای ژووری شارەکەوە یەکسەر لەسەر ڕێگەی بەرایی گەڕەکی پیرمحەمەددا گۆریسێک دانرابوو و سەربازە ئێرانیکان پاسەوانییان دەکرد: ئەوە بێگومان لەبەر ئەوەبوو کە ڕێگە لە خەڵکی کوردی شارەکە بگرن و نەهێڵن بچنە نێو پیرمحەمەدەوە بۆ ناشتنی مردۆکانیان پێش ئەوەی جیهان ئەم بینینە کورت و چاوترووکاندن ئاسایە تۆمار بکات.

ئێمەی ڕۆژنامەوان بەبێ هیچ نەخشە و پلانێک دەچووینە ماڵانەوە و دەردەچووین. ئێرانییەکی تارانی کە جلوبەرگی مەدەنی دەبەردا بوو، لەگەڵماندا بوو، بەڵام ئێمە چ کەسێک بە دووی خۆی نەدابووین و ڕێنیشاندەریشمان نەبوو. کە من ویستم بەسەر هەورازێکدا سەرکەوم کە کەسی نەگەیشتبووێ، لەپڕ تووشی پاسدارێک بووم و لێ‌نەگەڕا بەوێدا بڕۆم.

## چەندین قوربانی؟

مردۆکانی نێوشار بەڵگەبوون بۆ بۆمبارانی ژەهراوی و گرنگترین شتیش بوون لە سەردانەکەی ئێمەدا. ئەو وێنانەی ئەوێ سەرنج و دیتنێکی مەزنیان سازکرد. ئەوەی کە ڕۆژنامەوانەکان بە ڕوون و ئاشکرا ئارەزوویان دەکرد ئەوەبوو کە ژمارەی مردۆکانی هەڵەبجەیان بۆ ساغ بوایەتەوە و بیانزانیبا کە چەندن. ئایا وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشتر ڕایگەیاندبوو ٤٠٠٠ بوون یان وەکو ئێرانیکان هەمان بەیانی لە بەختەران بە ئێمەیان گوت ٥٠٠٠ بوون؟ هەر لەبەرئەوەش بوو کە زۆر لە ئێمە لاشەکانیان دەژمارد و پرسیاریشیان لەو کەسانە دەکرد کە تووشی دەبوون کە لاشەی تر لەکوێ هەیە. ناوبەناو لەنێو شاردا خەڵکمان تووش دەبوو: پیاوێک بە لاماندا تێدەپەڕی، چەند منداڵێک لە پشتی پەرژینەکەوە بوون. بە کوردی و عارەبی و فارسییەکی تێکەڵ و پێکەڵ هەوڵمان دا هەندێ ڕاستییان لێ هەڵکڕێنین. دەستەیەکی تەلەڤزیۆنی تورکی کە لەگەڵماندا بوون بەو ناوەدا دەسووڕانەوە و پرسیاری خەڵکی تورکی زانیان دەکرد تاوەکو یەکێکی خەڵکی هەڵەبجەیان لێ دەرپەڕی و گوتی: ئێمە کوردین، ئێمە تورک نین. بێگومان لە نێو ئێمەشدا چاودێرێکی ئێرانی هەبوو، ئەرکی ئەوەبوو ئاگادار بێ لەوەی کە ئێمە چی دەبینین و بە نەرمیش ڕێبەرایەتیمان بکات. لای ئەو کابرایە ڕوون بوو کە ڕۆژنامەوانەکان لاشە دەژمێرن و هەرگیزیش نەیاندەتوانی بوونی ٥٠٠٠ مردوو جەخت بکەن. پێم وایە ئەوەی پاشتر ڕووی دا شتێکی لەناکاو بوو و بێ خۆئامادەکردن بوو بۆی. دوو لۆری پەیدا بوون و ئێمەیان هەڵگرت و بردینیان بۆ گەڕانێک بەو دەوروبەر و گوزەرەدا. دەیانەویست پێشتر ئەوەمان پیشان بدەن کە چۆن جەنگەکە ڕووی دابوو، عێراقیکان لە ڕێگەدا بەرەو گوندی دوجەیلە لەگەڵ ئێرانیکاندا پێکیاندا دابوو و کوژرابوون. بە درێژایی قەراخ ڕێگەکە لاشەیەکی زۆری سەربازی عێراقی کەوتبوون، لەپڕ درانە بەر تۆپ و گوللەتۆپ لە پێش و پشتمانەوە دەکەوتنە سەر ڕێگەکە، بڕێک چاوەڕوان بووین بۆ ئەوەی لەو گوللەبارانە دەرچین و بەرەو هەڵەبجە ئاژۆتمان و گەڕاینەوە. هەر پێش هەڵەبجە یەکسەر شۆفێرەکان بەلای چەپدا وەرچەرخان و هەورازە ڕێیەکی بارێکی پێچاوپێچیان گرتەبەر بەرەو گوندی عەنەب ئاژۆتیان. ئەوەی کە لەوێ بینیمان نە ڕێکخرابوو و نەش پێشتر ئامادەکرابوو.

بە درێژایی ئەو ڕێگەیەی کە پێیدا بەرەو عەنەب دەچووین لەنێو چاڵ و قۆرت و مێرگ و پشت و پەنای دارەکاندا لاشەی مردوومان دەدیت. ئەوان هەم بە ژەهر و هەمیش بە بۆمبی هێشوویی بریندار بووبوون و کوژرابوون. لە هەموولایەک پەتۆ و شتی ناوماڵ و کەل و پەل و جل کەوتبوو. بێگومان ئەو خەڵکە بەخۆ و بە شتومەکیانەوە لە هەڵەبجە یان بەرەو هەڵەبجە





هەڵاتبوون و فڕۆکەی عێراقی پەلاماری دابوون و تەقەی لێ کردبوون و بۆمببارانی کردبوون. لە هەر جێگەیەک پێیان کرابوو خۆیان شاردبووەوە و تووشی گازەکە هاتبوون. گوندی عەنەب دەکەوێتە هەمان رووکاری پیرمحەمەدەوە، بۆیە دەبێت هەمان پەڵەهەورەگاز بێت کە ئەوانیشی گرتبێتەوە. لە دواییدا ئۆتۆمبیلەکان لە دەشتێکی سەوزەڵانیدا وەستان کە ٨٠ لاشەی کۆمەڵکراوی لێ کەوتبوو و چاوەڕوانی بە کۆمەڵ ناشتن بوون لە گۆڕی گەورە و کۆمەڵیدا. بۆ ئەم مەسەلەیەش پرس بە خومەینی کرابوو و ئەویش لە فتوایەکی تایبەتیدا و لەبەرخاتری ئەوانەی کە ماون ڕێگەی دابوو مردووەکان بێ دابی شۆردن و کفن کردن بنێژرێن.

سەردانی عەنەب مەزنیی کارەسات و لێقەومانەکەی بۆ دەرخستین و گومان و دوودڵیی مردنی هەزاران خەڵکی لا رەواندینەوە. دوای ئەوەی بە ئۆتۆمبیلەکان جارێکی دی بەرەو ناوشار چووین و بەنێو بازار و فرۆشگەکاندا، کە بە بۆمبی ئاسایی و نەریتی بە تەواوی خاپوور کرابوون، رۆیشتین. ئەگەر پێشتر لەو شوێنەدا مردوو هەبووبن، کە بێگومان بوون، ئەوا لابراون و دوورخراونەتەوە. پاشتر ماوەی چەند سەعاتێک لەنێو مێرگێکدا لە دەرەوەی هەڵەبجە چاوەڕوانی هێلیکۆپتەرەکانمان دەکرد و بە روونی ریزە تۆپێکی ئێرانیکانمان دەدیت کە بەرەو رووی عێراقیکان دانرابون و هێزێکیش بە چەک و تۆپەوە لەنێو هەڵەبجەدا خۆیان حەشار دابوو و ئەوانی دیکەش لە قەراخ زەریاچەکە بوون. هەر ئەوکاتە چەند فڕۆکەیەکی عێراقییش بەسەر سەرماندا بەرەو رۆژهەڵات تێپەڕین- رۆژی پاشتر بۆمان دەرکەوت کە ئەو فڕۆکانە بەرەو گوندەکانی نێو چیاکان چوون و بۆمبی گازیان پێبووە. کاتێک لەوێ وەستابووین لە دوورەوە کۆمەڵە ژنێکمان بینی منداڵێکیان لەگەڵ بوو بەرەو شار دەچوون: ئەوە گەورەترین تاقم بوون لە خەڵکی هەڵەبجە کە لە تەواوی کاتی سەردانەکەماندا تووشی بووین. پێش ئەوەی سەردانی هەڵەبجە بکەین، لە تاران سەری نەخۆشخانەیەکمان دا کە بریندار و لێقەوماوی هەڵەبجەی لێ بوو. لەوێ بە دوور و درێژی لەگەڵ پزیشکێکدا لە بارەی ئەو ژەهرانەوە کە بەکارهێنرابوون، دواین. لە رێگەدا بەرەو هەڵەبجە لە باختەران لامان دا، برایەک بە ناوی شەفیق کە پاسدار بوو لەبارەی جەنگەوە لە دەوروبەری دەربەندیخان بۆی باسکردین و زانیاریی داینێ. رۆژی دوای سەردانی هەڵەبجە دەرفەتی ئەوەمان بۆ هەڵکەوت کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ٢٥ ئەفسەرە عێراقیانەدا کە لە هەڵەبجە بە دیل گیرابوون، بکەین و ٣٠٠٠ لە پیاوە یەخسیرەکانیش ببینین، کە گوێیان لە پەند و مۆچیاریکانی حەکیم دەگرت، هەمان کۆنە حەکیمی لەمەڕ خۆمان. لە دواییدا چاومان بە خەڕڕازی کەوت کە قسەکەری سوپایە و لە ماوەی ١٠٠ دەقیقەشدا رەفسەنجانیمان دیت.

من لە تاران نوێنەرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشم چاوپێکەوت. پاش هەموو شتێک تووشی سێ دکتۆری بەلژیکی و هۆڵەندی هاتم کە لە ٢٥ی مارسدا سەردانی هەڵەبجەیان کردبوو، ئەوان پوختەیەکی ئەو دەرمانە کیمیاییانە و ئەو ژەهرانەیان بۆ روون کردمەوە کە بەکار هێنرابوون.

ئێستا بە تەواوی ئاشکرایە کە بە گازی سیانید و سیناپ خەڵکی هەڵەبجە کوژراون، پرۆفیسۆرێکی بەلژیکی بە ناوی «ئا. هەیندریکس» باسی ئەوە دەکات کە گازی تابوون و سارین و سوومان کە هەرسێکەیان گازی دەمارن بەکارهێنراون و ئەو لەو باوەڕەدایە کە جگەلەوانەش ماددەیەکی میکرۆبایۆلۆژیش کە زێتر پێی دەڵێن «زەردەباران» لەو تێکەڵاوەدا بەکار هاتووە و بەسەر هەڵەبجەدا کراوە. پسپۆڕێکی سویدی بە ناوی «یووان سڤانتەرسۆن» کە لە (F. O. A. ئێف. ئۆو. ئا)[٤] دا کاردەکات دەڵێ کە گومان لە بەکارهێنانی گازی سیانید و سیناپ لە هەڵەبجەدا نییە، بەڵام ئەو بۆخۆی گومانی لە بەکارهێنانی ژەهری دەمار هەیە و دڵنیاشە لەوەی کە زەردەبارانی لەگەڵ نەبووە.

ئەوانەی کە بە سیانید دەمرن لە ماوەی ٣٠ چرکەدا گیان لەدەست دەدەن. گازی سیناپ زێتر سەرەتایی‌یە و سییەکان بریندار دەکات، کە رەنگە کوشندە بێت، لە زۆر حاڵەتیشدا تەنێ دەبێتە هۆی سووتان و تۆقڵەی گەورە گەورە دروست دەکات. ئەوانەی کە بە زیندوێتی دەگەنە نەخۆشخانە و دەژینەوە زۆربەی جار رزگاریان دەبێ. لە نەخۆشخانەیەکدا لە تاران کە خەڵکی هەڵەبجەی وەردەگرت پێیان گوتم ئەگەر هەر زۆریش بووبێ و لایەنی زۆری بژمێرین ئەوا لە ٢٪ ئەو کەسانەی گەیشتوونەتە ئەوێ مردوون. پاش ماوەیەکی کورت زۆریان ئێزن دران و نەخۆشخانەیان بەجێ هێشت و پاشتر هەموو لە کامپ و ئۆردووگاکانی پەنابەران لە دەرەوەی تاران کۆکرانەوە. ئەو کوردە عێراقیانەی خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە کە ژمارەیان ٦٠٠٠ کەس دەبوو برابوون بۆ ئێران، زێتر بۆ تاران و هەندێ جاریش بۆ باختەران، سەختی و دژواری و ناخۆشییان لە باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە پاشان دەست پێ دەکات.

لە پێشدا بە تەواوی بۆ ئێمە ساخ نەبووبووەوە کە بەڕاستی لە هەڵەبجە چی رووی داوە. شتێکی هێندە هاسان و ساکار کە بزانین چ رۆژێک بۆمبارانە ژەهراوییەکە رووی داوە سەخت بوو: خەڵکانی جیاواز کە پەیوەندییان بە مەسەلەکەوە هەبوو رۆژانی ١٦ و ١٧ و ١٨ی مارسیان دیاری دەکرد. ماوەیەک وامان زانی کە هەموو ئەو رۆژانە و کەم کەم بۆمبباران کراوە. لەو فیلمە ڤیدیۆیی‌یە ئێرانییەدا کە لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ ماڵ رۆژی بۆمبارانەکە بە هەینی خوێناوی نێو دەبا. بەڵام ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە رۆژی چوارشەممەی ١٦ی مارس رۆژی بۆمبارانە ژەهراوییە کوشندەکە بووە.

پرسیارێکی دیکە ئەوەبوو کە ئایا لە راستیدا کێ شارەکەی گرت و عێراقیکانی چەک کرد. ئێران لە پێشدا رایگەیاند کە ئەوانەی پێیان دەڵێن خەباتکەرانی موسوڵمان راپەڕیون و شارەکەیان داوەتە دەست پاسدارانی شۆڕشەوە کە هاتبوونە پێشەوە و نێزیکی شارەکەوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیگوت کەوا پێشمەرگەکانی ئەوان لە ناوەوە شارەکەیان گرتووە لەو کاتەدا کە زانیویانە ئێرانیکان بەڕێوەن و پێشتر خورماڵیان داگیرکردووە کە تۆزێک سەرەوەی هەڵەبجە دەکەوێت.

بەپێی زانیاریگەلێک کە لە ئەفسەرە دیلە عێراقییەکانەوە دەبیستران وا دەردەکەوت کە ئێران عێراقیکانی هێزی ناسراو بە هێزی بەدریشیان بەکارهێنابێ، یانی عێراقییە پەنابەرەکانی ناو ئێران یان ئەو دیلانەی چوونەتە پاڵ ئێران و دژ بە عێراق دەچنە جەنگەوە. ئێران ئەوانە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی لە بڵندگۆکانەوە


ڕووی دەمیان بکەنە سەربازی عێراقی و بقیڕێنن بۆ ئەوەی وایان لێ بکەن کە بڕووخێن و ورە بەربدەن و خۆ بەدەستەوە بدەن. ڕێبەر و سەرکردەی ئەوانەش ئایەتوڵڵا حەکیمە.

## پاشخانێکی سوپایی:

تاران بە مانۆڕێکی سوپایی زیرەکانە لە ١٥ی مارسدا دەستی بە ڕووداوەکان کرد. سەربازی کۆماندۆ بەنێو جۆگە و ڕێگەی ئاویی چکۆلە چکۆلەدا خۆیان گەیاندە لای خوارووی زەریاچەی دەربەند و بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێ گەیشتنە بەشی ژوورووی زەریاچەکە. لەوێ ئەوان ئەو ڕێگە مەزنەی کە لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە و خورماڵ و هەروەها بەرەو ئەو بەشەی ئێران کە هێشتا بەدەست عێراقەوەیە تا نێزیک شاری نەوسوود، دەچێت، بڕییان. لە هەمان کاتیشدا ئێران بە هێزی تۆپەکانی شالاوێکی نەریتی بردە سەر چیاکان. ئیدی لەبەرئەوە کە ڕێگە بەرەو بەشەکانی دیکەی عێراق بڕابوو عێراقیکان شلەژان و تێکچوون و پێشمەرگەش لە گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و ئەوانەی کە لەنێو شارەکەدا بوون ئەو هەلەیان قۆستەوە و پەلاماری عێراقیکانیان دا. لەبارەی جەنگی ڕاستەقینەوە کە عێراقیکان کردبێتیان هیچ شتێکمان نەبیست، تەنێ هێندێ زانیاری نەبێت سەبارەت بەوەی کە هێندێ عێراقی پاش زێتر لە شەو و ڕۆژێک خۆیان داوە بە دەستەوە. ئیدی هەڵەبجە کەوتە دەستی پێشمەرگە و زێتریش خەڵکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چەند کەسێکی سیمبۆلیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. ئیدی ئەو کاتە پاسدارانی شۆڕشیش گەیشتنە ئەوێ. لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەو عێراقییانەی کە ڕەدووی ئێرانیکان کەوتبوون فریای ئەوە کەوتبوون لە جەنگدا ڕۆڵێک ببینن، ئێمە ئەوە نازانین. بەڵام بەلای کەمەوە ئەفسەرێکی عێراقی پێی گوتین کە ئەو بۆ خۆی خۆی داوە بەدەست ئێرانیکانەوە.

ئەگەر عێراقیکان هەر لە سەرەتاوە ئەو تاکتیک و ڕێبازە پڕ زەبر و توند و تیژەیان بۆ ڕووخاندن و کاولکردنی ئەو شار و گوندانەی کوردستان کە دەکەوتنە دەست ئێرانیکان یان دەستی کوردەکان بەکار هانیبێ، ئەوا ئێستا دوو هێندە هۆیان بەدەستەوەیە کە ئەو کارە لەگەڵ هەڵەبجەدا بکەن: هەڵەبجە سێ جۆرە دەستە و تاقمی دوژمنی دژ بە سەددامی تێدا بوو: پاسداران، پێشمەرگە و عێراقیکانی سەر بە حەکیم. وا پێدەچوو ئێرانیکان ماوەیەکی کەم لە هەڵەبجە بمیننەوە. ئەوان لە ژێر نیگا و تێڕوانینی گومانایی خەڵکی شارەکەدا چووبوونە نێو شارەوە. لە فیلمێکدا کە ئێرانیکان خۆیان گرتبوویان مرۆڤ ئەوە دەبینێ کە کوردەکان بە درێژایی قەراخ شەقامەکاندا بەچاوی چاودێری کەرەوە دەڕواننە ئێرانیکان نەک بە خۆشی و پێشوازی لێکردنەوە وەکو قسەکەرەکە لە فیلمەکەدا دەڵێ. کاتێ ئێمە سەردانی هەڵەبجەمان کرد لە هیچ شوێنێکی نێوشار تاقمی زۆر و گەورەی ئێرانی لێ نەبوو. ڕەنگە ئەوان لەنێو چاڵ و ژێر زەمیندا خۆیان شاردبێتەوە و دیار نەبن. بەڵام لە قوڵی ژووروووەوە و بە درێژایی ڕێگەی سلێمانیدا جەنگ بەردەوام بوو. ١٢ی ئەپریل ئێرانیکان هێرشێکی نوێیان دەست پێکرد، ئەمجارەیان بەرەو پێنجوێن کە زۆر ژوورترە.

بەلای ئێرانەوە تراژیدیای هەڵەبجە بەشێکە لە جەنگ لەگەڵ عێراقدا و بەتایبەتی و ڕوونتریش هەڕەشەیەکە لە شارە گەورەکانی ئێران. لە ٢٩ فێبریوەریوە ١٤٠ مووشەک (ڕاکێت)ی عێراقی لە تاراندا تەقیوەتەوە. ڕێبەرایەتی ئێران لەوە دەترسن کە مووشەکەکان لەپڕ کەرەسەی جەنگیی کیمیایی‌یان تێدا بێت. عێراق وەها مەترسی و دوودڵییەک بە درۆ ناخاتەوە، بە پێچەوانەوە وەزیری دەرەوەی عێراق تاریق عەزیز گوتبووی کە عێراق دەبێ هەموو چەشنە چەکێک لە جەنگدا بەکار بهێنێ. لە تاران و ئەسفەهانەوە هەواڵی ئەوە دەگات کە خەڵکی مەدەنی لەبارەی خۆپاراستنەوە لە چەکی کیمیایی دەرز و کەرەستەی خۆپاراستنیش وەردەگرن.





## تراژیدیایەکی کوردی:

هەڵەبجە بۆ کوردەکان شتێکی دیکەیە و زێتر ئاڵۆزە. شارەکە هێزێکی گەورە و زۆری عێراقی دەستی بە سەردا گرتبوو، بەڵام زۆربەی گوند و دەوروبەری هەڵەبجە بەدەست پێشمەرگەی کوردەوە بوون. زۆر گوتە و قسە هەیە لەبارەی مەکۆ و بنکە و بارەگای هێز و ڕێکخراوە جیاوازەکانی کوردە عێراقیکان و ئێرانیکانەوە لە باکوری هەڵەبجەدا. بەپێی ئەو بۆچوون و دیتنە کارەسات و لیقەومانی هەڵەبجە گەلێک گەورە بوو کە بە شێوەیەکی گشتی جەنگێکی وا مەزن کەوتە ئەو ناوچەیەوە. خورماڵ و هەڵەبجە وێران کراون و هەموو ناوچەکەش بەر بۆمبارانی عێراقی دەکەوێت. بارودۆخەکە بەو شێوەیەی پێشتری چاکتر و لەبارتر بوو کاتێک کە ناوچەکە تا ڕادەیەک ئازاد کرابو و عێراقیکان تەنێ لە شارەکان و سەر جادەکاندا هەبوون.

بۆچی ئێران ئەو ناوچەیەی دەوروبەری دەربەندیخانی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەیەکی جەنگیی گەرم؟ ڕەنگە وەکو لە تاران لەو دوایی‌یەدا باس دەکرا هۆی ئەوە بێ کە لە بەرەی جەنگی باشوورەوە زێتر پێشکەوتن ڕوونادات. بەسرە ناتوانرێ بگیرێت. ئەوجا ئێران ئەوە هەڵدەبژێری کە بەنێو کوردستاندا بڕوات ، بە کاوەخۆ، چونکە بۆ ئێران کات هەیە. ئەوە عێراقە کە ناتوانێ لە جەنگێکی درێژخایەندا بەردەوام بێت.

ئەمە گۆڕانێکی ڕاستەقینە و کاریگەرە بۆ کوردستان و بەم بۆنەیەشەوە ئەمەی هەڵەبجە ڕەنگە بە ڕاستی نیشانەی شوومی و هەڕەشەی کارەسات و لیقەومانی پێوەبێ: ئەمە ڕەنگە سەرەتای جەنگی گەورەتر بێت کە هەموو ناوچەکە بگرێتەوە و هەڕەشەی بۆمبارانکردنی ژەهراوی ئاوەدانی لەدوای ئاوەدانی بێت لەلایەن عێراقەوە هەمووش لەبەرئەوەی کە دەکەونە بەردەست ئێران.

ئەمەی کە ئێستا ڕوودەدات ڕەنگە شتی خەتەرتر و مەزنتریشی بەدوادا بێت بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. بۆ خۆڕاگرتن لە بەرامبەر وەها هەڕەشەیەکدا دەبێ یەکێتییەکی کورد پێک بێت و گەشە بکات. نیشانەی ئەوەش هەیە کە ئەو یەکێتییە بەڕێوەیە.

□

ئەمجەد شاکەلی

لە سوێدییەوەکردوویە بە کوردی

پەراوێزەکان

(١) ئەم گوتارە لە ژمارە ١٣ی بەهار و هاوینی Svensk-kurdisk journal دا بڵاوکراوەتەوە و ڕۆژی ١٣ی ئاپریلی ١٩٨٨ نووسەر بۆخۆی لە سیمینارێکدا کە کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد-کوردستان لەمەڕ هەڵەبجە سازی کردبوو، خوێندییەوە.

(٢) باختەران = کرماشان

(٣) ئایەتوڵڵا محەمەد باقر ئەلحەکیم (محمد باقر الحکیم) سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی شۆڕشی ئیسلامی عێراقە کە بۆخۆی لە کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنیشێ.

(٤) FOA : دەزگەی توێژینەوەی بەرگری.

(وەرگێڕ)



# تفەنگ و خوێن و چیا

ئازیز ئەحمەد سنەیی

وتیان کاکە،
وشەی تفەنگ
رەقە، زەقە، ناهەموارە!
بەرهەڵستی گەشە و نەشەی شیعرەکانتە.
شانی شیعرت
بەم بۆنەوە بریندارە!
ئەی من چ بکەم
نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم
تفەنگێکە و
بتانەوێ و نەتانەوێ
لەناو هەموو نووسراوەکانما دیارە
وتیان: چیا،
زۆر سەرکەشە
لەناو شیعرێکی پەسەند و رێک و پێکدا
ناشیرینە، قوت بێتەوە
ئەی من چ بکەم
نیشتمانم کوێستانێکە و
هەرچەند ئەکەم
وشەی چیا
لەناو دێڕ و رست و کرتی شیعرەکانما
ناچێتەوە!

وتیان، ئەی خوێن
خۆ ئیتر خوێن
پێویست ناکا لەناو شیعرا خۆی بنوێنێ
ئەی من چ بکەم
نیشتمانم دەریای خوێنە
رەنگی خوێن لە دڵۆپی خوێن بسڕەوە
چی دەمێنێ
بتانەوێ و نەتانەوێ
وشەی شیعری من هەر خوێنە.
پێتان دەڵێم
شاعیرانی وڵاتەکەم
پێتان دەڵێم
سەری شیعری بێ چەک دەبڕن
شیعری بێ خوێن
زەرد و بێ هێز و لاوازە
شیعرێ چیای تێدا نەبێ
زگی دەدڕن!
پێتان دەڵێم
بۆیە شیعرم خویناوییە و
سوورە رەنگم
من شاعیری نیشتمانی
خوێن و کوێستان و تفەنگم.



# ئاشبەتاڵی بیرێکی سەرچڵ

کوردۆ عەلی

«تارمایی‌یەک لە ئەورووپادا گێژ دەخوات، ئەوە تارمایی کۆمۆنیزمە» تۆز دەکات. ئەو تارمایی‌یەی مارکس و ئینگلز لە مانیفێستی کۆمۆنیستیدا، پێش ١٤١ ساڵ بانگی «خولخواردنی» هەڵدەدەن، ئەوڕۆ پاش نیزیکەی نیو سەدە لە تەجروبەی تاڵی دەسەڵاتی، مژدەی سەرنوگوم بوون و تەفروتوونا بوونی لە تەواوی دونیادا رادەگەیەنرێت.

ئەو بیرەی لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانەدا شانی دادابێت، هەر لە کووباوە تا تانزانیا، هەر لە کۆریا و کەمبۆدیا و چینەوە تا رووسیا، هەر لە رۆمانیاوە تا چیکۆسلۆڤاکیا و پۆلۆنیا، هەر لە ئالبانیاوە تا یۆگۆسلاڤیا؛ بیرۆکراتیتی، دیکتاتۆری، چەوساندنەوە، هەناسە ساردی و رەنج بێوەری، برسێتی و هەژاری و بێدادیی بەخشیوەتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی بە کەڵە هاوڕێیانی کەموێنەی وەکی« ستالین و چاوچیسکۆ و پۆلپۆت و شیڤکۆف و کادار و هۆنیکەر و هۆساک... منەتبار و قەرزاربار کردووە.

٢٠٠ ساڵی رەبەق پاش شۆڕشی فەرەنسا و روخاندنی «باستیل»ی نیشانەی زۆر و ستەم، هەر ئا لەم سەدە جەنجاڵەدا، لە سەدەی هەڵتۆقاندن و هەڵتەکاندن و داتەپاندنی بیری گەند و رێبازی پڕ وەیشوومی نازیزم و فاشیزمی خوێن و تاواندا، چەندین «باستیل»ی دیکە، چەندین «باستیل»ی بیر و هۆش و جەستە، لە چەند مانگ و چەند حەوتە و رۆژێکدا تلیسانەوە و داڕمان و سەرەنگرێ بوون و تەنها چەند جێگە زامێکی سەختیان لە جەستەی مرۆڤایەتیدا جێهێشت.

چل پەنجا ساڵی تەمەن، تەمەنی سێ چوار وەچەی خێر نەدیو، بە تاریف و پێداهەڵدانی «جلە نوێکانی پاشا» چاومان دەکرایە خەو، تا خواوڕاسان «گەرباچۆف»ێک رەخسا و زۆر جەسوورانە و جوامێرانە گوتی: بابەلێ پاشا رووت و قووتە و ئەوەتا هەرامەکەی تەکەتەکی دێت!!!

ئەو بیرەی بەو پەڕی لاف و گەزافەوە، بانگی ئەزەلیەت و ژیانی هەتا هەتایی بۆ خۆی هەڵدەدا، بۆ وا کەم تەمەن بوو؟

بۆ بەو هەموو (زانستی)یەی خۆیەوە، ئاوها زوو پووکایەوە و سەری تێدا چوو؟

ئایا شەوەی ئیمپریالیزم گرتی؟ یاخود جنۆکەی کاپیتالیزم دەستی لێوەشاند؟؟؟

هەڵبەت وەرامی ئەو پرسیارە هەروا سادە و ئاسان نییە و هۆکاری گەلەک زۆرن. هەڵگرانی بیری کۆمۆنیزم، لە وەرامی ئەو پرسیارەدا بە پێی کوێرەکانی و چاوگەی بیر و بۆچوونیان دەبن بە چەند دەستەیەکەوە:

١- ئەوانەی هێشتا بۆکزێکی هالاوی ماویزم لە بیریان هەڵدەسێت، دەڵێن: سیستێمی ئەو وڵاتانە فڕیان بەسەر «سوسیالیزمی زانستانە» و «بیری کۆمۆنیزم»ەوە نەبووە، بەڵکە کۆمەڵێک لەرێ لادەر

و ریڤیژیۆنیستی ڕەدووکەوتووی ڕێبازی چەوت و چەوێلی مۆسکۆ بوون!

بەرپەرچدانەوەی ئەو بڕوبیانووە هەر هێجگار ئاسانە و بە پرسیارێک بەندی خەیاڵیان دەپسێت: ئەی پەیڕەوانی بیری «زانستانە» کامانەن؟

حاڵی سیاسی و قەیرانی ئابووریی ئەو وڵاتانەی کە تا ڕادەیەک خۆیان لە ژێر چنگۆڵەی مۆسکۆ قوتار کردووە، وەکی ڕۆمانیا، هێندە شەرم ئامێز و داوەشاون، کە کەڵکی ئەوەیان نییە چیلکەیان تێوەردرێت، چارەنووسی خودی چاوشیشکۆ باشترین بەڵگەیە.

ئەوانەش کە تەوقی مۆسکۆ تەواو لە ملیان داماڵراوە، بەر لە هەموان «کۆماری گەلی چین»، چ پاکسازییە ستالین ئاساییەکانی شۆڕشی کولتووریی ماو، کە زێتر لە ١٠ ملیۆن قوربانیی خواست و چ ڕووداوەکانی ساڵی پار، کە زنجیری زرێپۆش جەستەی مرۆیان دەجنی، دەریانخست ئەوانیش چ بیرێکی زانستانەیان هەیە و تا چ ڕادەیەک باوەڕیان بە گفتوگۆ و دیالۆگ و دیموکراسییە. ئەو سیستێمەش، براجمانەی سیستێمەکەی چاوشیشکۆیە و زنجیری زرێپۆش و چەکمەی سەربازان رایان گرتووە، دەنا لە مێژە ئەویش کەوتبووە ژێر پێی میللەتەوە. بۆیە بە هەق نێوی «کۆمۆنیزمی سەدەی بەرد» و «کۆمۆنیزمی زرێپۆش»یان لێ ناون. لای ئەوان «دەستەڵات لە زنجیری زرێپۆشدایە».

حاڵ و باری سیاسی و ئابووریی یۆگۆسلاڤیا و ڕژێمی وەتاق کەوتووی ئالبانیا، گەر زۆر داوەشاوتر نەبن، ئەوا هیچیان لە سیستێمە سۆسیالیستەکانی دیکە باشتر نییە. حاڵی کووبا و نیکاراگوا و کۆریا و ڤێتنام لەوان باشتر نین.

کەواتە ئەو سەرنوێشتە تاڵە نابەکامە، ئاکام و سەرئەنجامێکی سروشتیی جەوهەری بیرەکە و ڕەفتار و هەڵسو کەوتی ڕێبازەکە خۆیەتی. ئەو بیرە زێتر دەقی ڕازاوە و ئارایشت کراوی نێو کتێبە، وەک لەوەی بەرنامەی سیاسی و ئابووریی پەیڕەوکراوبێت.

٢- ئەوانەی بە نیازی پینەچێتی و لیفەپۆشکردنی دەلاقەی عەیبەن، دەبنە دوو دەستە:

ئا- هەندەکیان ئێستەکە تازە بە تازە، دەخوازن تێمان بگەیەنن کە گوایە ئەوانە وڵاتانی «سۆسیالیستی» نەبوون، بەڵکە وڵاتانێک بوون لە سەرەڕێگەی ئەو ڕێبازەدا و هەنگاویان بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەنا.

مەبەستیان ئەوەیە بەوە لە خشتەمان بەرن کە گوایە ئەمە سەرەنگرێ بوون و نوشستی بیر و ڕێبازەکە نییە، بەڵکە تەنها هەڵنووتانێکە لە سەرەرێی تەجرەبەیەکدا.

ئەم فەندە فێڵەش ناچێتە سەر، چونکە هەر ئەوانە خۆیان ساڵەهای ساڵ بانگاشەی ئەوەیان دەکرد، کە تەنها ئەو وڵاتانە وڵاتانی سۆسیالیستین و جێگەی ئومێد و پشتوپەنای گشت میللەتانی زەبوون و پاشەڕۆژی مرۆڤایەتین. هێشتا لاپەڕەی بێ دەستەڵات و هەژاری بەیاننامە و ڕۆژنامە و کتێبەکانیان، کزۆڵە و خەمبار و ڕەنگ پەڕیو و ڕووزەرد، لەبەر دەست و پێدان.

جگەلەوەی ئەمە یەکەم تەجرەبە و یەکەم هەڵەنگووتن نییە، چل و پەنجا و شێست ساڵە، کۆلکە تیۆری و تەجرەبەی یەک لە دوای یەکی نابەکام لەسەر ئەو میللەتانە تاقی دەکەنەوە و هەمیشە یەک سەرەنجامی داوە بە دەستەوە: هەرەس و نابووتی. بۆیە ئەو میللەتانە زیرەیان لێ هەڵساوە و بە پاشماوە سەرلێشێواو و سەرگەردانەکانی پارتە کۆمۆنیستەکان دەڵێن: ئێمە بەرازی گینی و کەروێشک و مشکی سپی نین و چیدی ڕێگە نادەین زرکە تیۆریمان لەسەر تاقی بکەنەوە. ناهێڵین چیدی ئێمە لە قاڵبی تیۆری بدەن، دەبێت تیۆریەکانتان لە قاڵبی خواست و ئامانجی ئێمە بدەن.

بێ- تاقمێکی دیکە، ئەوانەی تا دوێنێ هاوڕێ ستالینیان دەپەرست و قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لێیان نەبیستراوە دان بەوەدا بنێن، کە گوایە خودا نەکردە ستالین هەڵە و پەڵەی هەبوون. ئەوڕۆ کەوتوونەتە سەر ساز و ئاوازی ئەوەی کە گوایە ئەوانە حیزبە ستالینیستە نەفرەت لێکراوەکان بوون.

مەبەستیان ئەوەیە ئەم هەرەس و ئاشبەتاڵە، بخەنە قەپیلکی تەسکی کوێرەڕێیەکی هەڵدێرەوە و تەوقەکەی لە ملی بیر و ڕێبازەکە داماڵن.

دەبێت لێرەدا ئەوە وەیادی خوێنەر بهێنینەوە، کە گۆرباچۆف خۆیشی، هەتا فێبریوەریی ١٩٨٦یش، زۆر کەللەڕەقانە، دیاردەی ستالینیزمی بە بەند و باو و ساز و ئاوازێکی دوژمن ئامێزانەی ئیمپریالیزم لە قەڵەم دەدا[١]. دانی بە پەیماننامە سەرشۆڕانەکەی ٢٣ی ئۆگوستی ١٩٣٩ ی هیتلەر- ستالیندا دەنا، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی کە گوایە هیچ پاشکۆیەکی نهێنی لە ئارادا نەبووە. ئەوەبوو پاشان خۆی ئاشکرا دانی بە تاوانەکانی ستالیندا نا. ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتیش ڕۆژی ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٨٩، بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و پووچکردنەوەی پاشکۆی نهێنیی ئەو پەیماننامەیەی دا[٢].

پاشان دێینەوە سەر ئەو باسەی ئاخۆ مەسەلە ئاکامێکی دیاردەی ستالینیزمە، یاخود پاشخانێکی لەرزۆکی شەپلەلێدراوی بیرەکەی خۆیەتی؟

٣- دەستەیەکی دیکە ڕێگەی دوور کورت دەکەنەوە و خۆ لە سەرئێشە دوور دەخەنەوە، تاوانەکەی دەئاڵێننە ملی ئیمپریالیزم و کاپیتالیزمی مەلعوون و بەوە خۆیان ژێر دەکەن.

هەڵبەت ئەمە تا ڕادەیەکی کەم ڕاستە و یەکێکە لە هۆکارە زۆر و زەوەندەکان، بەڵام بۆچ دەبێت ئیمپریالیزمێکی بەپێی گوتەی ١٥٠ ساڵی خۆیان: داتەپاوی هێزلێبڕاوی کەنەفت و شەکەتی سەر لە گوێی قەبر لەرزاوی ئابڕوو تکاو، سەربکەوێت؟ کەچی بیرێکی پتەوی زانستانەی، مرۆدۆستانەی، پێشکەوتنخوازانەی، ئازادیخوازانەی نوێ، لە هەڕەتی جوانی و شلکی و پڕ هێز و گوڕیدا، ئاوها شکست بهێنێت و هەروا ئاسان بۆڕ بخوات؟

بـــــــۆ؟

ئەو هەل و بوارەی مێژوو بۆ بیری کۆمۆنیزمی ڕەخساند، هەلێکی زێڕین و دەرفەتێکی هێجگار پڕ بایەخ و کەم وێنە بوو. کۆتایی دووهەم جەنگ و لووت شکاندنی بیری گەندەڵی نازی و فاشیزم و تەفر و تووناکردنیان بە کۆمەکی ڕاستەوخۆی ئۆردووی سوور، ئەو دەورە پڕ ڕەونەق و بەرەنگاربوونەوە قارەمانانەیەی کۆمۆنیستان لەسەردەمی خەباتی چەکدارانەدا دیتیان و لە شکاندنی هێزی چەپەڵی نازیدا پشکیان تێدا بوو، دەروازەی سەردەمێکی نوێی بۆ ئاواڵە کردن و زۆر لەکە و هەڵە و پەڵەی سەردەمی ئاژاوەگێڕیی پێش و پاش بەیاننامە شەرمهێنەرەکەی هیتلەر- ستالینی لە بەژن و باڵا سڕینەوە و ئەو یادە تاڵانەی لەبیر میللەتانی ئەورووپا بردەوە.

هەڵەی مەزن کاتێک کرا، کە ئەو وڵاتانە بە خواست و ویستی ئازادانەی خۆیان نا، بەڵکە بە زۆری سەرەنێزە و چەکمەی سەربازانی ئۆردووی سوور، جۆرە ڕژێم و سیستێمێکیان بەسەردا سەپێنرا، کە پێی ڕازی نەبوون. هەڵەی کوشندەتر ئەوەبوو کە ئەو سیستێمە گشت ئازادییەکی لێ زەوت کردن و کفنی ڕژێمی تاقە حیزبیی بە باڵا بڕین. هەتا ئەو حیزبە هاوبەرانەش کە لە سەردەمی خەباتی چەکدارانە و جەنگی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە فاشیزمدا، نوێنەری بەشێکی زۆری ئەو میللەتانە بوون، لە بۆتەی حیزبێکی کەمینەی داردەستی هێزێکی داگیرکەردا حول دران و لە نێواندا نەهێڵران.

لە بریتی وەی کاپیتالیزم ترسی ئەوەی هەبێت خەڵکی لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت هەڵبێن و وڵاتانی خۆیان تەلبەند و مینچێن و شوورەبەند بکەن، ئەمان چەندین «باستیل»ی گەورە و مەزنیان دروست کرد و بە نێوی بەرگرتن لە ئیمپریالیزمەوە، شوورەیان بە دەوردا هەڵچنین. بە نێوی ئازادییەوە، گشت ئازادییەکیان لەو میللەتانە زەوت کرد و لە قەفەزی بێ دان و ئاویان خزاندن. بە نێوی دیموکراسییەوە، سیستێمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتێری بیرۆکراتانەیان بەسەردا سەپاندن. پاشانیش پۆلیسی نهێنی و دەزگە داپڵۆسینەرەکانیان کردە دارشەقی دەستی ئەو ڕژێمانە و ترسناکترین ئامرازی سەرکوتکردن و دەمکوتکردن.

ئەمان دەیانتوانی لەو هەل و بارە هەڵکەوتوو و ڕەخساوەی ئەو ڕۆژەی ئەورووپادا، لە بریتی بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیمپریالیزمدا، لە بریتی گرژکردنی بار و دۆخەکە و زەخیرە خستنی چەک و جبەخانەیەکی گرانی لە توانا بەدەر، بە کردار بۆ گشت دونیایان بە ئیسپات بگەیاندبایە، کە بەڕاستی ئازادییان بۆ ئەو میللەتانە بە دیاری هێناوە، بە ڕاستی لە سایەی ئەو ڕژێمانەدا باری ئابووری گەشە و شکۆفە دەکات و دەبنە جێگەی ئومێد و داڵدەی گشت میللەتان و گشت بیرێکی ئازاد. بەوە دەیانتوانی مەزنترین و هەرزانترین و بە نرخترین زەخیرەی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزم بخەن، کە پاڵپشت و پشتگیری هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەرە. ئەمان نەک تەنها دژی ئیمپریالیزم، بەڵکە بە گوتە و کردار دژی گشت بیر و ڕێبازێک، دژی گشت خواستێکی ئازادانە، دژی گشت پێشکەوتن و گەشەکردنێک؛ هەتا دژی ئاوات و خەون و ئامانجی ئەو میللەتانەش وەستانەوە.

ڕاستە ئیمپریالیزم دیاردەیەکی هەرە چەپەڵی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئیمپریالیزم هەر ئیمپریالیزمە، ڕەش بێت یان سوور. ڕاستە ئیمپریالیزم کنەی ڕووخاندنی ئەو سیستێمانەی کردووە و قەت و قەت لە دوژمنایەتییان درێغی نەکردووە، بەڵام تاوانی ئیمپریالیزم لە هەڵەی کوشندەی خۆکردا چییە؟ خۆ ئیمپریالیزم نەهات بڵێ: ئادەی «سەرکردەی پرۆلیتاریا»، «جێگەی شانازیی حیزب»، «بلیمەتی گشت بلیمەتەکان»، «سەرۆکی تاقانە»، پاڵەوانی پاڵەوانان»[٣] نیکۆلای چاوچیسکۆ، میللەتەکەت داماو و برسی بکە، بیانکوژە، بیانبڕە، دایاندۆشە، هەژار و خاکەسەریان کە. ڕەقیان کەرەوە، لە خاک و مەفتەنی خۆیان دەریانپەڕێنە. درۆیان لەگەڵ بکە، دەستیان ببڕە. دزییان لێ بکە و بە کامی دڵ لەسەر خوێنی ئەوان بلەوەڕێ و دەیان کۆشک و سەرا بۆ خۆت دامەزرێنە و دەیان ملیۆن دۆلار بڕبدە.

خۆ ئیمپریالیزم نەیگوتووە ئادەی هاوڕێ (هۆنیکەر) هەژدە ترومبێل لەبەر ماڵەکەی خۆتدا ڕاگرە. ٧٥ ملیۆن مارک لە بانکی خۆراوادا بۆ خۆت کەنارخە[٤]. خۆت و هاوڕێیانی دەست و پێوەندت لە کۆشکەکانی گەڕەکی (ڤۆلڤۆگراد)دا دەوری خۆتان تەلبەند بکەن و پاشایانە لێی بژین[٥]. با میللەتەکەشتان لە برساندا، لە سەرماندا، لە داخاندا خۆ بخواتەوە.

ئیمپریالیزم نەیگوتووە هاوڕێ شیڤکۆڤ، ٣٢ کۆشک بۆ خۆت داگیربکە، بە ملیۆن دۆلار بخەرە بەردەستی کوڕەکەتەوە تا لە چەند شەوێکی سووری قومارخانەکانی سویسرادا بە بای بدات. میللەتەکەشت تا لێواری مەرگ برسی و داماو بکە.

خۆ ئیمپریالیزم نەیگوتووە، ئادەی هاوڕێیانی سەرکردەی پرۆلیتاریا، هەموو ببنە فارووقی میسر، ببنە شای ئێران، ببنە مارکۆسی فیلیپین، ببنە صەددامی جەللادی عێراق، ببنە دراکۆلا و زەرووی خوێنی میللەتەکانتان.

خۆ ئیمپریالیزم نەیگوتووە ئادەی زمان بقرتێنن، چاو دەربهێنن، قامک بپەڕێنن، قەڵەم بشکێنن، پەڕە بدڕێنن، مێشک بخەسێنن.

خۆ کاتی خۆی ئیمپریالیزم تکای لە هاوڕێ ستالین نەکرد بە ئەمەکترین و ژیرترین ئەندامانی حیزب، تێکڕا نێزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسی بێتاوان، لە پاکسازی و دادگا ساختەکانیدا لە نێو بەرێت(٦). خۆ ئەوان هانی ئەوەیان نەدا لە ئاڵەمانیا، بەهۆی دژایەتیی سۆسیال دیموکرات و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دیکەوە، ئەو ئاژاوەیە بەرپا بکات و ڕێگەی دەستەڵات کەوتنە دەست نازی خۆش بکات.

لە ململانێی نێوان نازی و هێزە پێشکەوتنخوازەکاندا، سۆسیال دیموکراتی ئەو ڕۆژەی ئەڵەمانیا، لە سەنگەری پێشی پێشەوەی بەربەرەکانی بیری گەندی نازیدا بوو، کەچی ئەوەتا دوازدەهەمین پلینۆمی کۆمینتێرن لە سێپتەمبەری ١٩٣٢دا، ئاوها پشتی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە دەگرێت و سەنگەکە دادەلەنگێنێت: «تەنها بە وەشاندنی زەبرێکی کوشندە لە سۆسیال دیموکراتەکان، ئەو بنکە گەندەڵەی بۆرژوا، دەتوانرێت دوژمنی سەرەکیی پرۆلیتاریا سەرکوت و سەرکپ بکرێت»[٧].

پاش ئەوە خۆ ئیمپریالیزم نەک هەر تکای ئەوەی لە ستالین نەکرد کە لەگەڵ هیتلەر دەست تێکەڵ بکات و پەیمانی لەگەڵ مۆر بکات و ئەورووپای لەگەڵ برابەش بکات، بەڵکو لەبەریشی پارانەوە و دەستیان بە بەر پشتێنیشیدا کرد کە تاوانی ئاوها نەکات. شەوی ٢٢ی ئۆگوستی ١٩٣٩ وەفدی فرانسی بە نائومێدی لە مۆسکۆ گەڕایەوە، بۆ سبەی پەیماننامەی هاوکاری و هاریکاریی کۆمۆنیزم - فاشیزم مۆرکرا. ترۆتسکی جەرگی ڕاستیی پێکاوە کاتێک گوتوویە: «بێ ستالین نە هیتلەر دەبوو نە گێستاپۆ»[٨].

ئەرێ ئەی کامە ئیمپریالیزم دنەی کۆمۆنیستانی عێراقی دا، ببنە کلکی قیمەکێشەکانی عەفلەق؟

ئەرێ ئەی کامە ئیمپریالیزم، «تودە»ی هەڵوەدای کۆڕی ڕەوزەخوانی و زیکرو تەلیلەی ئاخوندان کرد، تا سەربادەن و زرک

بوەشێنن و پاشانیش بە شمشێرە خوێناوییە موبارەکەکەی ئیمام نێوقەدی خۆیان ببڕنەوە؟؟

کەواتە هۆکانی ئەو هەرەس و ئاشبەتاڵە یەکجار فرەن، بەڵام لە گوتارێکی ئاوها بەرتەسکدا، تەنها دەتوانین گرنگترینی ئەو هۆکارانە پەنجەژمێر بکەین و داوە تیشکێک بخەینە سەر هەندەک لایەنی:

I- هۆکاری دەرەکی

١– لە ئاکامی وابەستەیی ئەو وڵاتانە بە ڕەوڕەوەی مۆسکۆوە و تالانکردنی خەست و بەردەوامی بەروبووی ئەو وڵاتانە بە نرخێکی هەرزان و بە پوولێکی بێ ڕەواجی وەکی (ڕۆبڵ)ی ڕووسی، لەبەرچوونێکی ئابووریی چڕی لێکەوتەوە. لە حاڵەتێکدا دەبایە بۆ گەشەو برەوپێدانی پیشەسازی و باری داتەپیوی ئابووریی خۆیان، تەکنۆلۆژیای گرانی خۆرئاوایان بە دۆلار کڕیبا و هێجگار بە زەحمەت بۆیان هەڵدەسووڕا و تا دەهات زیتر دەکەوتنە ژێر باری قەرزەوە. ئەوڕۆ هەموو ئەو وڵاتانە پێکڕا، ١٣٠ ملیارد دۆلار قەرزارن، باری ئابووریی هەر هەمووشیان هێندە داوەشاوە کە نەک هەر قەرزیان پێ نادرێتەوە، بەڵکە بە بێ قەرز و کۆمەکی دیکەش بەڕێوە ناچن(٩).

پەیماننامە ئابوورییە هاوبەشەکانی پاش جەنگی دووەم، کە لە نێوان سۆڤیەت و یەکیەکەی ئەو وڵاتانەدا مۆرکراون، زۆر بە زەقی و روونی دەری دەخەن ئەو هاوبەشییە چۆن هاوبەشی و هاوسانییەک بووە.

٢– پەیدا بوونی گەرباچۆف و وەبەرگرتنی سیاسەتێکی نوێ:

چ لەبەر ئاشکرایی و زەقیی دەور و ڕۆڵی پڕ ڕەونەقی گەرباچۆف و سیاسەتی پێرێسترۆیکا، چ لەبەر کەم بواریی گوتارەکەش، نامەوێت زۆر لەسەر ئەم خاڵە بڕۆم و لە کورتی دەبڕمەوە:

ئا– لەقاودان و ئاشکراکردنی گەلەک ڕاستی، کە تا ئەو دەمە یا شاردراوە بوون، یاخود ئاشکرا بوون، بەڵام کۆمۆنیستان بێ پەروا و کەللەڕەقانە پێیان لەسەر دادەگرت و بە پڕوپاگەندەی لاواز و هەرزان بەرگرییان لەخۆ دەکرد. گەرباچۆف ئاشکرای کرد هەرچی تا ئێستا کۆمۆنیستان گوتوویانە، درۆ بوون، درۆی پەتی.

ئەوەی بە کردار پێیان وەدی نەهاتووە، بە خەیاڵ هێناویانەتە دی و بە درۆ سواخیان داوە و بنکەشییان کردووە و خۆشیان و جەماوەریشیان پێ خەڵەتاندووە. هێندە بەسە بڵێین، لەم ١٧ ساڵەی دوایی شووڕەویدا، ١٥ جار پلانی ئابووریی ساڵانە کەمی هێناوە و ئامانجی نەپێکاوە، کەچی بە ڕەسمی هەمیشە لە ئامانجیشی تێپەڕاندووە و هێجگار زۆریشی زیاد بووە(١٠)

ئەو قاودانە دینگەیەکی پتەوی داڕماندن و لەڕووی مەعنەوییەوە دایتەپاندن و شیرازەی ڕێکخستنەکەی هەڵتەکاندن و ئەو پشتگیرییە هەرەکەمەی جەماوەریشی لەدەست کردنەوە و ترسی دژەکانیشی شکاندن.

ب– ئەو وڵاتانە و گشت جیهانیشی لەوە دڵنیا کرد، کە چیدی ئۆردووی سوور پاسەوانی و پاسداریی ئەو ڕژێمانە ناکات. جارێکی دیکە زنجیری زرێپۆشی سۆڤیەت و چەکمەی سەربازانی، دەنگ و شەرەف و خواستی ئازادانەی ئەو میللەتانە ناشێلن و نایخەنە ژێر پێوە و چیدی تاوانە ڕەشەکانی ١٩٥٣ی ئاڵمانیای خۆرهەڵات، ١٩٥٦ی هەنگاریا، ١٩٦٨ی پراگ دووبارە نابنەوە. بەمە هێز و گوڕی مەعنەوی و سیاسیی ئەو ڕژێمە دابەستراوانەی دالەنگاند و لەرزەی پێخستن و درزی تێخستن. گوڕ و هێزێکی ئاوهاشی نایە بەر بەرهەڵستکاران، کە بێ ترس و دڵەڕاوکە، پەلە و دەست و برد لە وەشاندنی گورزی قینی پیرۆزیاندا بکەن و بە گوژمێک هەڵیانتەکێنن و دایانڕمێنن.

٣– کنە و بەربەرەکانیی ئیمپریالیزمی جیهانی و بەرپاکردنی جەنگێکی سیاسی و تەکنیکی دژی ئەو وڵاتانە و گەمارۆدانیان لە رووی ئابووری و تەکنۆلۆژییەوە و بێبەشکردنی میللەتەکانیان لە گشت کۆمەکێکی خێرخوازانە و مرۆدۆستانە. لێرەدا ناکرێت گشت تاوانەکان بە ملی ئیمپریالیزمدا بسووین، چونکە:

أ– ئەو ڕژێمانە خۆیان، بە سیاسەتی بەدگومانانەیان، ئەو ڕێگەیە بۆ ئیمپریالیزم خۆشکرد. وەک نموونەیەک، لە سەروەختی کۆتایی دووهەم جەنگدا، لە کاتێکدا تەواوی ئەورووپا کاول و خاپوور بووبوو، برسیێتی و هەژاری و نەداری باڵی بەسەر گشت قوژبنێکدا کێشابوو، وڵاتانی تازە سۆسیالیستی، هەرچەندە لێشاوی پلانی «مارشاڵ» تامەتامەشی دەدان و زۆریشیان پێویست پێبوو، سەرەتا پێشی ڕازی بوون، بەڵام پاشان بە هەڕەشە و گوڕەشە و چاوە زیتەی ستالین، لە کۆمەکی «پلانی مارشاڵ» بێبەری کران. لە حاڵەتێکدا زۆری میللەتانی ئەورووپای خۆراوا، هەتا ئەوڕۆش خۆ بە منەتبار و سوپاسگوزاری پلانی مارشاڵ دەزانن، چونکە دەروویەکی لێ کردنەوە و لەو برسیێتی و کەم دەستییەدا ئاهێکی بە بەردا هێنانەوە و «نەشبوونە جاسووس و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم».

ئەوەتا ئەوڕۆ سەرلەبەری وڵاتانی کۆنە سۆسیالیست، لە ناچاری و هەژاری و نەداریدا، داوا لە جیهانی سەرمایەداری دەکەن، هیممەتێک بکەن و کۆمەکی «پلانی مارشاڵ»ێکی دیکەیان بۆ بەڕێ بخەن.

بـ– بە هەڵوێستی کەللەشەقانە و دوژمنکارانە و لووت بەرزانە و بەدگومانانەی خۆیان بەرامبەر گشت بیر و ڕێبازێکی جوداواز، لەو بەربەرەکانییەی ئیمپریالیزمدا، گەلەک پشتگیریی سیاسی و مەعنەوییان لەدەست دا و تای تەرازووی ئیمپریالیزم لە کێبەرکێکەدا، قورستر بوو.

II- هۆکاری نێوخۆیی:

١– سیستێمێکی دیکتاتۆرانەی تۆتالیتێرانەی بیروکراتانەی داپڵۆسێنەرانە:

ئەم خاڵە بۆ دەمەتەقێ دەربارەی دوو کێشەی گرنگ و پڕ تام و چێژ بەکێشمان دەکات، کە هەردووکیان پێکەڵپێک و تەواوکەری یەکدین، ئەوانیش بریتین لە:

أ– خۆرکەی «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» کە هەر بە شلکی و ساوایی دایە جەستەی بیرەکە و پاشانیش هێواش هێواش گەندەڵی کرد و ڕزاندی.

بـ– ئاخۆ ئەم سەرنویشتە تاڵە، ئاکامی ڕێبازی هەڵدێری ستالینیست و هەڵەیەکی تەکنیکی و تاکتیکییە، یاخود تەشەنەی ئەو شەرایەیە کە لە هەناوی بیرەکەدا گەرای خست و نیشانەکانی لە سەردەمی دەسەڵاتی لینینەوە بەدەرکەوت و لە سەردەمی ستالیندا لێی پیس کرد و لە سەردەمی گۆرباچۆڤدا پەکی خست.



دیارە بە دووچوونی ئەم مەسەلەیە زۆر دەخایەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر وەڕست نەکەم، هەوڵ دەدەم هێندەی ڕوونکردنەوە پێویست بکات لەسەری بڕۆم و درێژەی پێ نەدەم:

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا:

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بەم واتا سیاسییەی ئەوڕۆکە، بۆ یەکەمجار لە لایەن ئێنگلزەوە لە ڕەشنووسی مانیفێستی کۆمۆنیستدا بە واتای «گرتنەدەستی دەستەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە» بەکار براوە، کە دوور نییە ئەویش ڕاستەوخۆ لە Augste Blanguei ی نەخواستبێت. پاشان مارکس بە هێجگاری لە دەقە پاکنووسکراوەکەی مانیفێستدا چەسپاندی(١١). مارکس ساڵی ١٨٥٠ بۆ یەکەمین جار دەقاودەق ئاوها بەکاری دەهێنێت «دیکتاتۆریی چینی پرۆلیتاریا».

هەڵبەت مەبەستی مارکس و ئێنگلز لە «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا»، گرتنە دەستی دەستەڵاتە لە لایەن چینی کرێکارانی هەر وڵاتێکەوە و بەو پێیەش بەرقەرارکردنی سیستێمێکی دیموکراسییانەیە، وەکی خۆیان لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا بانگاشەی دەکەن. هەرچەندە کەسیان بە تەواوی ئەوەیان دەستنیشان نەکردووە کە ئاخۆ ئەو قۆناخە چەند دەخایەنێت. بەڵام لە سەرجەمی نووسینەکانیانەوە ئەوە دەدرەوشێتەوە کە مەبەستیان لە قۆناخێکی گواستنەوەی کەمخایەن بێت. ئێنگلز لەو بارەوە ساڵی ١٨٩١ دەنووسێت: «کورت و کەم خایەن، بەڵام بەهەر حاڵ لە ڕووی مەعنەوییەوە قۆناخێکی گواستنەوەی گەلەک پڕسوودە».(١٢)

دیارە لینین وەکی قوتابییەکی قوتابخانەی «سۆسیالیستی زانستانە»، (وەک مارکس خۆی نێوی قوتابخانەکەی دەنێت)، هەر لە سەرەتاوە بڕوای تەواوی بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەبووە و دەیان و سەدان جار دووبارەی کردۆتەوە و بانگی بۆ هەڵداوە.

هەر سۆسیالیستێکی وەکی Bernstein و Kautsky و Rosa Luxemburg، گومانی خۆیان دەربارەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا ئاشکرا کردبێت و ترس و دڵەڕاوکەی خۆیان دەربڕیبێت، لە زمانی لینین نەخەلەسیون و دەیان جار بە لە ڕێلادەر و ترسەنۆک و هەتیوی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراو.. چی و چی جوێنبارانی کردوون.

لینین سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بووە، ستراتیژ و ئامانجی خۆی زانیوە و گشت تاکتیکێکی خستۆتە خزمەتییەوە. هەر ئەوەش وای کردووە گەلەک جار هەڵبەز و دابەز بە زەقی لەسەر هەڵس و کەوت و ڕوونکردنەوەکانی نەخش ببن. بۆ نموونە لینینی پێش ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە زۆر مەسەلەدا، بەتایبەت لە مەسەلەی پەیوەندیدار بە دیموکراسی و دەوڵەتدا، گەلەک جودایە لە لینینی پاش ١٩١٧، کە پاشان بە چەندین نموونە ئەو بانگاشەیەمان دەسەلمێنین.

جوداوازیی هەرە گەورە لە نێوان مارکس و ئێنگلز لە لایەک و لینین لە لایەکی دییەوە، لەوەدایە کە ئەوان لەسەر کاغەز و بە تیۆری سیاسەتمەدار بوون، بەڵام لینین ئەو تیۆرییانەی خستە مەیدانی کارەوە و تاکتیک و ستراتیژی سیاسیی لێ هەڵهێنجان. ئەوەی ئەوان بە پێی تیۆری بە نەبوو و نەکراویان دادەنا، لینین بە کردەوە هێنایە دی.

بە بڕوای مارکس کەشی ئابوورییەکی شکۆفەکردووی خەملیو و گەشەدار، گەرای شۆڕشی پرۆلیتاریا دەتروکێنێت. چونکە لە وڵاتی گەشەنەکردوودا، تەنیا هەژاری و نەداری باڵ دەکێشێت و هێشتا چینە «پرۆلیتارە شۆڕشگێڕ»ەکە قۆزاخەی نەخستووە. بەڵام لە وڵاتێکی گەشەکردووی سەرمایەداریدا، نابەرابەری و نایەکسانی حوکمفەرمایە و ئەو جوداوازییە زەقە، کێشە و ململانێ دەسازێنێت و چینە شۆڕشگێڕەکە دەهەژێنێت و بۆ ڕاپەڕین دنەی دەدات.

مارکس پێی وابوو، ڕووسیای تەزاری نموونەیەکی بەرچاوی دەستەڵاتێکی مۆنارکیستانەی ڕەهایە. وای بە پێویست دەزانی جارێ لە ڕێگای شۆڕشێکی بۆرژوایانەوە سیستێمەکە هەڵتەکێندرێت، بەو پێیە لە ماوەیەکی درێژخایەندا بواری گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و چەکەرەکردنی چینی پرۆلیتاریا و پاشانیش هەل و دەرفەتی شۆڕشێکی پرۆلیتاریا دەسازێت.

لینین خواستی ئەو ڕێگە دوور و درێژە قەدبڕ بکات. لە بریتی ڕێگەخۆشکردن بۆ شۆڕشێکی بۆرژوایانە و داڕووخاندنی سیستێمەکە بە دەستی ئەوان، یەکەوڕاست لە شۆڕشێکی پرۆلیتارانەوە تێهەڵچوو، بۆ ئەو مەبەستە «پارتێکی شێواز نوێ»ی دامەزراند. دەبایە بە هەر نرخێک با ئەو «پارتە شۆڕشگێڕە»، کەشێکی شۆڕشگێڕانەی سازاندبا و خۆی ببایە جڵەوکێشی کاروانەکە و ڕێبەری چینی کرێکار. پرۆلیتاریای لە ژێر ئاڵای خۆدا خڕکردبایەوە و ڕێکی خستبان و بۆ شۆڕشی ئامادەکردبان، چونکە بێ ڕێکخراوێکی پتەوی پۆڵایین، هەڵتەکاندنی سیستێمەکە مەحاڵ بوو.

ئەو هەل و بوارە تەسکە، مەرجی سەختی دەسەپاند، بۆیە لینینی تاکتیکزان، پێشان گشت هێلکەکانی لە سەبەتەیەک نەنا و پارتێکی جەماوەریی بەرفراوانی وای دانەمەزراند کە ببێتە جێنیشانەی تیری ژەهراویی ڕژێمەکە، بەڵکە پشتی بە حیزبێکی بە ژمارەکەم ، بە ڕێکخستن پتەو بەست، کە دەتوانین بڵێین حیزبی ژمارەیەک لە کادران بوو. دیارە حیزبێکی لەو بابەتە و دەستکردی دەستی ئەو هەل و دەرفەتە سەخت و بوارلێتەنراوە، پێویستی بە ئەوپەڕی دیسیپلین و گوێڕایەڵی هەیە. ئەمە هەمان کات بە ناچاری زمانی گشت ڕەخنە و بۆچوونێکی جوداوازی گرێ دەدا. دەبایە گشت فەرمانێکی حیزبەکە بێ یەک و دوو جێبەجێ کرابا.

واتە نێوەندێتیی دیموکراسی باڵی کێشا و پرینسیپی هەڵبژاردنی دەزگە حیزبییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە و فەرمان دابارین لە سەرەوە بۆ خوارەیەی سەپاند.

بەو پێیە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش هەر ئەو پرینسیپە گیرایە بەر و درێژەی پێدرا و دەستەڵاتی حیزب و دەوڵەت تێکەڵ کرا و ئەو پرینسیپەی سەردەمی خەباتی نهێنی بەسەر حیزبەکەیدا سەپاندبوو، خرایە لاشەی لەرزیوی دەزگەی دەوڵەتەوە و نێوی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاشی لێ دەنرا.

ئەوەتا لینین دوو حەوتوو پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە «پراڤدا»دا دەنووسێت: «لە ئێستە بەدوا، حکوومەتی شووڕا فەرمانڕەوایی دەکات، یانی دیکتاتۆریی بەلشەفیکی»(١٣).

کەواتە «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» کرایە دیکتاتۆری حیزب و ئەویش لە ڕێگەی «نێوەندێتیی دیموکراسی»یەوە کرایە دیکتاتۆریی سەرکردایەتی حیزب و ئەویش بە دیکتاتۆریی سەرکردە گۆڕرا و لە سایەی ستالینیشدا بووە سیستێمێکی تاکە کەسی نەفەرپەرستانە و سەرمەشقی گشت پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان.

بۆیە Gramsci سەرکردەی نێوداری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، کە بە بابی بیری کۆمۆنیزمی ئەوروپایی دادەنرێت، هەر ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩١٧ لە رۆژنامەی Avanti دا دەنووسێت: شۆڕشی بەلشەفیکی، هەمان کات کودەتا و هەڵگەڕانەوەشە لە (کاپیتاڵ)ی مارکس»(١٤).

بەو جۆرە «دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا» بوو بە دیکتاتۆر و کەڵەگای سەر کۆڵەی پڕۆلیتاریا. بۆیە دەڵێین میکرۆبەکە هەر لەسەروەختی لینین خۆیەوە گەرای لە جەستەی حیزب و سیستێمەکەدا خست و پاشانیش هێواش هێواش دایڕزاند.

رۆزا لوکسومبورگ، بەهاری ١٩١٨ لە زیندانی Breslauer ەوە دەنووسێت: «وەلێ دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا نا، بەڵکە دیکتاتۆریی دەستەیەک سیاسەتمەدار، یانی دیکتاتۆری بە واتا بۆرژوازییەکەی»(١٥).

ئیدی با لەوە گەڕێین کە دەسەڵاتی تاقە حیزب و دیکتاتۆریی تاقە چینێک، قەت و قەت ناکاتە دیموکراسی و لەرووی سیمانتیک و فەلسەفیشەوە دیکتاتۆری و دیموکراسی هیچ شتێک کۆیان ناکاتەوە و دوژمنی باوەکوشتەی یەکدین.

ئەوە نییە لینین خۆی دەڵێت: «دیکتاتۆری هێزێکی رەهای بێ سنوورە، کە جگە لە زۆرداری، خۆی بە هیچ یاسایەکی دیکەوە نابەستێتەوە».

دیکتاتۆری، جگە لە هێز و دەسەڵاتێکی بێ سنوور کە هیچ یاسا و بڕیارێک بەری پێ ناگرێت و رێی لێ نابەستێتەوە و راستەوخۆ پشت بە زوڵم و زۆر دەبەستێت، واتای دیی نییە»(١٦)

ئاشکرایە مەبەستی لینین، دیکتاتۆریی چینی سەرمایەدار و بۆرژوایە، دیکتاتۆرییەک کە هەڵبژاردنی ئازاد، دامەزراندنی پارت و رێکخراو و نەقابەی ئازاد، رۆژنامە، بەیاننامە، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئازاد؛ بە کورتی گشت لایەنێکی ژیانی ئازاد یاساغ دەکات.

بەڵام ئایا ئەو سیستێمە دامەزراوەی دەستی خۆشی شتێک نەبوو لەو بابەتە؟ سەد حەیف و هەزار مەخابن، لینین خۆی هێند نەژیا تا دوێنێی لەپاش بەجێماوی خۆی ببینێت و سیمای دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریای یەکە بە یەکەی ئەو رژێمە سۆسیالیستە راستەقینانە ببینێت کە بەرۆکگری حیزب و سیستێمەکەی خۆی بوون و لەگەڵ پێناسەکەی «دیکتاتۆری»ی خۆیدا بەراوردیکیان بکات. ئەو دەمە دەماندیت، یاخود ئەویش دەستخۆشانەی لێ دەکردن، یاخود هەزار رەحمەتی بۆ کفندزی پێشووتر دەنارد.

**«تارمایییەک**
**لە ئەورووپادا گێژ دەخوات،**
**ئەوە تارمایی کۆمۆنیزمە»**
**تۆز دەکات.**

لینین و دیموکراسی

بیر و بۆچوونی لینین بەرامبەر دیموکراسی بۆرژوایانە، بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێور و ئەرێنییە، پڕۆلیتاریا هان دەدات ئەو هەل و دەرفەتە، تا رادەیەک ئازادانەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بقۆزنەوە.

دەتوانرێت سەرجەمی بیر و بۆچوونی لەو بارەوە، لەم خاڵانەدا پوختە بکرێت:

١- «هەر کەسێک بخوازێت رێگەیەکی دیکە جگە لە دیموکراسیی سیاسی بۆ گەیشتنە سۆسیالیزم وەبەربگرێت، چ لە رووی ئابووری و چ لە رووی سیاسییەوە، بە سەرئەنجامێکی بێمانا و پووچ دەگات»

٢- دیموکراسی سیاسی شتێک نییە جگە لە هاوبەشییەکی دیموکراسیانە لە کاروباری وڵاتدا، بوونی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن میللەتەوە و دەوڵەتێکی هەڵبژێردراو لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە. سوودوەرگرتن لە ئازادییە دیموکراسییەکان وەک رادەربڕین و نووسین و چاپەمەنی، دامەزراندنی چەندین پارتی ئازاد و رێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە. مافی هەڵبژاردنی گشتی و ئەو بابەتانە.

*میکرۆبەکە هەر لەسەروەختی*
*لینین خۆیەوە گەرای لە جەستەی حیزب و*
*سیستێمەکەدا خست و پاشانیش*
*هێواش هێواش دایڕزاند.*

٣- بڕوبیانووی ئەوەی کە گوایە ئازادیی سیاسی، بۆرژوایانەیە، نابێت ئیدی بۆ وەدەستهێنانی خەبات نەکرێت و بازی بەسەردا بدرێت.

«ئەرکی پڕۆلیتاریای هۆشیار ئەوەیە کە خەباتی بێ پسانەوە لە پێناوی ئازادیی سیاسیی تەواو و شۆڕشی دیموکراسیدا بکات.»

٤- شۆڕشی دیموکراسی (کە لە رووی نێوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بۆرژوایانەیە) پێوەندییەکی پتەوی بە زەحمەتکێشانەوە هەیە. «بۆ وەدەستخستنی ئازادیی راستەقینەی پڕۆلیتاریا و جووتکاران، هیچ رێبازێک جگە لە رێبازی ئازادیی بۆرژوایانە و گەشەکردن بە شێوازی بۆرژوایانە نەبووە و نابێت».



٥- دیموکراسیی سیاسی، یانی ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، نیقابەکان، چاپەمەنی، مافی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ ئەنجومەنی گەل.

هەتا دەمەدەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش، بە بڕوای لینین، جگە لە تورکیا و رووسیا، ئیدی لە گشت وڵاتانی ئەورووپادا دیموکراسی بەرقەرار بووە.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لینین بە زمانێکی دیکە دەدوێت و هێجگار تووڕە و ئاڵۆز باس لە دیموکراسی دەکات. هەر دەڵێی ئەو لینینەی پێش ئۆکتۆبەریش نەبووە. ئەمجارەیان دیموکراسی دەبێتە درۆ و ریا و فریو و هەڵخەڵەتاندن و دیکتاتۆری و دەستبڕین.

ئەوجا دەربارەی ئازادی لە وڵاتە ئەورووپایییەکاندا و بەتایبەت ئەڵمانیادا، ئاوها دێتە گۆ:

«ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە و چاپەمەنیی راستەقینە لە کۆماری «دیموکرات»دا، لە (دیموکراتی بۆرژوایانە)ی ئەڵماندا، درۆ و ریا و ساختەیە. چونکە ئەو ئازادییە، لە راستیدا ئازادیی دەوڵەمەندانە بۆ کڕین و دەم چەورکردنی چاپەمەنییەکان. ئازادیی دەوڵەمەندانە بۆ سەرمەستکردنی خەڵکی بە درۆی ژەهراویی چاپەمەنیی بۆرژواکان».

- دیموکراسی جگە لە رووپۆشێکی ئەستووری ریاکارانەی دیکتاتۆرانە و بۆرژوایانە چیدی نییە. هەرچی دەربارەی رای گشتی، خواستی خەڵکی، دەربارەی هەڵبژێردراوان دەڵێن، درۆی پەتین».

- دیموکراسی بریتییە لە سیستەمێکی بە رووکەش پەرلەمانتاریستانە و لە راستیدا ستەمگەرانە و زاڵمانەی هەمیشەیی. ناڕەواییەکی لە ئەندازە بەدەری نامرۆڤانەیە کە بۆرژوایان بەسەر زەحمەتکێشانیدا دەسەپێنن»(١٧)

لینین ئەمجارەیان لەو گۆشەنیگایەوە سەیری مەسەلەکە دەکات، کە شۆڕشی پڕۆلیتاریا پێگەییوە و لە جۆش و قوڵپاندایە و کاتی ئەوە هاتووە رژێمی پارلەمانیستی بۆرژوایان ریسوا و نابووت بکات. بۆیە لە پاڵەوە رەواج بە کاڵای خۆی دەدات و دەڵێت: «لە تەواوی دونیادا، هەتا لەنێو دیموکراسیترین وڵاتانیشدا، هیچ شوێنێک نییە هێندەی شووڕەوی دیموکراسی بێت».

کوشندەترین هەڵە ئەوەبوو کە دیموکراسی، ئەو دەستکەوتە تاقانە پڕ نرخ و بەهایەی مرۆڤایەتی، پەلپەل کرا و بۆ هەر چینێک جۆرێک لە دیموکراسی دیاری کرا. لە بریتی ئەوەی ئەو ئازادییە سیاسییانەی سیستێمی پارلەمانیستی، کە بەرهەمی خوێن و ئەسرینی ملیۆنەها مرۆڤ و سەدان وەچەی مرۆڤایەتین، بخرێنە سەر جۆخینی سۆسیالیزم و برەویان پێ بدرێت و لێیان زیاد بکرێت، بە نێوی ئەوەوە کە مڵکی گڵاوی بۆرژوایانە، تووڕهەڵدرا و ژێرپێ نرا و دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا جێی گرتەوە و ئیدی شوێنەواری دیموکراسی سڕدرایەوە و لە نێواندا تەما و شەوەزەنگی رەشی دیکتاتۆری و تاک حیزبی شەبەنگی هەڵدا.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێین، بنەچە و ریشەی گەلەک لەو هەڵە و پەڵە مەزنانەی پاشان لەو بیر و سیستێمەدا دیاریان دا، هەر لە سەروەختی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە و کاتی دەسەلاتی خودی لینین رەگیان داکوتا، تیۆری و پێشبینییەکانی خودی لینین زەمینەیان بۆ خۆش کردن.

ئایا بەرقەرارکردنی سیستێمی تاکە حیزب و پیادەکردنی دیکتاتۆریی تاکە حیزب، یانی دیکتاتۆری سەرکردایەتی و بەو پێیەش دیکتاتۆریی سەرکردەی حیزب، لینین ئاوەکەی نەڕشت؟ ئایا ئەو نەبوو کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ بەلشەفیک بڕ دا و گشت هێزەکانی دیکەی تووڕدا؟ ئایا ئەوە لینین خۆی نییە کە دەڵێت: «کاتێک بەسەر دیکتاتۆریی تاقە حیزب لۆمەی ئێمە دەکەن، وەکی دەبیستین، پێشنیازی بەرەیەکی سۆسیالیستانە دەکەن، ئێمە پێیان دەڵێین: بەڵێ دیکتاتۆریی تاقە حیزبێک»(١٨).

لینین و دەوڵەت

یەکێک لە تێزە هەرە گرنگەکانی مارکس و ئینگڵز، جەختی ئەوەیە کە دەوڵەت پاش شۆڕشی سۆسیالیستی، لەنێو دەچێت. تیۆریستە مارکسیستەکان، هەر لەسەروەختی لینین خۆیەوە، هەتا دەمەدەمی گیانەڵای رژێمە سۆسیالیستەکانیش، بە گشت هێزێکیانەوە خەریکی ئەوەبوون بڕوبیانووی تیۆری بۆ دواخستنی ئەو زایە بوونە دابڕێژن. دیارە ئەوەش هۆی خۆی هەیە. لە گشت لە گشتی ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستانەدا، زێتر لە هەر وڵاتێکی دیکە، هەست بە چارەی دزێوی دەوڵەت و چاوی بزی پۆلیس دەکرا.

لینین بە تێزەکانی مارکس و ئینگڵزدا دەچێتەوە و لە «دەوڵەت و شۆڕش»دا گەشە بە تێزەکانیان دەدات و بیرازیان دەکات. تێزەکەی خۆی بە «داڕشتنەوەی راستەقینەی بیردۆزەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەت» نێو دەبات(١٩).

لنینین کرۆکی بیری مارکسیزم دەربارەی واتا و رۆڵی مێژوویی دەوڵەت بەم شێوەیە پوختە دەکات(٢٠):

«دەوڵەت بەرهەمی ناتەبایی و دژایەتییە چڕەکانی نێو چینە جوداوازەکانە»

«بەلای مارکسەوە، دەوڵەت ئامرازی دەستی چینی دەسەڵاتدارە، ئامرازی سەرکوتکردنی چینێکە لەلایەن چینێکی دیکەوە. بۆیە ئەو ئامرازە بەدەستەوە دەگرێت، تا درێژە بە ئارەزووی سەرکوتکەرانەی بدات و ململانێی چینایەتی خەفە بکات».

«دەوڵەت دەسەڵاتێکە بەسەر کۆمەڵگەوە و تا دێت زێتر و زێتر لە کۆمەڵگە تەوەللا دەبێت».

ئەو تەوەللا بوونە، هێدی هێدی دەبێتە ئەو ئامرازە داپڵۆسێنەرەی کە چینی دەسەڵاتدار بۆ مەرامی خۆی هەڵی دەسوڕێنێت».

ئینگلز ئەو دەسەڵاتەی بە دەوڵەت نێو دەبرێت، ئاوها هەڵدەسەنگێنێت:

«دەزگەیەکە کە هێزی چەکدار و زیندانی هەیە. سوپا و پۆلیس ئامرازی سەرکوتکەرانەی دەستی دەوڵەتن».

تکایە با خوێنەر لەو باقە نموونانەی سەرەوەدا، لە بریتی هەر وشەیەکی (دەوڵەت)، دەستەواژەی (رژێمی چاوشیسکۆ)، یا (رژێمی برێژنێف)، یا (رژێمی هۆنیکەر)، یاخود هەر رژێمێکی دیکەی سۆسیالیست، یا (چینێکی نوێ) دابنێت، ئەوجا با بزانین چ لە رووی فەلسەفی و چ لە رووی سیمانتیک و چ لە رووی واقیعەوە، هیچ لە مەبەستی ئەو کەڵە کۆمۆنیستانە دەگۆڕێت؟؟؟

مارکس کۆمەڵگەی کاپیتالیستمان ئاوها پێ دەناسێنێت: «هێزی بەرهەمهێنەر کە زۆربەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت، دەبێت لەژێر باری ستەمی کەمینەیەکی مفتەخۆری دادۆشێنەردا، بیگوزەرێنێت».

تۆ بڵێی سەرکردەکانی پڕۆلیتاریای وڵاتانی سۆسیالیست، قەت

ئەم پێناسەیەی مارکسیان خوێندبێتەوە؟ ئەی تۆ بڵێیت قەت لەگەڵ خۆیاندا بەراوردیکیان کردبێت؟ ئەی تۆ بڵێیت هیچ موچڕکەیەکی شەرم بە جەستە و ویژدانی مردارەوەبوویاندا هاتبێت؟؟

لێرەدا جێی خۆیەتی بەسەرهاتێکی شیرینی مێژوویی، لەسەر زمانی (میلۆڤان جیلاس)ەوە بگێڕمەوە، کە لە یەکێک لە کتێبی بیرەوەرییە پڕ تام و چێژەکانی خۆیدا، لە Jahre der macht (ساڵی دەستەڵات)دا بۆمان دەگێڕێتەوە:

«پاش ئەوەی سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و دەستەڵاتمان گرتە دەست، هەرچی موڵکی پاشا هەبوو، هەر لە کۆشکەکانییەوە تا شەمەندەفەر و کەشتی و راوگەکانی، بوونە موڵکی تیتۆ، رۆژێک نازانم ساڵی ١٩٤٥ بوو یاخود ١٩٤٦، بە چ بۆنەیەکەوە بوو، تیتۆ داوەتی کردین و فیلمی (دیکتاتۆری گەورە)ی چارلی چاپلنمان بۆیەکەمجار بینی. لەو لەقتەیەدا کە لێخوڕی شەمەندەفەرەکە زۆر بە زەحمەت دەیویست شەمەندەفەرەکە وا رابگرێت کە ئەو دەرگایەی دیکتاتۆری لێوە دادەبەزێت لەگەڵ فەرشە سوورەکەدا جووت بوەستێتەوە، هەموومان موچڕکەی شەرممان پێدا هات، دیتمان تەنها جوداوازیی تیتۆ و دیکتاتۆرەکەی چاپلن ئەوەیە کە لێخوڕی شەمەندەفەرەکەی تیتۆ، زۆر شارەزایانە، بێ دەردیسەر، یەکەوڕاست لەبەردەم فەرشە سوورەکەدا رایدەگرێت. تیتۆ خۆشی هەستی کرد و دیار بوو هەمان موچڕکەی شەرمی پێدا دەهات. ئاوڕێکی لێ دایەوە، خەندەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوانی،کە واتایەکی زۆری دەبەخشی»[٢١]

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان و هۆکارەکانی ئاشبەتاڵی بیر و سیستێمی کۆمۆنیزمی پەنجەژمێر بکەین:

٢- نەبوونی دیموکراسی و ئازادیی هەڵسوکەوت و رادەربڕین و قەدەغەکردنی گشت سەربەستییەک و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ:

وەکو پێشان روونمان کردەوە، هەر بە پێی پێناسەی کەڵە کۆمۆنیستان، ئەو رژێمانە رژێمی پۆلیسیی دیکتاتۆریی داپڵۆسێنەر بوون. کە ئێستا پاشماوەی حیزبەکانیان دەڵێن: دەبێت رژێمێک بەرقەرار بکەین کە خۆی بە یاسای دەوڵەتەوە ببەستێتەوە، یانی دان بەوەدا دەنێن کە لە سایەی ئەو رژێمانەدا هەرچی یاسای دەوڵەت و داب و نەریتی کۆمەڵگە هەیە، ژێر چەکمەی پۆلیس و ئامرازە سەرکوتکەرەکان نراون. ئەمە لە حاڵەتێکدا گەر بڕوا بەوە بکەین کە یاسا هەر هەبووە. چونکە یاسا تەنها لەلایەن پارلەمان و نوێنەرانی گەلەوە دادەنرێت. یاسای ئەو وڵاتانە بە پرسی گەل و لەلایەن گەلەوە دانەڕێژراون، دەنا خۆبەخۆ لە یاسادا دەوری رێبەری و رێبەرایەتی بۆ ئەو حیزبانە قۆرخ نەدەکرا. بەڵکە دەبایە بە توانا و لێهاتوویی خۆپشتگیری و بڕوا و متمانەی تەواوی جەماوەر وەدەست بهێنن و بەوە ببنە «پارتی پێشڕەو».

ئەوان میللەتیان بە گاگەلی خۆیان دەزانی. میللەت لە سایەی ئەو رژێمانەدا تەنها یەک ئازادیی هەبوو، ئازادیی سەرلەقاندن و بیرنەکردنەوە و دەمنەکردنەوە.

٣- دابڕانی حیزب و سەرکردایەتییەکەی لە میللەت و چینی پرۆلیتاریا:

تەنها ئامرازێکی پەیوەندیی هاووڵاتیان بە حیزب و دەوڵەت و سەرکردایەتییەکەیەوە پۆلیس و دەزگە نهێنگرە داپڵۆسێنەرە ترسناکەکان بوون. جەماوەری کرێکاران هێندە لە حسێیەکاندا تێدەخوێندرانەوە کە بورغووی ئامێری بەرهەمهێنان بن، کە چەپڵە



بۆ ئەو سەرکردانە بتەقێنن و لە خۆپیشاندانە زۆرەملێکاندا ئەو دروشمانە بەبەرچاوی ئەو سەرکردانەدا بخشێنن کە خۆیان داهێنەر و هەڵبەستەرین.

٤- سیستێمێکی ئابووریی سەقەت و بارێکی ئابووریی داتەپیو کە بەلای کەمەوە سێ هۆکار بەو دەردەیان برد:

أ- سیستێمەکە فڕی بەسەر پێوەرەکانی سۆسیالیزمەوە نەبووە، نە بەو سۆسیالیزمەوە کە خۆیان بە خەیاڵی نێوی دەبەن، نە بەو خەیاڵ پلاوەوە کە خۆیان بە زانستانە نێوی دەبەن، بەڵکە کاپیتالیزمی دەوڵەت حوکمفەرما بوو.

(Gramsci) رێبەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، ١٩٢٢ و ١٩٢٥ سەردانی مۆسکۆ دەکات، هەر ئەو دەمە رەخنە لە حاڵ و بارەکە دەگرێت و زۆر گەشبین و دڵخۆش نابێت و دەڵێت: «ستالین کاپیتالیزمی دەوڵەتی پیادە کردووە و پێوەندی و دەمەتەقێی تیۆری و سیاسیی نێوان حیزب و جەماوەری خەفە کردووە»[٢٢].

ب- بەشێکی هەرە زۆری دەستکەوتی میللی بۆ چەک و جبەخانە بە خەرج دەدرا. ئێستە زۆر سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرەوەی سیاسیی ئەو وڵاتانە، دان بەوەدا دەنێن کە بەشێکی تاوانی گرژکردنی حاڵ و بارەکە و زەخیرەخستنی بارخانەی ئەتۆمی، دەکەوێتە ملی ئەو وڵاتانە. هەر ئەو راستییە و ئەو ئەرکە ئابوورییە قورسە و هەستکردن بەوەی کە بودجەی ئەو وڵاتانە چیدی ئەو مەسرەفە گەورە و گرانەیان پێ هەڵناسووڕێت و دادەتەپن، جگەلەوەی هیچ کێشەیەک بە چەکی ئەتۆم چارەناکرێت و لە بەدبەختی زێتری لێ شین نابێتەوە، گەرباچۆڤی بۆ پرێسترۆیکا و کۆتایی بە ململانێی نێوان هەردوو زلهێزەکە هان دا.

پووڵی زۆر تەنها بۆ چەک و جبەخانە و بەربەرەکانیی ئیمپریالیزم بە فیڕۆ نەدەدرا، بەڵکە بۆ کڕینی ئامرازە سەرکوتکەرەکانی هێزی بەرهەڵستکاری نێوخۆش. بۆ نموونە لە «رۆمانیای تێر و تەسەل»*ی چاوشیسکۆی «ئازیزی پرۆلیتاریا»دا، سێ ملیۆن ئامرازی گوێڕاهێلان چێنرابوون، دەیان هەزار پیاوکوژی «سیکوریتاتی» دابەسترابوون. دەیان کیلۆمەتر تونێلی ژێر زەوی هەڵکەنرابوو، بۆ هاسانکردنی جموجووڵ و دەستوەشاندنی «سیکوریتاتی» لە کاتی پێویستدا. ئاشکرایە ئەم هەموو پووڵە لە دەمی میللەتەکە گێڕدراوەتەوە. ئەمە لە وڵاتێکدا، کە هاووڵاتیانی بۆیان نەبوو لە چلەی زستاندا، پلەی گەرمای ژوورەکانیان لە ١٢ تێپەڕ ببێت، یان لە چرایەک زێتر هەڵگیرسێنن.

لە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا ١.٩ هەزار جاسووسی لابەلا، بە پارە بۆ خراپەنووسین و هەواڵگەیاندن راگیرابوون. ئەمە جگە لە ٢٠٠ هەزار جاسووسی رەسمی. سەرجەمی دەستکەوتی میلليی وڵاتێکی وەک شوورەوی، نیوەی سەرجەمی دەستکەوتی وڵاتێکی وەک ئەمریکایە. یانی ٢٨٠ ملیۆن کەسی ئێرە، نیوەی ئەوە بەرهەم دەهێنن کە ٢٤٠ ملیۆن کەسی ئەوێ بەرهەمی دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا لە سۆڤیەت چارەکێکی دەستکەوتی میللی بۆ چەک و جبەخانە خەرج دەکرا، بەڵام ئەمریکا هەشتیەکی دەستکەوتی میللی بۆ چەک و جبەخانەیە[٢٣]

ج- دزی و جەردەیی بەرپرسیاران و کاربەدەستانی حیزب و دەوڵەت، لە کادرێکەوە تا هاوڕێیانی سەرکردایەتی و تا سکرتێری گشتی، خەزێنەی ئەو دەوڵەتانەیان داچەکاند و دایانتەکاندن.

هەر ئەوەش رێگەی بۆ بەرتیل و دزی و جەردەیی و قاچاخچێتی و بازاڕی رەش خۆش کرد. کۆمەڵگەی نەخۆش خست. درۆ و دووڕوویی و ریا و کلکەلەقێ و کڵاوبازی و عارەق خۆری و راکردن لەو واقیعە تاڵە، بوونە دیاردەیەکی زەقی پەروەردەی سیستێمی سۆسیالیستانە.

کۆنە ئەندامێکی نێوەندیی پارتی کۆمۆنیستی شوورەوی ئاوها لەبەردەم رۆژنامەی پراڤدادا دێتە گۆ:

«گەندەڵیی سیستێمی ئێمە، یانی کەس مافی ئەوەی نییە بەرتیل رەتکاتەوە. ئەوەی بەرتیل وەرنەگرێ نیوە غایەنێکە. بەڵام ئەوەی بەرتیل نەدات، غایەنی تەواو تەواوە. چونکە هەم کارەکەی لەدەست دەدات، هەم لە ریزی حیزبیش بەدەر دەنرێت، بەو پێیە ژیانیشی دەفەوتێت»[٢٤]

لە کۆتایی دووەم جەنگدا، چیکۆسلۆڤاکیا ١٠هەمین دەوڵەتی پیشەسازیی جیهان بوو. لە سایەی ئەو سیستێمەدا بە ٤٥ ساڵ بووە ٤٠ هەمین دەوڵەتی پیشەسازی و لات و نابووت بوو.

یەک نەتەوەی ئاڵمان دوو دەوڵەتی لێ کەوتەوە، هەردوک لە وێرانە خاکی ئاکامی جەنگەوە تێهەڵچوونەوە.ئەوەی بەو ٤٥ ساڵە هەر لە کەمی و کورتی و نەبوونی دا و هیچی بە هیچ نەکرد، ئەڵمانە سۆسیالیستەکە بوو. ئیدی میللەت چۆن باوەڕ بکات کە ئەو سیستەمە دەردەکانی کاپیتالیزم سارێژ دەکات و مرۆ بە هەواری بەختیاری دەگەیەنێت؟

٤- بایەخ نەدان بە کێشەی میللەتان و چارەسەرنەکردنی بنجی کێشەی نەتەوەکان و خلافاندن و خەڵەتاندنیان بە چارە و چارۆچکەی نیوەناچڵ، کە ئەوڕۆ ئاکامەکەی دەبینین. (برێژنێسکی) لەو بارەوە دەڵێت: (مارکس گوتەنی «رووسیای تەرازی زیندانی میللەتان بوو»، بەڵام لە سەردەمی ستالیندا بووە گۆڕستانی میللەتان، لە سەردەمی گۆرباچۆڤدا بووە گڕکانی میللەتان)[٢٥]

٥- قەبەکردنی مەسەلەی ئینتەرناسیونالیزم، یانی پێوەندییە گوێڕایەڵانەکە بە مۆسکۆوە و زێدەڕۆیی کردن لە مەسەلەکەدا. گەلەک جار لە ژێر ئەو پەردەیەدا یان خۆویستانە و گوێڕایەڵانە، بەرژەوەندیی مۆسکۆ دەخرایە سەروو گشت بەرژەوەندییەکی میللییەوە و هەستی ئەوەی لای میللەتانی ئەو وڵاتانە دەڕسکاند کە رژێمەکەیان رژێمی بەکرێگیراو و وابەستەی هێزێکی دەرەکین. لە سۆڤیەتیشیان وەک هێزێکی داگیرکەری ئەوبەریان دەڕوانی.

سەرئەنجام:

یەکە یەکەی ئەو وڵاتانە، بە رووسیاشەوە، بە زۆر و تین و تاوی میللەتەکانیان، ئەو پەرەگرافەیان لە یاسا ساختەکانیان تووڕ دا، کە خۆبەخۆ و بێ هیچ گەلپرسییەک، مافی کارکردنی سیاسی تەنها و تەنها بۆ پارتە کۆمۆنیستەکان قۆرخ دەکات و دەوری رێبەرایەتی و پێشڕەوایەتییان بۆ پاوان دەکات. بەمە کۆتایی بە سیستێمی تاکە حیزب هات و سەردەمی سیستێمی فرەحیزبی دەستی پێکرد. هەڵبەت ئەو تاکە ئەسپەی بە تاک و تەنها و بۆخۆی بۆڕبۆڕێن و رمبازێنی دەکرد، «وەکو بە گاڵتەجاڕییەوە بە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە دەڵێن»، گلا و پسا. لە هیچ کوێ چاوەڕوانی هەڵساندنەوەی هێز و گوڕپەیداکردنەوەیان ناکرێت. زەحمەتە میللەتان جارێکی دی، تەجرەبەی تاڵی ئەو سەردەمانە لەیاد بکەن و بە گوتەی سەوز و سوور و بەڵێنیان فریو بخۆن. پاشماوە و کەلاوەی حیزبەکانیشیان خەریکی رتووش و خۆگۆڕین و ئارایشت کردنن. زۆر شەقڵی رەسەنی بیرەکەیان تووڕداوە. ئەوڕۆ لە هەموو شت دەچن لە کۆمۆنیست نەبێت.

هەڵبەت بیر و رێبازەکە هێجگار کز و لاواز بووە، بەڵام فەوتاندنی مەحاڵە، بەتایبەت لە نێو میللەتانی دواکەوتووی جیهانی سێیەمدا، چونکە ئاسۆی بیر و بیرکردنەوە هێجگار تەسکە و پلەی رۆشنبیری گەلەک نزمە. زۆربەی کۆمۆنیستان نە ئەو دەمە تەواو لە بیرەکەیان گەیشتبوون و دەیانزانی بۆچ بە دووی ئەو مۆدەی رۆژەدا هەناسەسوار رادەکەن، نە ئێستەش دەتوانن لە حاڵ و بارەکە بگەن و پڕاوپڕ وەک پێویست هەڵیسەنگێنن و سەرئەنجامێکی بابەتانەی لێ پوختەکەن.

بەهەرحاڵ زەمینەی رەسەنی گەشەکردن و هەڵچوونی بیرەکە، داتەپی و تەواو تەواو رۆ چوو. جارێکی دی ئەستەمە بتوانن لە جیهانی گەشە کردوودا رەگ داکوتنەوە و تەرز فرێدەن.

ئیدی با کۆمۆنیستی میللەتانی دواکەوتووی وەکی کورد، هەر خەونی سەوز و سوور ببینن، خەون بە (تەیری عەنقا و شاری جابولقا و پلاوی خانەقا)وە.

سالزبورگ

١٩٩٠/٣/١٤

## سەرچاوە و سەرنج

(1) Michail Gorbatschow: Ausgewählte Reden und Aufsätze, Verlag Progress, Moskau 1987, s. 375

(2) Neue Zurcher Zeitung, 28.12.1989

دەقی پاشکۆی نهێنیی ئەو رێککەوتننامەیەم کۆپی کردووە، بە هیوام بتوانم لە دەرفەتێکدا بۆ خوێنەرانی بکەمە کوردی.

٣- ئەو دەستەواژانەی نێو کەوانە گچکەکان، چەند نازنێوێکی کەمن لە نازنێوە زۆر و زەوەندەکانی چاوشیسکۆ، کە خۆی بە خۆیدا هەڵداون و دەبایە جەماوەر هەمیشە لەسەر زاریان بایە.

(4) Der Spiegel, Burger A000 0001, 9.1990, s. 22

گۆڤاری (شپیگل) دەقی پرۆتۆکۆلی ئیفادەی (هۆنیکەر)ی بڵاوکردبووەوە کە کاتی گرتنەکەی لەبەردەم دادیاری گشتیدا ئیمزای کردبوو. (هۆنیکەر) لەپاڵ زۆر تاوانی دیکەدا، بەوە تاوانبارە کە تێکڕا ٧٥ ملیۆن مارکی رۆژاوایی لەو پارەیە برداوە کە رژێمەکەی لە مرۆفرۆشتندا دەستی دەکەوت. تێکڕا ٢١٥ هەزار هاوڵاتی و ٣٣ هەزار زیندانی لەو ساڵانەی دواییدا بە ئەڵمانیای خۆراوا فرۆشراون. نرخی هەر نەفەرێک لە نێوان ٥٠ تا ١٠٠ هەزار مارکی خۆراوایی بووە. ژمارەی کۆنتۆ نهێنییەکەی هۆنیکەر کە لە خۆراوا هەیبووە برێتییە لە: Deutsche Handelsbank 0628

چاوسیشکۆش هەمان سەودا و مامەڵەی دەکرد. ئەڵمانەکانی رۆمانیای بە ئەڵمانیای خۆراوا دەفرۆشت. بەڵام بە گۆترەکاری و بێ قەپان، بە قەڵەو و لەڕ و گەڕەوە تێکڕا سەریی بە حەوت هەزار مارک. خۆی چەندین جار بە خەندەوە گوتبووی: «ئەڵمانیا باشترین کڕیارمانە»

٥- ئەو گەڕەکەی سەرکردەکانی پرۆلیتاریای ئەڵمانیای خۆرهەڵات لێی دەژیان و گاڵتەی بە بەهەشت دەکرد، نێوی (Wandlitz)ە. لەبەرئەوەی هەمیشە قافڵەی (ڤۆڵڤۆ)ی بەڕێوە بووە،

رشەخەڵکەکەش لە خۆشی (لینینگراد) و (ستالینگراد)، نیویان نابوو (ڤۆلڤۆگراد).

٦- مێژوونووسی نێوداری سۆڤێتی (مدویدوف) لە حەوتەنامەی (ئارگومەنتی ئی فاکتی)، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٨٩دا دەنووسێت کە ژمارەی سەرجەمی قوربانییەکانی ستالین نیزیکەی ٤٠ ملیۆن نەفەر بوون. بڕوانە ڕۆژنامەی (راه ارانی، شمارە ١٩، ص ١٦) نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە بە پێی دواهەمین سەرژمێری کوژراوانی دووهەم جەنگ، کە لەم مانگەدا شووروەی بلاوی کردەوە، سۆڤیەت ٢٦ ملیۆن قوربانیی داوە. یانی تەنها لە گەلانی سۆڤیەت، ستالین لە هیتلەر زێتری کوشتووە.

(7) Wolfgang Leonhard: Euro Komunismus, Bertelsmann Verlag, Munchen, 1978. s. 44

(کۆمۆنیزمی ئەوروپایی)، گەشتێکی زانستانەیە بە مێژیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی جیهاندا، لە مێژە خەریکی تەرجەمە و چاپکردنیم، بەرگی یەکەم لە تەواوبووندایە، بەهیوام بتوانم بەو زووانە پێشکەشی خوێنەرانی بکەم.

(8) Viktor Suworow: Der Eisbrecher, Klett-Cotta, Stuttgart, 1989, s. 28

(9) Jan Stankowsky: Gold und Know-how, Kurier, Wien, 4.12.1989

(10) W. Hans: Gorbatschow- Versuch uber Zusammenfassungseiner Gedanken, Hamburg, 1989. s. 45

(11) Helmut Dahm: Die Technik der Macht, Walter-Verlag, 1974, s. 469

(12)K. Marx und F. Engls: WERKE, Bd XXII, s. 209

١٣- راه ارانی، ارگان مرکزی حزب دمکراتیک مردم ایران، شمارە ١٩-٢٠-٢١، ٣.٢.١/١٩٩٠، «لینینزم و دمکراسی»

(14)Hans Benedikter: Eurokommunismus, Athesia, Bozen, 1978, s.28

(15) S. Hilmann: Die russische Revolution, Hamburg 1970, s. 188

(١٦) و (١٧) و (١٨) بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١١).

(19), (20) Friedrich-Christian Schroeder:Wandlung der sowjetischen Staatstheorie, C. H. Beck, 1979, Munchen, s. 16-18.


(21) Milovan Djilas: Jahre der Macht, Molden-Verlag, Munchen 1983, s. 32.


(٢٢)- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١٢ لاپەڕە (٢٧).

* «ڕۆمانیای تێر و تەسەل» سەردێڕی زنجیرە گوتارێک بوو کە کاتی خۆی خوالێخۆش بوو (ئەحمەد غەفوور)، کە یەکێک لە کۆمۆنیستە ناسراوەکانی کورد بوو، پاش سەردانێکی ڕۆمانیا بلاوی کردەوە.

(23) Manfred scheuch: Vom Elend der planwirtschaft. Profil, 50/11 dezember 1989.

(25) Zbigniew Brzezinski: postkommunistische Nationalismus, Europa-Archiv, 24/1989,s. 733







# کـــوردم

هەژار

برا زۆر سەیرە زوو نەمناسی... من هەر زۆر لە زوو کوردم
کەتۆ پێنج شەش کەڕەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم

لە تەکیە بوویە جێگر، ڕێگر و مێگر لەبن بەرماڵ
ئەمن لەوساوە جێ و بانم لە بانی بێشکە بوو کوردم

عەجەم بووی بوویە تورک و بوویە عارەب ئێستە سەرشێواو
ئەمن بێ گێلمەگێلم و کەشمەکەش بێ «چاشنو» کوردم

سپی بووی، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕووزەردی
ئەمن یەکڕەنگ و ڕوو، وەک پیاوی خاوەن ئابڕوو کوردم

کەتۆ بۆ مز لەناو مزگەوتی... کوردستانە ڕووگەی من
کەتۆ دەروێشی زەرگ و مەرگی من بێ هایوهوو کوردم

کەتۆ پەل بۆ هەموو جێیەک ئەکێشی و بێ ڕەگ و بنجی
ئەمن گەر پەلپەلیشم کەن... لەسەر یەک ڕێگەم و کوردم

دڵت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم
سەراپا، ڕەگ بە ڕەگ، ئێسقان بە ئێسقان، موو بە موو کوردم

کەتۆ دەرپێت فڕێ دا و چاکەتی چاکت دەبەرخۆ کرد
ئەمن شەرمم بە خۆ و شاییم بە خۆمە... جلشڕ و کوردم

کەتۆ گیرفان پڕی، گیرفان بڕی، من هەر هەژار ماوم
کەتۆ خۆت دا بە خواردن... من لەگەڵ گاڵ و بەڕوو کوردم

بەغدا- ئازاری ١٩٦١

کورتە چیرۆک

# ئێستاش نایەوێ شوو بکات

میران ئەمین

— لە کەلی شەیتان نایەتەخوار، شوو ناکات و بڕایەوە! جوان و لەبار و خان و مانە، خوازبێنیکەری زۆرە... بەڵام نایەوێ شوو بکات... مەسەلەکە هەروا سادە و سووک نییە. با زیاتر درێژەی نەدەمێ... لە سەرەتاوە چۆن بوو ئاوها بۆتان دەگێڕمەوە...

ساڵ و نیوێ پێش ئێستا دەمەو نیوەڕوانی ڕۆژێکی زستان، لە بنکەیەکی پێشمەرگەدا نەورۆز ڕووی کردبووە جەلال:

– کاکە گیان، چاوەکەم! خۆ لە کێوی قافدا گیرت نەخواردووە. پاشان ئەمە ڕۆژ و دوو ڕۆژ و ساڵ و دوان نییە. ئەوە چەند ساڵە؟ کێ دەڵێ تووشی ڕۆژگارێک نایەین ئێستامان لا ببێتە زەمانی حەزرەتی مەهدی؟ وەرە بە قسەی برای خۆت بکە، ئەم ئیجازەیە پێکەوە دەچینەوە ماڵی خۆمان. چاک لێی دەحەسێینەوە و پاک و پوخت خۆمان و جلەکانمان دەشۆین... تێر سکی خۆشمان و لەو چێشتە بەلەزەتەی دەستی دایکم دەخۆین... لەوانەش بترازێ لە بۆڵە و قیرەقیڕی مام عەلیی ئازووقەش تەرخان دەبین... شەرمیشی پێ ناوێ کاکی خۆم، هەموو برای یەکین.

چەند ڕۆژان لەسەریەک ئەم وەکو کاسێت ئەو قسانەی بۆ دووبارە دەکردەوە... فایەی نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ملی دا و گوتی:

– باشە برا، دێم... بەڵام پیاوی چابە لەوێش مەیکە بە ڕۆژی خۆت، قسە و بەزمی ئێرەم لەگەڵ مەکە! ئەگینا جارێکی تر مەرحەبات ناکەم.

ئەم قەولی دایە، سبەی زوو بەڕێ کەوتن، گوندەکەیان هەروا سێچوار سەعاتێ لە بارەگاکەوە دوور بوو. دایکیشی پاش بەخێرهاتن ڕووی کردە جەلال:

– ڕۆڵە گیان، ئەوە چەند جارە نەورۆز هەر ئەڵێ ئەمجارە لەگەڵ خۆمدا دەیهێنمەوە. کەچی دیارە تۆ فرە شەرمۆکی... شەرمی ناوێ. بەخوا هەمووتان وەکو نەورۆز وان. ڕۆژێ نەتانبینم وا ئەزانم لەسەر زەوی نیم، خوا و هیمەتی مشایەخان دەستیان بە باڵتانەوە بێ.

جەلال بە بڵمە بڵم لە ژێر لێوەوە گوتی:

– خو عافووت کا... دەستت ماچ دەکەم دایە گیان.

دایە گیانەکەی بە گران لەدەم هاتە دەر.

نەورۆز دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

– ئێمە بە تایەفە هەموومان شۆڕشگێڕین، بڕوانە دایکیشم بە دۆعا و نوێژ هیچی نەهێڵاوەتەوە.

گوڵەی خوشکی نەورۆز کە سەرقاڵی چا لێنان بوو گوتی:

– کاک جەلال لە کوڕی ئەم زەمانە ناچێ!

ئەم لە شەرمان سووڕ هەڵگەڕا.

ڕاستییەکەی وەکوو نەورۆز گوتی، چاک حەسانەوە، تێر و تەسەل و پاک و خاوێن. پاش ئەوە، هەموو مۆڵەتێ، جەلال بێ ئەوەی نەورۆز ڕووی لێ بنێ، خۆی دەپێچایەوە و پێکەوە شۆڕ دەبوونەوە... نەورۆز لەوەی کە جەلال ئاوها شەرمی شکابوو و لە ماڵی ئەماندا بە ئاسانیی هەڵس و کەوتی دەکرد، زۆر بە کەیف بوو. ئاخر کەم نییە، مرۆڤێک هەموو خێزانەکەی لە دەست دابێ و ئێستاش ئاوها لەگەڵ خێزانێکی کەدا بگونجێ.



ماڵی ئەمانیش خواهەڵناگرێ وەکو کەسێکی خێزانەکە سەیریان دەکرد و هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نەبوو. تەنها گوڵەی خوشکی نەبێ، ماوەیەکە هەر ئەمان دەگەنەوە ماڵ ئەو خێرا گەشە دەیگرێ، گورجێ خۆ دەگۆڕێ و بەرووی جەلالدا پێ دەکەنێ. ئاگای لێ بوو هەندێ جار جەلالیش گەر بیزانییا کەس بە دەورەوە نییە سەری قسە و باسی لەگەڵدا دادەمەزراند، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– قەیدی چییە؟! مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ... هەر بۆ یەک چاکن...

* * *

تازە لە شەڕی سەرجادە گەڕابوونەوە، ماندوو و برسی و تۆزاوی لە سەربانی بارەگاکەیان لەسەر جێگاکانیان ڕاکشابوون بەبێ ئۆقرەیی چاوەڕوانی پێگەیشتنی چێشتەکە بوون. جەلال چاوی بڕیبووە مانگەشەوەکە و خەیاڵ بردبوویەوە:

– کوڕە دەی ناوی خوای لێ بێنە... لە سبەی زووتر نییە، مام عەلی و کاک سەلام ئاگادار کە و کورد و کوڕانە بنێرە داخوازی، یا گاڵ دێنێ یا پەموو! تاکەی هەروا دزە دزە! بەڵام کوڕە کارەکە هەروا ئاسان نییە، لێقەشڕی هەموو دنیا دەمی خەڵکم بۆ ناتەپێنێ، وەکوو بنێشتەخۆشە دەیجوونەوە (بزانە بزانە دوو ڕۆژ ڕوویان داپێ و بەزەیان پێدا هاتەوە و وەکو کوڕی خۆیان تەماشایان کرد کەچی ئەم تەماعی کردە کچەکەیان!)

نەخێر، جەلال، جارێ بەردێکی لەسەر دانێ، بزانین چۆن دەبێ!

– وەرنە خوارێ نان حازرە!

دەنگی خەفەرەکە هەموویانی ڕاست کردەوە.

لەسەر نانخواردن نەورۆز پێی گوت:

– جەلال! پرسیارێکت لێ دەکەم ڕاستم پێ بڵێ، لەگەڵ گوڵەی خوشکمدا بەینت چۆنە؟

ئەم پەشۆکا، بە تووڕەیییەوە گوتی:

– ئەوە دەڵێی چی؟ عەیب ناکەی قسەی وا دەکەی؟

کەچی ئەو بە هێمنی وەڵامی دایەوە:

– کوڕی چابە جەلال، هیچ شەرمی پێ ناوێ، من کەر و گا نیم و عەقڵم هەیە. گوڵەش هەموو شتێکی بۆ باس کردووم، ئیتر خۆخڵافاندنی ناوێ!

جەلال بێ ئیرادە گوتی:

– هەموو شتێک؟!

ئەم سەری بۆ لەقاند. جەلال تەماشایەکی دەوروبەری کرد، کەسیان لێوە نزیک نەبوو. کەواتە بۆیە نەورۆز بەشەخواردنەکەیانی هێنابووە ئەم دوورە. سەری شۆڕ کردەوە و چاوی بڕییە قاپەکەی بەردەمی، لەبەر خۆوە گوتی:

– وەڵڵاهی نەورۆز گیان بڵێم چی؟ لەرووم نایێ. ماڵی ئێوە وەکوو تۆ حیسابیان بۆ کردووم و زیاتریش. ئێستە باسی شتی وا بکەم چیم پێ دەڵێن؟ خەڵکی دەڵێن چی؟

نەورۆز بە بزەیەکەوە گوتی:

– تۆ ئەگەر بە ڕاستیتە وەرەپێش. باوک و دایکم ڕازی دەبن، قسەی خەڵکیش گوێ مەدەیە با بۆ خۆیان تەنەکەی بەتاڵ بکوتن. کێ بە قسەی عالەم ماڵی شێواوە تاتۆ خۆت سەخڵەت بکەی؟!

* * *

مام عەلی و کاک سەلام هێشتا پێڵاوەکانیان لەپێ نەکردبۆوە، جەلال ئامبازیان بوو:

– بەقوربانتان بم چی بوو؟؟!

مام عەلی گوتی:

گوێرەکەی بوو! چاوچاو کاک سەلام کوڕە دەبابە خۆرەکەمان عەشق چی لێ کردووە؟ هاوار بە ماڵم!

کاک سەلام:

– فەرهادیش وای لێ نەقەومابوو! کاکە گیان مژدە موبارەکە، ئیشەڵڵا حەفتەی دادێ شایەکەت گەرم دەکەین. لێی نێزیک بۆوە و شتێکی بە گوێدا چرپاند، جەلال سووڕ هەڵگەڕا، مام عەلی و کاک سەلام دایانە قاقای پێکەنین.

* * *

بێتەلەکە بێوچان هەواڵی شەڕەکەی دەگەیاند:

– تەقە گەرمە... وەزعمان باشە... چوار کۆپتەریش بەشداری شەڕەکەن، با حاجی شەکر و چا بنێرێ بۆ مزگەوت!

فەرماندەکە ڕووی کردە مام عەلی:

– خێرا گوللە ئار بی جی و فیشەک حازر کە! داوای هێز دەکەن، دەبێ فریاکەوین! هەموو ئامادەن؟!

پێشمەرگەکان بەیەک دەنگ گوتیان بەڵێ

فەرماندە ڕووی کردە جەلال

– تۆ نا، جەلال ئەمجارە تۆ لێرە بمێنەرەوە!

جەلال وەڵامی دایەوە:

– بشمکوژی هەر دێم! جا تاقەتی ئەوەم هەیە بڵێن

لەشەڕ ترسا و پاشانیش گوڵەم نەدەنێ؟
فەرماندەکە پێکەنی و بەڕێ کەوتن

* * *

دەمەوعەسر بێتەڵەکە گوتی:

– باش بوو هێزەکەیان پێ گەیشت.

وردە وردە بێتەڵەکە دەنگی زوڵاڵتر دەبوو و پەیتا پەیتا هەواڵی باشی دەگەیاند:

– گردەکەمان لێ سەندنەوە!

– لە قوڵی چەمەکەوە شکان و وا هەڵدێن!

خۆرنشین دوا هەواڵی دا:

– هێزەکەی دوژمن بە تەواوی شکا. کوژراو و برینداریان یەکجار زۆرە. دەبابەیەک شکێنراوە... دوو سەیارە و چەک و تەقەمەنییەکی زۆر دەستکەوتە... ژمارەیەک بە دیل گیراون لە داهاتوودا بە درێژا ئاگادارتان دەکەین!

بێتەلچییەکەی ئێرە پرسی:

– قوربانیی خۆمان؟ بریندار؟

– ئەوسەر وەلامی دایەوە:

– یەک گوڵاڵە!

ئەم قیژاندی:

– کێ؟

– زاوا!!

بێتەلچییەکەی ئێرە سپی هەڵگەڕا. بە دەنگێکی کز وەلامی دایەوە:

– سەرکەوتوو بن...

مام عەلی بە ئارامی دەگریا... بێتەلچیی ئەوسەر زیانەکانی دوژمنی دەژمارد... □

---

میران ئەمین: ساڵی ١٩٤٩ لە سلێمانی، کوردستانی خواروو، لە دایک بووە. پاش تەواوکردنی ئامادەیی، ئامۆژگای مامۆستایانی خوێندووە و نۆ ساڵیش مامۆستایەتیی کردووە. ئێستا لە سوێد دەژی و مامۆستای زمانی کوردییە.

مارف عومەر گوڵ

## گەمارۆ

کانییەکی بێ کچۆڵەم
ئێوە کانیی واتان دیوە؟
گوندێکم بێ رانەمەڕ و رێژنەی باران
ئێوە گوندی واتان دیوە؟
شارێکم بێ خۆشەویستیی دارستان و بێ چراخان
ئێوە شاری واتان دیوە؟ دەزانن کێم؟!
وڵاتێکم لە چوارلاوە
گەلەگورگی دوژمنانم لێ ئالاوە!

١٩٨٨

## کوڵەپشت

دنیا تاریک و لێڵ بوو
کوڵەپشتەکەی بەست و بەیانی پێش خۆرهەڵات
خانەخوێکەی بەجێ هێشت
بەرەو بنکەکەی ئەودیو لە ئاوایی وەدەرهات.
گیانی گەرم داهات و خۆرەتاو نەیگرتەوە،
تا هەورازەکەی بڕی لەسەر شاخ تۆزێ دانیشت
بۆ تاوێ حەسانەوە، چاوی خەیاڵی فڕی
لەپاڵ تاشە بەردێکا
نەک ئێستاکە، دەمێکە، بەخەیاڵ گەیشتۆتە جێ
کوڵە پشت دەکاتەوە
یەک یەک دابەشیان دەکا، نامە و دیاریی دوورە ڕێ
* * *
دەم بە ویزەی گۆرانی
دەڵێی لە دایک بووە، بەڕێوەیە بۆمەنزڵ
ئاخۆ کەی دەگاتە جێ
کوڵەپشتی فڕێ دا، لە بیری کا دەردی دڵ.
شەوی لێ بەسەردا هات
تەمەنی پڕ هەورازە، ترس لە شکۆی دەترسێ
تا سبەی دەگاتە جێ
لە دار و بەردی ڕێگا، هەواڵی خۆر دەپرسێ.
سامی شەوی ئەو ڕێیە
مۆتەکەی ترس و لەرزە، کە دێ یەخەی ئەم دەگرێ
سڵ لە هیچ ناکاتەوە
گوێ ناداتە ترسی شەو، سام لەبەر پێیدا دەمرێ.

نۆڤەمبەری ١٩٨٧
بناری قەندیل



ڕێپۆرتاژ

# فیلمی «ئاسۆ» چیمان فێردەکات؟

ناوی فیلم: ئاسۆ
دەرهێنەر: سەلمان کاکەیی
سیناریۆ، دیالۆگ و دیکۆپاژ: سەلمان کاکەیی و فەهمی کاکەیی.
درێژایی فیلم: ٦٦ دەقیقە
بەرهەمی: کۆمەڵەی کورد لە سوێدەرهامن (سوێد)، بە هاوکاریی (ABF)
خاوەنی بەرهەم: کۆمەڵەی بارمێنانی کرێکاران (ABF)

هێنانەدیی خەونی سازکردنی فیلمێکی کوردی لە وڵاتدا، کارێکی ئاسان نییە. زەحمەتتر دەبێ ئەگەر گروپێکی سینەمایی بیەوێت لە دەرەوەی وڵاتەوە بڕواتەوە بۆ کوردستان و ئەو فیلمەی خۆی لە یەکێک لە گوندەکان چێ بکات؛ بەڵام لەوەش زەحمەتتر ئەوەیە کە هەمان گروپ بیەوێت لە دەرەوەی وڵات، لە شوێنێکی وەکی سوێد فیلمێکی کوردی چێ بکات کە ڕووداوەکانی لە گوندێکی کوردستان ڕوو دەدەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گروپە بەلای کەمەوە پێویستی بەوە هەیە گوندێکی کوردی درووست بکات بە تەواوی پێویستی و کەل و پەلەکانیانەوە، سەرباری ئامێر و کەرەستە و پێویستییە هونەرییەکان. هەموو ئەمانەش پێویستیان بە پارەیە، پارەیەک کە لەتوانای گروپێکی بچووکی تازە پێکهاتووی بێ تاقیکردنەوە بەدەر بێت.

ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١١ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩، لە یانەی گەل (FOLKETS HUS) لە ستۆکهۆڵم، بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٤٠٠ کەس بۆ یەکەمین جار فیلمی «ئاسۆ» پیشان درا.

(«ئاسۆ» ناوی کوڕێکی ١٣ ساڵانەیە کە لە فیلمەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ).

چیرۆکی فیلمەکە بەوە دەست پێدەکات کە چەند لادێیی‌یەک بە سواری ئۆتۆمبێل لە ڕێگای خوڵاوییەوە دەچنە سەر جادەیەکی قیرتاو و لەلایەن سەیتەرەیەکی دەوڵەتییەوە ئۆتۆمبێلەکە ڕادەگیرێت و نەفەرەکان دەپشکنرێن. یەکێک لە نەفەرەکان (مام سمایل) نامەیەکی پێشمەرگەی پێیە، کە پێویستە بیگەیەنێتە شار. کاتێ مام سمایل دەبینێ کە پشکنینەکە زۆر بە وردییە، بەر لەوەی نۆبە بگاتە سەر ئەم نامەکە دەداتە دەستی «ئاسۆ» و ئەمیش تێی دەقووچێنێ و ڕادەکات. سەربازەکان دەستپێژی لێ دەکەن، بەڵام بێ سوود دەبێت. شەوێکی درەنگ دەگاتەوە گوندەکەی خۆیان و نامەکە لە مزگەوت دەشارێتەوە. کە خەڵکی گوند لێی کۆدەبنەوە، بەسەرهاتەکە جۆرێک دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی باسی نامەکە بکات. «ئاسۆ» خۆی لە مزگەوتی گوند دەخەوێ، پاش ئەوەی لە تۆپبارانێکی گوندەکەدا دایک و باوکی شەهید دەبن؛ هەر بۆیەش هەمیشە هەوڵدەدات ببێتە پێشمەرگە تا بەدەستێ خۆی تۆڵەی دایک و باوکی بکاتەوە. بەپێی دیالۆگەکان بۆمان دەردەکەوێت پێشمەرگەکان (کە هەرگیز دەرناکەون) ڕازی نین وەری بگرن. هەروەها مامۆستای قوتابخانەکە و خاوەنی دوکانەکە (شاسوار) و یەکێک لە گوندییەکان (مام نەریمان) کەسیان ڕازی نین کە «ئاسۆ» ببێتە پێشمەرگە، لەبەرئەوەی جارێ منداڵە. ئەم سێ کەسەی باسمان کردن لەگەڵ مام سمایل (کە پاش ماوەیەک زیندانی بەردەبێ) هاوکاری پێشمەرگەن و لە هەمان کاتدا (بەرگری میللی)شن.

وەکو دەردەکەوێ پێشمەرگەکان (بە ئیش و کاری خۆیان) ناوچەکەیان بەجێهێشتووە و هەر بۆیەش سەربازەکان سەربەستانە لە ناوچەکەدا دەجووڵێنەوە و خەڵکی ئەم گوندە و گوندەکانی دیکەش سەرکوت دەکەن، تەنانەت لەسەر ڕێگای هاتووچۆی گوندیش سەیتەرەیەکی ڕۆژانە دادەنێن و پەڵپ و بیانوو بە

گوندییەکان دەگرن و دارکاریشیان دەکەن و کار دەگاتە ئەوەی دەست بۆ ناموسیشیان درێژ بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو چوار نەفەرەی لەگەڵ پێشمەرگە هاوکارن (پاش ئەوەی لە گەڕانەوەی پێشمەرگەکان نائومێد دەبن) بڕیار بدەن مەفرەزەیەک بکەن دژ بە پایگای رژێم تاکو سەربازەکان واتێبگەن پێشمەرگەکان گەڕاونەتەوە ناوچەکە، سا بەڵکو چاوترسێن ببن و هێندە فشار بۆ گوندییەکان نەبەن. کاتێ ئاسۆ بەمە دەزانێت لە کاتی پێویستدا و بەبێ ئاگاداریی ئەوان دوایان دەکەوێ و هەندێ تەقەمەنی و نارنجۆکیش لەگەڵ خۆیدا دەبات (کە پێشتر پەیدای کردوون یان لە سەرباز و جاش دزیونی). هەر لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا «ئاسۆ» فریا دەکەوێت، ئەم وادەزانێ مەفرەزەکە لەگەڵ پێشمەرگەدا هاوبەشە و بەلایەوە مەبەستە تەقەمەنییەکان بگەیەنێتە پێشمەرگەکان. بەرگرییە میللییەکان لێی توورە دەبن و داوا دەکەن بچێتە دواوە و خۆی حەشار بدات، بەڵام «ئاسۆ» نارنجۆکێک لەگەڵ خۆی دەبات و بەناو دەستڕێژی گوللەدا بەرەو رەبیەی سەربازەکان دزە دەکات، تاکو نزیک دەبێتەوە و نارنجۆکەکە دەهاوێتە ناو رەبییەکەوە و دوو سەرباز دەکوژرێت و کۆتاییش بە شەڕەکە دەهێنرێت. لە هەمان کاتدا گوندەکە لەلایەن رژێمەوە تۆپباران دەکرێ و مزگەوت و قوتابخانە و چەند ماڵێک گڕیان تێ بەردەبێت. بەرگرییە میللیەکان و «ئاسۆ» فریای خەڵکەکە دەکەون و ئاگرەکە دەکوژێننەوە. کە دونیا نەختێک رووناک دەبێتەوە خەڵکی گوند لە گریانی منداڵێکی ساوا بە ئاگا دێن، وەختێ دەگەنە سەری، دەبینن وا ئاسۆ بە دەمدا کەوتووە و سەری داویەتی لە بەردێک و شەهید بووە، منداڵێکی ساوایش لە باوەشیدایە. «ئاسۆ» توانیویەتی منداڵەکە رزگار بکات و نرخی ئەم مێرخاسییەی شەهیدبوونی خۆی بووە. ئەم دیمەنە بە تەواوی لە دیمەنی شەهیدبوونی عومەری نانەوا دەچێت لەکاتێکدا منداڵێکی ساوای لە باوەشدایە و هەردووکیان لە بۆردومانی کیمیایی شاری هەڵەبجەدا لەگەڵ هەزارانی دیکە شەهید بوون؛ هێندە نەبێ منداڵەکەی باوەشی ئاسۆ زیندووە و ئەم منداڵە بە بزەیەکی پڕ لە هیواوەکۆتایی بە فیلمەکە دەهێنێت.

فیلمی ئاسۆ چیمان فێردەکات؟

یەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە (وەکوو بابەت) تۆند و تۆڵ کردنی پەیوەندیی مرۆڤە بە خاک و نیشتمانەکەیەوە، ئەمیش لە چەندجارە بوونی چاندنی نەمامە و شوبهاندنی مرۆڤ بە دارێک کە ئەگەر خاکەکەی خۆی بە جێ هێشت و لە رەگ و ریشەکانی خۆی داپچڕا، ئەوا ئیدی ئەو دارە ناژی. لە دیمەنێکدا مام نەریمان نەمامێک دەڕوێنێت و بە ئاسۆ دەڵێت:

مام نەریمان: نەمام وەکوو منداڵ وایە، پێویستی بە چاودێری و بەخێوکردنە، تاکو بە چاکی رەگ داکوتێت و پایەدار و بەرقەرار بێت، سەرما و سۆڵە و بەفر و هەرەس کاری تێ نەکەن. ئێمەی مرۆڤیش پێویستە چاو لەو دارانە بکەین کە رەگیان دەچێ بە ناخی خۆڵا و خاکی خۆمان بەجێ نەهێڵین.

لە دیمەنێکی تری فلیمەکەدا درێژە بەم قسانە دەدرێت.

مام نەریمان: گرنگ رەگی دارە، با دارەکە خۆی ببڕدرێتەوە، با بسووتێندرێت، مادامەکی رەگەکەی لە ناخی زەویدایە ئەوا سەر هەڵدەداتەوە و نەمامێکی خنجیلانەی لێ دەڕوێتەوە.

لە دیمەنێکی تردا بەراوردێک دەکرێت لە نێوان مرۆڤ و داربەڕوو و پێشمەرگە:

ئاسۆ: مام نەریمان، راستە دەڵێن داربەڕوو لە بنیادەم زیاتر ئەژیت؟

مام نەریمان: بەڵێ راستە!

ئاسۆ: بۆچی؟

مام نەریمان: چونکە داربەڕوو لە مرۆڤ بەوەفاترە.

ئاسۆ: لە پێشمەرگەش؟

مام نەریمان: نەخێر، پێشمەرگە و داربەڕوو وەکو یەک بۆ خاکەکەیان بەوەفان.

بنەمایەکی گرنگی تری فیلمی «ئاسۆ» بەکارهێنانی پەندی پێشینانە، هەڵبەتە ئەم بەکارهێنانە و هەڵبژاردنی پەندەکان مەبەستی تایبەتیی خۆیان هەیە. لێرەدا ئیشارەتێکی روون و ئاشکرا هەیە بۆ بزووتنەوەی کورد تاکو لە بێگانە پەرستی دوور بکەوێتەوە و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ گەلدا قایم بکات و ئەمان بکاتە پشت و پەنا، چونکە هەر ئەمان خەمخواری ئەو بزووتنەوەیەن و خاوەنی داهاتووی:

«هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرستی، ئاخری هەر ئەمێنی نوشوستی». پەندێکی تری فیلمەکە ئیشارەتێکە بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەکە دوژمنێک یان داگیرکەرێکی بە یەکێکی تر گۆڕیوەتەوە و لە ترسی ئەمیان پاڵی بە ئەوی تریانەوە داوە:

«لە ترسی مار پاڵ بە ئاگرەوە دەدات»

هەر وەکو بەشێک لە بزووتنەوەی کورد کە لە ترسی رژێمی عێراق پاڵی بە ئێرانەوە داوە و بەشەکەی تریشی لە ترسی ئێران پاڵی بە عێراقەوە داوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بزووتنەوەکە دەیەوێت ببێتە شۆڕشێکی راستەقینە، پێویستە پێگە و پایگاکانی خۆی لەناو جەماوەردا تۆند و تۆڵ و پتەوتر بکات و پشت بەبەرەی بەرفراوانی گەل ببەستێت، چونکە بەبێ راپەڕینێکی گشتیی پان و پۆڕ ئامانج و ئاواتەکانی گەل نایەنە دی؛ ئەمیش لە بەکارهێنانی هێزی بەرگریی میللی و رووبەڕووبوونەوەی ئەمان لەگەڵ سەربازەکاندا دەردەکەوێت.

بنەمایەکی تری هەرە گرنگی فیلمی «ئاسۆ» دەستنیشان نەکردنی شوێنی رووداوەکان و پێناسەی سەربازەکانە، واتە نازانرێت گوندەکە دەکەوێتە چ بەشێکی کوردستانەوە و سەربازەکان سەر بە چ رژێمێکن لە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەر بۆیەش دیالۆگەکانی سەربازەکانیش بە زمانی کوردی دارێژراون.

گرنگییەکی تایبەتی دراوە بە ژیانی رۆژانەی خەڵکی گوندەکە، تاکو بزانرێت ئەو خەڵکە چۆن دەژین و رۆژانە بە چییەوە خەریکن، چونکە جگەلەوەی فیلمەکە بۆ کوردە، لەهەمان کاتدابۆ غەیری کوردیشە، هەر بۆیە لە مانگا دۆشین و مەشکە ژەنین و نان کردن و تەشی ریستنەوە بیگرە تاکو دەگاتە کڵاش چنین لەم فیلمەدا پیشان دراوە.

پاش ئەوەی فیلمەکە تەرجەمەی زمانی سوێدی کراوە، تاکو ئێستا لە ١١ شاری سوێد پیشان دراوە و خەڵکێکی زۆری کورد و سوێدی فیلمەکەیان دیوە و چەندین رۆژنامەی سوێدی لەسەریان نووسیوە. ئەو شارانەی فیلمی «ئاسۆ»ی تێدا پیشان دراوە ئەمانەن: ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری، ئۆپسالا، لوند، یۆنشۆپینگ، فاڵشۆپینگ، ترۆلهێتان، ئۆێستەرشون، سوێدەرهامن، هودیکسڤاڵ و سوندسڤاڵ.

با ئەوەش بڵێین کە ئەم فیلمە بەرهەمی کۆرسێکە دەربارەی چۆنیەتیی دروستکردنی فیلمی سینەمایی، کە ماوەی کۆرسەکە دوو مانگ بوو، جا ئەگەر بزانرێت تەنها ٣٥ رۆژی ئەو کۆرسە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە تەرخان کراوە، ئەوا دەردەکەوێت کە بەشداربووانی فیلمەکە چ رەنج و زەحمەتێکیان کێشاوە تاکو بە ماوەیەکی ئاوا کورت و بە کەرەستە و ئامێری سادە و پارەیەکی کەمەوە فیلمی «ئاسۆ» چێ بکەن.

ئەو گروپەی لەم فیلمەدا بەشدارییان کردووە لەگەڵ خاوەنی بەرهەمەکە کە (ABF)ە، بڕیاریان داوە کە قازانجی فیلمەکە بنێردرێت بۆ کوردە ئاوارەکانی کوردستان.


شایانی باسە کە هەموو بەشداربووانی فیلمی «ئاسۆ» بۆ یەکەمین جاریانە لە پرۆژەی فیلمێکی سینەمایی بەشداری بکەن، جگە لە دەرهێنەری فیلمەکە کە پێشتر چەند کورتە فیلمێکی دیکەی دەرهێناوە.

زیاتر لە چل کەس لەم فیلمەدا بەشدارییان کردووە کە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون. زۆربەی بەشداربووەکانیش هەر بە خێزانەوە بەشدارییان کردبوو. لەو ئەکتەرانەی کە رۆڵی سەرەکییان لە فیلمەکەدا بینیوە ئەمانەن:

شۆڕش رەحیم لە دەوری ئاسۆ
چنار کۆیی لە دەوری نەسرین
فەهمی کاکەیی لە دەوری شاسوار
شوان ئاوارە لە دەوری مامۆستا هوشیار
محەممەد گۆمەیی لە دەوری مام نەریمان
عەلی کانی قوڕی لە دەوری مام سمایل
حاجی قادر لە دەوری مەلای گوند

پیرۆزبایی لە بەشداربووانی فیلمی ئاسۆ دەکەین و چاوەڕوانی بەرهەمی تازەین. □

یادگار سەیید فەتاح



# ئیسپرانتۆ چۆن پەیدا بوو؟

ئوولۆڤ بەرتیل ئەندەرسۆن
ئەمجەد شاکەلی
لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی

لە ڕیگەی گۆڤاری (Universen)[1]ی ژمارە دووی سالی ١٩٨٩وە خوینەران هەوالی سەرسووڕهینەر و سەرنجڕاکیشی ئەوەیان پیگەیشت کە خەلک لە کۆماری چینی میللی هەولی دامەزراندنی زانستگەیەکی تەواو نوێ دەدەن، کە لەویدا دەرزگوتنەوە بە تەواوی بە ئیسپرانتۆ بیت. زۆر لە میژە لە ولاتی ئیمەدا خەلک زانیارییان لەبارەی ئەوەوە هەیە کە ئیسپرانتۆ دەگەڕیتەوە بۆ کاتیکی ڕابوردووی بەسەرچوو و زۆریش لەنیو خەلکدا ناسراو نییە. ئەوجا دەبێ لە ڕاستیدا ئەم زمانە یارمەتیدەرە چی بێ؟

پەیدابوونی ئەم زمانە دەگەڕیتەوە بۆ ناوچەی بیالیستۆک کە بەشیکی پۆلۆنیا بوو لە سالانی ١٨٠٠ دا لەژیر دەسەلاتی رووسیادا بوو. مامۆستایەکی زمانانی فەرەنسی و ئەلمانی بەنیوی «مارک زامینهۆف» کوڕیکی بەنیوی «لازار لودڤیگ» هەبوو کە هەر زۆر زوو و لە سەرەتای ژیانییەوە ئارەزوو و توانست و حەزیکی نائاسایی بەرامبەر زمان پیشان دەدا. ئەودەم لە بیالیستۆک مەسەلەی زمان و دەمەتەقە لەسەری زۆر باو و گەرم بوو. رووسی زمانی ڕەسمی بوو بەلام زۆربەی خەلکەکە بە پۆلۆنی و کەمینەیەکی لەبەرچاویش بە لیتاوی، ئۆکراینی و رووسیی سپی، ئەلمانی و زمانی دیکە دەدوان. لەبەرئەوەی خیزانی زامینهۆف جوولەکە بوون، ئەو کوڕە مندالە پیوەندیی ڕاستەوخۆیشی لەگەل زمانی عیبری (زمانی ئایینی) و ییدیش[2] (زمانی ژیان و پراکتیکی ڕۆژانە)دا پەیدا کرد.

هەر لە سالانی دەستپیکردنی خویندنڕا لازار لودڤیگ دەستی بە دانانی زمانیک، کە هەموو کەس بتوانێ وەکوو زمانیکی یارمەتیدەر سوودی لێ وەرگرێ، کرد. سالی ١٨٧٨ لە تەمەنی ١٩ سالیدا پرۆژەیەکی تەواوی لە بارەی «زمانیکی گەردوونی»یەوە دانا و پیشنیاز کرد. کە خویندن کۆتایی هات لودڤیگ خۆی بە تەنێ بینییەوە. هەڤالانی کە لە پرۆژەی زمانەکەدا لەگەلیدا بوون زۆر بە ڕاستی و بە گەرمی کارەکەیان نەگرتبوو و لە بیریان کرد. گیروگرفتیکی دیکەش وەپیش هات ئەویش ئەوە بوو کە باوکی دەیویست بۆ خویندنی پزیشکی کوڕەکەی بنیریتە مۆسکۆ، بەلام بە مەرجیک کە ئیدی کوڕە خۆی بەو بیرەوە کە کاری لەسەر کردبوو خەریک نەکات. باوکە لە گوشارخستنە سەر کوڕەکەی هیندە زیاد ڕۆیی کە تەواوی تیبینی و سرنج و نووسینەکانی کوڕەکەی -کاتیک کە کوڕە ڕۆیشت بو مۆسکۆ- سووتاند.

کتیبیکی فیرکردن لە سالی ١٨٨٧دا:

بیگومان کوڕە بە هیچ شیوەیەک نەیدەتوانی دەست بەرداری ئەو کارە بیت کە بیری لێ دەکردەوە و نیو دلی گرتبوو و هەموو نەخشە و بیرەکانیشی سەبارەت بەو مەسەلەیە لە میشکدا بوو! لە ژوولی ١٨٨٧دا لودڤیک زامینهۆف یەکەم کتیبی لەبارەی ئەو زمانە نوییەوە بلاوکردەوە. کتیبەکە سووک و هاسان نیوی (Internacia Lingvo –ئینتەرناسیا لینگڤۆ) (دەنگی «C» وەکو «ts» دەردەبڕدرێ)[3] لێ نا کە دەکاتە زمانیکی جیهانی (نیونەتەوەیی، ئینتەرناسیۆنال) و ئەو بۆخۆی نیوی (Dr. Espe-ranto– دکتۆر ئیسپرانتۆ)ی لەخۆ نابوو و مەبەستیشی لەوە ئەوەبوو کە دەکاتە «دوکتۆریک کە ئومیدەوارە». بەلام زۆری پێ نەچوو کە ئیدی وشەی ئیسپرانتۆ وای لیهات ناوی خودی زمانەکە بگریتەوە.

زامینهۆف کە خویندنی لە مۆسکو تەواوکرد بوو بە دکتۆریی چاو لە وارشۆ و لە هەمان کاتیشدا کات و وزەیەکی زۆری خۆی بۆ پرۆژەی زمانەکە تەرخان کرد و لەو بوارەشدا پیشکەوتن و سەرکەوتنیکی زۆری وەدەس هینا و لە هەمووشیان زیتر و لەبەرچاوتر یەکەم کۆنگرەی جیهانیی ئیسپرانتۆ بوو لە (Boulonge-sur-mer سالی ١٩٠٥)، بەلام لەگەل ئەوەشدا بەربەرەکانی و بەرهەلستیی زۆریشی تووش هات.

زامینهۆف سالی ١٩١٧ لە کاتیکدا کە هیشتا جەنگی جیهانیی یەکەم – ئەو جەنگەی کە بەڕاستی هەموو شتیکی کاول و خاپوور دەکرد، شتگەلیک کە ئەو و خەلکی دیکەی کۆلنەدەر و زیرەک و بە ئومید بناتیان نابوو –بەردەوام بوو، مرد.

لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا کە زمانی ئینگلیزی تا دیت و زیتر دەبیتە تاکە زمانی جیهانی، زمانی ئیسپرانتۆ زیتر وەکو پرۆژە زمانیکی جیهانیی سەرنەکەوتوو دیتە پیش چاو. بەلام ئەو نموونەیەی چین وا پیشان دەدات کە مرۆڤ هەموو دەم دەبێ بە پاریز و وریایییەوە لەبارەی ئایندەوە بدوێ.

نەبوونی نیر و مێ (جیندەر = جنس):

ئەوجا با بزانین ئیسپرانتۆ چییە، چۆن ساز کراوە و چۆن کاردەکات؟ با لە نیزیکەوە بنۆڕینە چەند وردەکارییەکی ئەو زمانە.

بنکە و بنەمای بیری زامینهۆف ئەوەبوو کە ئەو زمانە یارمەتیدەرە چەند لە توانستدا بیت هاسان بیت. تا ئیرە



مەسەلەکە روونە و باش دەڕوات، بەلام ئیدی پرسیاریک دیتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە وشەی «هاسان» چ دەگەیەنێ و مرۆڤ چی لێ تیدەگات؟ وشەکە لای زامینهۆف سەرەڕای شتی دیکە ئەوەی دەگەیاند کە مرۆڤ هەولی لابردنی جیاوازیی نیر و مێ (جنس) لە (ناو substantiv)دا بدات بۆ ئەوەی گیروگرفتی نیر (maskulin)، مێ (feminin) و بیلایەن (neutral) لە ئارادا نەمینێ. زامینهۆف وای دانا کە هەرچی ناوە دەبێ بە (o ۆ) تەواو بیت (بۆ نموونە HUNDO = سەگ ، کە ئەلمانییە)، بەلام ئەگەر هات و هەموو ناویک وەکوو یەک گەردان کرا ئەوا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجام و حالەتەی کە تەنانەت ناوی کەسیتی مییینەش fami-nina دەبێ بە (o ۆ) کۆتایی بیت کە ئەوەش لە زمانی گەلیک میللەتدا وەکوو تایبەتمەندییەکی ناوی نیرینە دایدەنین. Maria ماریا دەگۆردریت بە Mario ماریۆ! (بە گوشارخستنە سەر i ).

بۆ زیتر سووربوون لەسەر و جەخت کردنەوەی نەهیشتنی سەختی و دژواریی نیر و مێ لە ئیسپرانتۆدا تاکە یەک ئامرازی ناسینەوەی بۆ دانرا ئەویش ئامرازی ( La– لا) کە فۆرمیکە لە زۆر زماندا بە نیشانەی مییینە دادەنرێ. بۆ نموونە:

Viro (پیاو)، La viro (پیاوەکە). بۆ نیوی نەناسراو چ ئامرازیکی بۆ دانەنرا چونکو بە پیویست نەزانرا.

سەبارەت بە کردنەگەل (کۆ)، زامینهۆف بە شیوەیەکی سەرسووڕهینەر ڕیچکەی زمانی یۆنانیی کۆنی گرتەبەر: «ئەسپ» بەو زمانە پیی دەلین (hippos– هیپۆس)– لە شیوەی گەل (کۆ)یشدا دەبیتە hippoi. لە زمانەکەی زامینهۆفدا بە – (j = ی) گەل (کۆ) سازدەکریت. (gazeto =ڕۆژنامە، gazetoj = ڕۆژنامان).

بە دیتنی زامینهۆف ئەگەر مرۆڤ بیزانیبا وشەیەکی دیاریکراو سەر بە چ بەشە وشەیەکە ئەوە هاسانی و سەرسووکییەک دەبوو. ئەگەر ناو گۆڕانی (o ۆ)ی بە سەردا بیت لەوانەیە بۆ ئاوەلناویش (a ئا) گونجاوبیت. بەو شیوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە bela (جوان belaj– (جوانان) دەگەیەنن. لەبەر ئەوەی زامینهۆف پیی وابوو کە ئاوەلناو دەبێ ڕیک و بە هەمان شیوەی ناو گەردان بکریت دەگەینە ئەوەی کە La bela domo (خانووە جوانەکە)– La belaj domj (خانووە جوانەکان)، La لا هەرگیز ناگۆڕیت.

هەمووەدەم گوشار دەخریتە سەر ئەو بڕگەیەی کە دەکەویتە پیش دوابڕگە، تا ڕادەیەک وەکوو ئەوەی کە هەمیشە لە زمانی پۆلۆنیدا هەیە.

زامینهۆف لەو بڕوایەدا بوو کە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کارا (subjekt) و بەرکار (objekt) لە ڕستەدا کاریکی سوودبەخش و گەورەیە. ئەوە وای لیکرد کە بڕیاری ئەوە بدات کە بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئاشکرا) ackusativ objekt بە (n –ن) نیشان بکرێ و هەروەها ئەوەش هەردووک ناو و بەرکاریش بگریتەوە. بەو شیوەیە دەگەینە:

belan, bela, domon, domo,
belajn, belaj, domojn, domoje,

کار دەبێ لە بەشەکانی دیکەی وشە بە (i ی) لە دۆخی چاوگدا خۆی جوێ کاتەوە – بۆ نموونە vidi (بینین). بەلام چ نیشانەیەکی چاوگ (وەکو att لە سویدیدا)[4] دانەنراوە.

سێ شیوەی کات:

بوونی سێ جۆرە کات بە پیویست زانرا – ڕابوردوو (کاتیک کە بەسەر چووە)، ڕانەبوردوو (کاریک کە بەردەوامە لە ڕوودانەدا) و داهاتوودا (کاریک کە لە داهاتوودا ڕوودەدات). تەواوی کارەکان بەبێ جیاوازی لە دۆخی ڕابوردوودا– is و لە دۆخی ڕانەبوردوو (ئیستا) دا– as و لە دۆخی داهاتووشدا– os وەردەگرن. بۆ نموونە vidis (بینی/ دی/ دیتی، vidas (دەبینێ «ئیستا») و vi-dos (دەبینێ «لە داهاتوودا»)[5].

لەبەر هۆیەک یان چەند هۆیەک زامینهۆف بڕیاری ئەوەی دا کە جیناوی کەسی pers. pronom بە – i کۆتایی بیت وەکو mi (من)، vi(تۆ، ئیوە)... هتد. بەو شیوەیە لە ڕستەدا دەبیتە: mi vidas la viron (من پیاوەکە دەبینم) – min vidas la viro (پیاوەکە من دەبینێ. پیاوەکە دەمبینێ) یان La viro vidas min.

مەبەستی زامنیهۆف لە ackusativ بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئاشکرا) ئەوەبوو کە مرۆڤ بەوە ئازادییەکی زیتری لە بینای ڕستەدا دەبیت، لەبەرئەوەی هەمیشە بەرکار لە ڕستەکەدا دەبینرێ. هەروەها ئەوەشی دەزانی کە زمانەکە پیویستی هەم بە aktiv particip نیوی کارا (بۆ نموونە وەکو svarandeی سویدی)[6] هەیە و هەم بە passiv particip نیوی بەرکار (بۆ نموونە besvarad ی سویدی)[7].

نیوی کارا -nta ی بۆ زیاد کراوە و نیوی بەکاریش– ta. زامینهۆف لە ڕیگەی ئەوەوە کە – i بۆ دۆخی ڕابوردوو و a– بۆ دۆخی ڕانەبوردوو (ئیستا کە لە ڕوودانەدایە و خەریکە ڕوودەدات) و – oی بۆ داهاتوو/ر بەکارهینا، کۆمەلیک particip نیوی کارا و بەرکاری داهینا کە لە گەردان کردنی– anta، – inta، – onta، و– ita، – ata، – ota، دا زۆر لە بارن. بۆ نموونە parlinta(ئەوەی کە پەیڤی/ کە پەیڤی)، ، parlanta (ئەوی کە دەپەیڤێ «ئیستا»)، parlonta( ئەوی کە دەپەیڤێ «لە داهاتوودا»). شیوەی بەرکارەکانیش بەم جۆرە دەبیت، بۆ نموونە diri (گوتن)، dirita (گوترا، جاریک لە کاتی ڕابوردوودا)dirata، (کە دەگوترێ «ئیستا») و dirota (کە لە ئایندەدا دەگوترێ).

ئەگەر مرۆڤ شیوەی بنەڕەتی لە ڕستەیەکدا بە ناتەواو زانی و وای دانا کە بەش ناکات، ئەوا لە ڕیگەی بەکارهینانی کاری esti (بوون)ەوە وەکو کاری یارمەتیدەر دەتوانێ بە شیوەیەکی هاسان و ڕیکوپیک شیوەکاتی لیکدراو ساز بکات. بۆ نموونە دەکرێ بگوترێ mi estis diranta (بە ئینگلیزی I was saying)، estas diranta (بە ئینگلیزی am saying)، و estos diranta (بە ئینگلیزی shall be saying). هەروەها مرۆڤ دەتوانێ لە iri (ڕۆیشتن) دەربڕینی mis estis ironta (بە سویدی jag skulle just gå )[8] ساز بکات کە پیی دەگوترێ «داهاتووی ڕابوردوو» و زۆر جارانیش وەپیش دیت. بەو جۆرە بە هاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەل و دەرفەتی دەربڕین زۆر زۆرە. بنگە و بنەمای ژمارەکان لە ئیسپرانتۆدا بەم شیوەیەیە:

uno=1, du=2, tri=3, kvar=4, kvin= 5, ses=6
sep=7, ok=8, nau=9, dek=10

پاشخانی ئەم فۆرمانەش دەگەڕینەوە بۆ لاتین.

شتێکی سەرنج ڕاکێش کە لە ئیسپرانتۆدا وەدی دەکرێت ئەوەیە کە گەنجینە وشەکەی بە تەنێ هی زمانە ئەورووپایییە ڕۆژئاوایی‌یەکان نییە. بۆ ئەوەی گۆڕانیکی زێتر بکرێت زامینهۆف وشەگەلیکی زۆری لە زمانانی دیکەوە وەرگرت(٩) و بەشیکی زۆریشی لە ڕەگی وشە و گۆڕانکاری نێو خودی ئیسپرانتۆ سازکرا. بەو چەشنە دەردەکەوێ کە بەشیک وشە هەن کە تەنێ لە ئیسپرانتۆدا هەن، virino (ژن) لە viro (پیاو) +گۆڕانی – ino کە بۆ مێیینە بەکاردەهێنرێت درووست کراوە. یان malpermesi (قەدەخەکردن) لە permesi (ڕێگە پێدان) + mal کە نیشانەی پێچەوانەیە! پێچەوانەی ڕێگەپێدان بێگومان قەدەخەکردنە. هەر بەو شێوەیەش amiko بە مانای دۆست/ هاوڕێ و malamiko بە مانای دوژمن/ نەیار دێت. ئیدی بەو جۆرە و لە بارێکدا مرۆڤ لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گەنجینەی وشەوە کارەکە بۆ یەکێک کە تازە دەست بە فێربوونی زمانەکە دەکات هاسانتر دەکات.

زامینهۆف دەیەویست کە هەموو فۆنێمێک (دەنگێک کە بۆ تێگەیشتن پێویستە) بە نیشانەیەکی هاسان بنووسرێت و هەندێ تیپی بێدەنگیش نیشانەیەکیان، کە شێوەی دەربڕینیان دیاری دەکات، بۆ دابنرێ.

زامینهۆف تیپی (ŭ) یشی داهێنا، کەوانەیەکی چکۆلەی هەیە، بەرامبەر بە (w) ی ئینگلیزی لە شێوەی دەربڕیندا. لەبارەی ئەم زمانە پێشنیازکراو و نەخشە بۆ دانراوەوە دەکرێ زۆر بگوترێ بەڵام مەبەست لەم گوتارە تەنێ ئەوەیە کە وێنەیەک لەبارەی ئەم زمانەوە نیشان بدرێت.

راگرتنی گۆڕانکاری فەرمانی مردنە:

بێگومان خەڵکانی دڵگەرم و کارای سەرەتا و پێشینە لەو بڕوایەدا بوون کە مرۆڤ دەتوانێ لە کۆتاییدا هەموو مرۆڤایەتی بە سوود و کەڵکی ئیسپرانتۆ قایل بکات. بەڵام بەو جۆرە نەبوو و ئومێدیش بەوەی کە لە داهاتوودا گۆڕانێک ببێت زۆر لاوازە. ئەم زمانە یارمەتیدەرە جار لەدوای جاریش دووچاری سەختی و کۆسپ و تەگەرە هاتووە.

زامینهۆف لە خاڵێکدا بڕی نەدەخوارد و ملی نەدەدا ئەویش ئەوەبوو کە: چ گۆڕانێک لە داهاتووشدا بەسەر ئەو سیستەمەدا نابێ بێت و ئەوەی کە تەنێ دەبێ بیری لێ بکرێتەوە زیادکردن و خستنە سەر زمانەکەیە و ئەویش لە پێش هەموو شتێکدا لەشێوەی وشەی نوێدا. لە ڕاستیشدا هەر بەو هۆیەوە زامینهۆف فەرمانی مردنی بەسەر زمانەکەدا دا، چونکو هەموو جۆرە گۆڕانێکی سروشتی چاوەڕوان نەدەکرا و توانستی ئەنجامدانی نەبوو.

خودی گەردانکردنی وشە لە زمانەکەدا دەست دەنا بەرووی یەکێکی تازە فێربووی زمانەکەوە و دووری دەخاتەوە، هەروەها هەموو وشەیەکیش کە بە oj، ojn، aj, ajn و ...هتد تەواو دەبێت لەکاتی قسەکردنا قورس و گران دێنە سەر زمان.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئەوە بگوترێ کە سوودێکی گەورە و تایبەتمەندییەکی باش کە ئیسپرانتۆ هەیەتی ئەوەیە کە زمانێکی بێلایەنە و دەستی هیچ نەتەوەیەک بەسەر یەکێکی دیکەدا درێژ و زاڵ ناکات. بێگومان و لە ڕاستیشدا هەر ئەو بێ لایەنییە کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی بەتایبەت لە چین هێشتا مرۆڤ حەز و ئارەزووی لە ئیسپرانتۆ ماوە. ئەوان دەیانەوێ لەو گۆشەگیری و حەشارە زمانییەدا بێنە دەرەوە بێ ئەوەی خۆ فێری ڕووسی یان ئینگلیزی بکەن! بێگومان ئەو هەستە ناسک و ئیحساساتانە ڕاستیگەلیکی زۆر گرنگترن لەوەی کە مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا دەیانبینێ و تێیان دەگا. من ئەو ڕاستییەم زۆر بە ڕوون و ئاشکرا کاتێک بۆ دەرکەوت، کە پێش چەند ساڵێکی زۆر لەگەڵ خەڵکی ئیسپرانتیسدا لە چین قسەم کرد. ئەگەر مرۆڤ لە چین بیتوانیبا بیرازێکی بنەڕەتی لە ئیسپرانتۆدا کردبا، ڕەنگە ئەو زمانە یارمەتیدەرە کەڵک و سوودێکی زۆری ببوایە – بەهەرحاڵ لە وڵاتگەلێکدا کە مرۆڤ بە ئینگلیزی پەیڤین بە شتێکی سروشتی نازانێ، چینییەکان لەو بڕوایەدان – بەتەواویش ڕاستن لەوەدا– کە هیچ هۆیەک نییە بۆ وەی ئەوان ڕێگە بە خەڵکێکی دیکە بدەن کە زاڵبوونی زمانیان بەسەردا بسەپێنن. ئەگەر هەموان بە زمانێکی تەواو بێلایەن قسان بکەن، ئەوا هەموان لە هەمان سەرەتاوە دەست پێ دەکەن! بەوە نەک بەشتێکی دیکە چینییەکی هۆشیار قایل دەبێ.

چەند نیشانەیەک کە لە ئیسپرانتۆدا بۆ دەربڕین بەکاردەهێنرێ:

c دەکاتە / ts/ بەڵام tjc (١٠) ـە.

g= / dj / یان g لە gentle ی ئینگلیزیدا.

h= دەنگی (ach) (١١)ـە.

j= /sj/ لەرزۆک، فەرەنسی (١٢).

s= /sj/ (١٣)

û= / w / ی ئینگلیزی. نۆ ٩ پێی دەگوترێ nau وەکو now ی ئینگلیزی.

□

## پەراوێزەکان

(١) گۆڤاری universen .

(٢) یێدیش jiddisch کە لە sch+jiddi وە هاتووە دەکاتە جووە ئەڵمانی و زمانێکی تێکەڵە لە ئەڵمانی و عیبری و زمانانی سلاڤی.

(٣) ئەو دەنگە تا ڕادەیەک لە بەینی دەنگی (چ) بە دەربڕینی هەولێریان و دەنگی (س)دایە.

(٤) کە دەکاتە toی ئینگلیزی وەکو to drink, to go...هتد.

(٥) لە نێوان ڕانەبوردوو «ئێستا» و داهاتوودا لە زمانی کوردیدا (زاراوای خواروو) جیاوازی نییە، بۆ نموونە: من دەڕۆم (ڕەنگە ئێستا بێت، ڕەنگە هەفتەیەکی یان مانگێک یان ساڵێکی تر بێت).

(٦)svarande ئەو کەسەی کە پرسیاری لێ دەکرێ و وەرام دەداتەوە یانی وەرامدەرەوە.

(٧)besvarad ئەو کەسەی کە وەرامی دراوەتەوە یانی وەرامدراوە.

(٨) کە دەکاتە: من دەمویست ڕێک ئەو کاتە بڕۆم.

(٩) پێم وایە بەلای زمانانی ڕۆژهەڵات و ئێرانی و سامیدا نەچووە.

(١٠) c/ tj/ دەکاتە چ.

(١١)ach/h / دەکاتە خ

(١٢) j/ sj/ یان j فەرەنسی دەکەنە (ژ) لە کوردیدا.

(١٣) s/ sj/ دەکاتە (ش) لە کوردیدا.



# چۆری قاوە، بۆ خراوە؟

پرسیار: لەم ساڵانەی دواییدا قاوەی بێ کۆفین زۆر گەلێرە. ئایا ڕاستە قاوە بۆ لەشساغی خراپە و ئەگەر وایە زیانی کۆفین بۆ لەشی مرۆڤ چییە؟

وەرام: کۆفین مادەیەکی گورجکەرەوەیە، بە شێوەیەکی سروشتی لە دانەقاوە، گەڵاچای، گەڵاکۆلا و دانەکۆلادا هەیە. لەبەرئەوەیە خواردنەوەکانی قاوە، چای و کۆکاکۆلا کۆفینێکی زۆری تێدایە.

ئەگەر کەمێک لەم مادەیە وەربگری، کارتێکردنێکی گورجکەرەوەی هەیە و ماندوێتی و تەمەڵی کەم دەکاتەوە، هەروەها توانستی وردبوونەوە باشتر دەکات. کەچی هەندێ کۆفینی زیاتر دەبێتە هۆی زێدەگورجبوونەوە لەگەڵ تووڕەیی، نیگەرانی و ئارامنەگرتن. ئەمە مەسەلەیەکی تاکە کەسییە کە مرۆڤ بەرگەی چەندە کۆفین دەگرێ. هەندێ کەس دەتوانن چەند فنجان قاوەی خەست بخۆنەوە، کەچی خەڵکی تر وانین.

کاتێ مرۆڤ ڕێک یەک فنجان قاوە دەخواتەوە، خوێن ناردنی دڵ گورج دەبێتەوە و گوشاری خوێن دەچێتە سەرێ، بەڵام لە ماوەیەکی دوورتردا، وادەزانرێ کۆفین گوشاری خوێن تۆزێک نزم دەکاتەوە. کەمێک کۆفین بەرهەمهێنانی ترشی لە گەدە (مەعیدە)دا زیاد دەکات، بەڵام هەندیکی زیاتر لەوەیە ببێتە هۆی ئازاری گەدە.

توانستی کارابوونی ماسولکەکان بە کۆفین باشتر دەبێت و لە لیستی گورجکەرەوەکاندا هەیە. بەڵام دەبێ مرۆڤ تەنیا یەک فنجان قاوە بخواتەوە پێش پێشبڕکێ. ئەمجاریش قاوە ئاوڕەوێنەوەیە، هەر لەبەرئەوەشە کۆکاکۆلا بۆ کاتێکی کەم تینوێتی دەشکێنێ.

ئەوانەی لە ڕۆژێکدا لە پێنج فنجان قاوە زیاتر دەخۆنەوە، دەبنە «وەرنەگر» بەرانبەر کۆفین و دەبێ زۆر بخۆنەوە. ئەگەر ئەوانە لەپڕ واز لە قاوەخواردنەوە بێنن تووشی ناڕەحەتیی وازلێهێنان دەبن، وەک ماندوێتی، سەرێشە و زووهەڵچوون (تووڕەیی).

جاران وا دەزانرا قاوە دەبێتە هۆی شێرپەنجە (کانسەر، سرطان) بەڵام ئێستا ئەم گومانە نەماوە. هەروەها جاران واش دەزانرا کە کۆفین ئازارشکێنە و بەتایبەتی دژی سەرێشە بەکاردەبرا، بەڵام ئێستا وادیارە کۆفین هیچ کارتێکردنێکی ئازارشکێنانەی نییە، لەبەرئەوە ئێستاکە مادەکە بە دەگمەن لە دەرمانسازیدا بەکاردەهێنرێت. □

جێرک و. لانگەر
بژیشک

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:

- ئاواتی دڵ (شیعر)
- کۆمەڵەی نوور یا نوورچییەکان و باسێک (وتار)
- تابلۆیەکی ترسناک (شیعر)
- حەقیقی شاعیر (وتار)
- درگ، کودەتای ئەستێرەکان (دوو پارچە شیعر)
- فرمێسک بۆ گوڵ، پایزی دەستکردی بەشەر (دوو پارچە شیعر)
- فریشتەکەم (شیعر)
- فایشستەکان ئەیانەوێ (شیعر)
- وەتەن گیان (شیعر)
- تاسە، خوشکە نانفرۆشەکەم (دوو شیعر)
- فەرهوود (چیرۆک)
- بۆ ڕزگاری، عومرێک، دەروێش، بووژانەوە، من دەمەوێ، جەوری دەور، خۆشەویستم (حەوت شیعر)

بەداخەوە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە. □

# سۆزی شەو

## مەلا عومەری سالْحی ساحێب
## (کۆلیل)

«مەلا عومەری سالْحی، کوڕی محەمەد سادق، کوڕی خوداڵێخۆشبوو میرزا سالْحی ساحێبە. سالْی ١٣٢٤ی هەتاوی لە ئاوایی «دایە سلێمان»ی سەر بە شاری سەقز لەدایک بووە. لە تەمەنی پێنج سالْیدا لە خزمەت باوکیدا دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان وەکی هەموو فەقێیەک مالْی خزیانی جێ هێشت و لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم حوجرە بۆ حوجرەیەکی تر کەوتۆتە ڕێ و لە خزمەت مامۆستایانی بەناوبانگی کوردستاندا خوێندوویە و لە ئاوایی باخچەڵەی ناوچەی دیواندەرە بووە بە مەلا. سالْی ١٣٥٧ دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و بە مامۆستایەتی (معلم) خزمەتی بەکەڵکی خۆی درێژە پێ دا. لە سالْی ١٣٤٢ەوە دەستی داوەتە شیعر و بە کوردی و فارسی و عەرەبی شیعری هەیە. نازناوی شیعری کۆلیلە. سالْی ١٣٦٣ یەکەم بەرهەمی شیعری چاپ کرا، بە ناوی «لە هەر چیمەنێ دیمەنێ». کۆمەڵەی دوو بەیتییەکانی و «ئەسرینی ئالْ» کە وەرگێڕدراوەی بابی هەشتەمی گوڵستانی سەعدییە لە لایەن نووسەری ئەم پێشەکییەوە کۆکراوەتەوە و ئامادەی چاپ کراوە. ئێستاش پێوەم غەزەلیات و هەڵبەستەکانی تری لە ژێر ناوی «بزەی شەو»دا کۆبکەمەوە و ئامادەی چاپی بکەم. ئەم شیعرە پارچەیەکە لە کۆمەڵە شیعری «بزەی شەو».

سەیید عەبدوڵڵای سەمەدی – مەهاباد
١٠ی ڕێبەندانی ١٣٦٨

سەرزارەکی و دەمدەمی ئەوڕۆکە کە لاتە
کێ ڕاست و بەڵێندارە، کوڵۆڵ و کەلەلاتە
هەرکەس بە درۆ هاتە بەرۆ شێخ و مەلاتە
کام دڵ پەلی دەرکردووە بۆت چەشنی مەلاتە
بێچارە بە بەرقی غەزەبی هەور و هەڵاتە

دەستنوێژی لە شەونم نەدەشت بووکی بەهانەم
نەک پۆلی گوڵاڵە لە پڕا بیدەنە تانەم
چۆکی بە کەڕەم نایە زەوی شیعر و تەرانەم
شمشالْی شوانی دەبەزان سۆزی شەوانەم
تۆی بۆ نەبەزا، بۆ ئەوە تۆ دەردە تەڵاتە

تۆ مەستی خەیالْی لە مەیانی زەڕ و زۆرا
من پووش و پلاشم لە کلاشی ڕەش و بۆرا
تۆ بزری لەگەڵ کەم وەکو دەنوێنی لە زۆرا
من سەهم و بەشم وا لە کەمێ خەوش و مرۆرا
بەرقەولی وەفابوونمە ئەم جۆرە خەڵاتە



تۆ چەتری بەهارت لە سەرە، سەوزە سەراپات
من شیوەنی پاییزی خەمم هاتە مولاقات
تۆ خۆری مورادت لە کەلی بەختەوە دەرهات
من ڕۆژی ژیانم شەوی تاریکی بەسەرهات
ئەم چەرخە نەفامیشە دژی بێدەسەڵاتە

ئەو ئاوڕەیەش داتەوە بێ ئاور و سەردوو
ئەو گیان و بەقوربانە وتت نوێنەری دەردوو
ئەو نەرم و نیانیتە نەبوو، ڕەق وەکوو بەردوو
ئەو چەپکە گوڵەش داتە دەسم سیسڵ و زەردوو
بۆ ڕەونەقی بازاڕتوو ئەو بانگ و سەڵاتە

جارێ نەبوو کارێ بکەی و من بڵێم ئۆخەی
بێ وەی بە دزە بێمە دزی، نەیکەیە هەی هەی
ئاواتی دڵم پشتی شکا، سا وەرە تا کەی
ناگەی لە من و چاکەم و خاوەن زەڕ و چاکەی
ئەو چایە کە چەند یۆسفی تێدا ڕەق هەڵاتە

پەیکانی موژەت ئەونە برینداری نەبوو خۆ
بەژنت وەکو ئەلعانە خەریداری نەبوو خۆ
زوڵفت بەڵێ ڕەشمارە، وەلێ ژاری نەبوو خۆ
کڕیاری نەبوو، شێتی نەبوو، هاری نەبوو خۆ
ئەو خاڵە ڕەشە و کوڵمە گەشە و چاوە بەڵاتە

زامی دڵی مەجنوونە لە لەیلێ بووە ناوی
ڕیسوایی‌ی فەرهادە لە شیرین بووە قاوی
سووتانی مەمە زینی گەیاندۆتە هەتاوی
ئێستەش کە ئەتۆ دارەگوڵی خەڵفی ڕوواوی
خوێنی منە خونچەی دەم و زەڕ بەرگی گەڵاتە

کامە وشەیێ جوانە نەما ڕاوی نەکەم بۆت
کوێخای قسە بووم، خۆم و قەڵەم بووینە سەناگۆت
حەتتا دەگەشامۆ بە درۆت، سوێن بە دوو ئەبرۆت
با نەشکێ دڵی، لێوی درۆوێژی جەفاجۆت
پاداشی «عومەر» چی بووە؟ ئەو پەرت و پەڵاتە!

# چ کلاوڕەش و چ ڕەشکلاو

Paul J. Memmi,
Légende du siecle,
1988, 19-april.

چەند حەفتە لەمەوپێش، کاتێ باسی سەدەمین فەلەستینیی کوژراو بە دەستی ئیسرائیل دەکرا، من ئەم قسەیەم سەبارەت بە کوردەکان بیست «هێندێک مەرگ لە مەرگی دیکە بەنرخترن». گریانم هات. من جوولەکەی فرانسی، بۆ ئەم مەرگانە و بۆ هەموو ئەوانی دیکەش گریام.

هەواڵ گەیی کە بۆمبارانی کیمیایی ناوچەیەکی کورد پێنج هەزار کەسی کوشتووە... پێنج هەزار کوژراو، پیاو، ژن، منداڵ، پیر و ئاژەڵ. لەمێژ بوو کە ڕۆژێکی وەها ڕەش نەبیسترابوو.. کەچی هیچ... تەنیا چەند وێنەیەک لە تەلەڤزیۆندا... هیچ تەفسیرێکی ڕادیۆیی لە ڕۆژانی پاشان... ڕادیۆکان خەریکی باس و خواسی هەڵبژاردن بوون... لە ڕۆژنامەکاندا چەند وتارێکی تەکنیکی لەسەر تەرکیبی ئەم بۆمبا کیمیاییيانە، لەسەر عەمباری چەک و چۆڵ و دۆکترینی نیزامیی لایەنەکان... هیچ! هیچ خۆپیشاندانێکی سەر شەقامەکان و هیچ مەحکوم کردنێک لەلایەن پارتە سیاسییەکان و کاندیداکانی هەڵبژاردنەوە... هیچ بانگکردنێکی سەفیرەکان، هیچ کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان...

ئەم قوربانییانە کە وەکو «نووستووی نێو دۆڵ» لە تابلۆکەی ڕامبۆدا لەسەر زەوی کەوتوون و خەوی کەسیان شلوێ نەکردووە.

کەس لە باری ئەخلاقییەوە خۆ بە شەڕی ئێران و عێراقەوە ماندوو ناکا: «دیکتاتۆرییەتێکی فاشیستی لە دژی دیکتاتۆرییەتێکی ئاینی، نە ڕاپەڕینێک لە ئازادایە، نە وشەی سامناکی وەکو «ژینۆسید» و نە هیچ هاوارێک. کوشتاری ڕۆژانە، خەڵەتاندنی جەماوەر و قوربانیدانی کەمایەتییەکان بەردوامە. سەدام حوسەین و خومەینی دەتوانن لە کارەکانیاندا بەردەوام بن و هەر کام خەونی ئەوە ببینن کە لە لایەکەوە نەزمی نوێ و لەلایەکی دیکەشەوە جیهادی خۆیان پەرە پێ بدەن و بیگەیەننە لوبنان، ئیسرائیل، فەلەستین، ئەفغانستان و شوێنەکانی دی. ئەوان کوژراوەکانی خۆیان بە هیچ دانانێن، جا چ پەکیان بە کوژراوی خەڵکی دیکەی وەکو کوردەکان دەکەوێ.

عێراق و ئێران وەکو مەسەلەی «کلاوڕەش» یان «ڕەشکلاو» وان. (یانی جیاوازییان نییە). یەکیان وەکو ڕەشیی شەیتانە کە نە تەنیا نابێ فرێوی بخۆی، بەڵکو نابێ موناقەشەشی لەگەڵ بکەی. ئەوی کەیان وەکی ڕەشایی جەهلی سەدەکانی نێوەڕاستە. هەر دەڵێی ئاسۆی گیراو و تاریکی «ویردەن»ێکی تازەیە. (ویردەن: ناوچەیەکی سەر سنووری فرانسا و ئاڵمانیایە کە لەکاتی شەڕی دووهەمدا بوو بە یەکێک لە خوێناویترین مەیدانەکانی شەڕ و چەندین دەهەزار کەلاکی تێدا بەجێما.). بۆ زۆر لە بەڕێوەبەران، بەتایبەتی بەڕێوەبەرانی عەرەب، سەد کوژراوی فەلەستینی دەبێتە «ژینۆسید» (کوشتاری بە کۆمەڵ)، بەڵام لە نزیک فورات کوردێک، هەزار کورد، پێنج هەزار کورد، فارسێک هەزار فارس، پێنج هەزار فارس، عەرەبێک، هەزار عەرەب، یان پێنج هەزار عەرەب لە باری مێژوویی‌یەوە بچووکن و لە باری سیاسییەوە هەر بە حیساب نایەن، وەکو گۆشتی بەردەمی تۆپ وان. ئاخ کە ڕاسیزم چەندە دزێوە. بەداخەوە ئەم مەرگانە، وەکو هەزارانی دی، وادیارە کە بێ تەئسیرن.

دەگوترێ کە ئەم شەڕە بێ مانایە، کە هیچ و پووچیی ئەم شەڕە سکانداڵێکی ئاشکرایە. بەڵام ئەم قسانە تا ئێستا ئاکامیان نەبووە و تەئسیریان نەکردۆتە سەر بیروڕای گشتیی جیهان و سەر بەرپرسە سیاسییەکانی ئێمە، سەر ڕۆژنامەنووسەکانمان، ڕووناکبیران، گەلانی عەرەب، کەمایەتییە نەتەوایەتییەکانی وڵاتانی عەرەبی... بۆچی؟ هەر کەسە هۆی تایبەتیی خۆی هەیە.

ڕاستی ئەوەیە کە وەکو «پیەر ڤیداڵ ناکێ» دەنووسێ هەست و بیر مردووە. ئەم شەڕە وادیارە هەر درێژە دەکێشێ و خەڵکیش گوێی ناداتێ و هەموو بێڕەحمییەکانی وەکو وردە شت دێنە بەرچاو.

بەم جۆرە لە فرانسا مرۆڤایەتی بۆ بەشێک لە مرۆڤەکان لە گەشەدایە، سیاسەتبازی دەکرێ و ڕۆژنامەگەری هەر ئەو ڕاستییانە دەبینێ کە بەکەڵکی دێ. دەبوایە سیاسەت و ڕۆژنامەگەری باسی ڕاستیی هەموو ڕووداوێک و باسی بایەخە جیهانییەکانی دادگەری و عەدالەت بکەن. بەڵام لە بەرانبەر ئەو سانسوورەدا کە بەشێک لە ڕووداوەکان دادەپۆشێ و لە بەرانبەر ئەم فەرامۆشییەدا و لەعاست ئەم بێدەرەتانییەدا ئینسان دەبینێ کە ئەمانەش وەکوو سوفیستەکانی «سەفسەتەبازەکانی» یۆنانیی کۆن وەعز دادەدەن و سەرزەنشتیی ئەو بێدادگەرییانە دەکەن کە بە قازانجی خۆیانە، تەنیا ئەو ڕووداوانە دەبینن کە دەخرێتە بەر دەستیان: ئەم جۆرە کەسانە ڕاستی پچڕپچڕ دەکەن، بایەخە جیهانییەکانی مرۆڤایەتی و دادگەری دەکەنە نیسبی و هەل و مەرجێک پێک دێنن کە ئەو بایەخانە دەستیان تێ وەردرێ و کەڵکی ناڕەوایان لێ وەربگیرێ.

لە کۆنفراسێکدا لە پاریس کە لە لایەن بزووتنەوەی ئاشتیخوازی ئیسرائیلییەوە بە ناوی «ئاشتی– هەر ئێستا» پێکهاتبوو، هانری ئاتلان گوتی کە ئیسرائیل لە وەزعێکدایە کە هەڵبژاردن بەدەست ڕۆژنامەکانە، هەر وەکو ئەو هەڵبژاردنەی کە لە ئینجیلدا باسی دەکرێ: «دەکرێ مرۆ خۆی لێ لادا، بەڵام ڕێگایەکی دیکەش نییە».

وەکو جوولەکەیەکی فرانسایی بە پێویستی دەزانم کە بێعەدالەتیەکانی ڕۆژاوای ڕوباری ئوردون ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەقاو بدرێ، چ لە ژوورەوەی ئیسرائیل و چ لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا. بەڵام وا دێتە بەرچاو کە مەسەلەن بەرانبەر بە کوردستان هەم مێژوو لەبیر دەکەین و هەم تێکۆشان بۆ عەدالەت. ئایا ئێمە لەم بابەتەوە زێتر بیر لە کتێبی «دادگە»ی کافکا دەکەینەوە؟ درووستبوونی منداڵێک نۆ مانگ دەخایەنێ، درووستبوونی مرۆڤێک، ژیانێک... ئەدی دوور لە بیری دەستبەندی و ڕق و کینە درووستبوونی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی چەند دەخایەنێ؟ ☐

محەمەدی موهتەدی کردوویە بە کوردی



# دوو بەرهەم و هەندێ سەرنجی دۆستانە

هەورامان

■ سەمەدی بیهرەنگی: یەک هەڵووژە و هەزار هەڵووژە، کوردۆ عەلی کردوویە بە کوردی، نیگار: شوان – لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تارا، سوێد ١٩٨٩، ٦٦ لاپەڕە.

■ ئامانج شاکەلی: زەردەخەنە، نیگار: قەرەنی جەمیل، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تارا، سوێد ١٩٨٩، ٦٤ لاپەڕە.

گەر دڵخۆشیی خۆمان بدەینەوە و بێژین نووسەر و بەرهەمی زارۆکانمان هەن و هیچ نەبێ بە پەنجەی دەست دێنە ژماردن!! ئەوە هێشتا هەر قەترە لە زەریایە!

بۆیە نووسین و وەرگێڕانی هەر جۆرە بابەتێک «نەک هەر ئەدەبی»، خزمەتی تایبەتیی خۆیان دەگەیەنن. وەرگێڕانی بەرهەمی گەلانی دراوسێ، کە لە سرووشتی وڵات و جوگرافیی، هەڵس و کەوت و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان، تەنانەت نەقڵ و نەزیلە و پەند و داستانەکانیشدا، گەر وێچوونی هەر تەواو و وەک یەک نەبێ، ئەوا زۆریش لێک نامۆ و نائاشنا نین و جیاوازییەکی زەق وەدیار ناکەوێ. چونکە بە حوکمی دراوسێتی و تێکەڵاوبوونی مێژوویی‌یەوە شتی هاوبەش و لێکچوومان هەن. سەلماندنی ئەم ڕایەش هێند سەخت نییە. بە پێویستی دەزانم لە پێشدا باسێکی وەرگێڕانەکەی برای هێژا «کوردۆ» بکەم، پاشانیش نۆبەی زەردەخەنەکەی برای هێژا «ئامانج شاکەلی» دێت.

باسەکەمان لە بەرهەمێکی نووسەری بەتوانا و خاوەن بەهرە، خامە ڕەنگین و بیر فراوان، ڕەسەن و بلیمەتی زارۆکانە. بۆ پێناساندنی ئەم «سەمەدی بیهرەنگی»یەی کە چەندان خشتی زێڕینی لەسەر دیواری کۆشکی ئەدەبی منداڵان داناوە و نێوبانگی لەو تەرەفانەی لای خۆمان تێپەڕیوە و شان بە شانی نووسەر و بەرهەمە مەزنەکانی دیی جیهانی لە ڕەوت و هاوشانیدایە.

پوختەی باسمان لە بەرهەمی «یەک هەڵووژە و هەزار هەڵووژە»ی «سەمەد»ە، کە برای بەڕێز «کوردۆ» لە فارسییەوە کردوویەتییە کوردی و «شوان» وێنەکانی کێشاون و بڵاوکردنەوەی «نووسینگەی تارا» لە ستۆکهۆڵم، ساڵی ١٩٨٩ چاپکراوە. کتێبەکە ٦٦ لاپەڕەیە، کە ١٢ لاپەڕەی بریتییە لە پێشەکیی وەرگێڕ. باسە لە سەمەد و بەرهەمەکانی و دوو سەرنج. واتە دوو جاران لە دەقە ئەسڵەکە قەبە و ئەستوورترە، کە من کارم بەو مەسەلەیەی نەداوە، بگرە ئافەرین و دەستخۆشانەی لێ دەکەم.

قسەیەکی خراپ ناڵێم گەر بڵێم لە مێژە ئاشناییم لەگەڵ بەرهەمەکانی سەمەددا هەیە. بەڵام هەر کە وەرگێڕانەکەی «کوردۆ»م دیت، دڵخۆش بووم، کە سەرنجم دا، زمانە پاراوەکەی شادمانی کردم. وەک خوێنەرێکی تامەزرۆ و بەوەفا و ماف ناس، ڕێزم بۆ ئەم کارە داناوە، بۆ مەسەلەی دانانی نێوی ئازاد لە جێی صاحبعلی و نەنە پیرۆز لەجێی ننە منجوق و پۆڵایش کەوەک خۆی ماوەتەوە، کارێکی شیاو و چاکە. وەک گوتم، بە تاسەوە کەوتمە خوێندنەوەی. ئەوەش نەشارمەوە کە جارجارە دەمڕوانییە دەقە ئەسڵەکەیش، لە کاتی ئەو بەراوردکردنەدا، هەندێک ناڕێکیی کەم هاتنە بەرچاوم، کە دەتوانرا و دەکرا نەبوونایە، ئەگەرچی بە بوونی ئەو هەندە شتانە هیچ لە نرخی کارەکەی کوردۆ کەم نابێتەوە. خستنەرووی ئەم سەرنجانەش تەنها لە دڵسۆزی و خەمخۆری و وەفامە، چ بۆ «سەمەد» و چ بۆ «کوردۆ»یش. بۆیە نەمکاری خۆم

لە خستنەبەردەستی ئەو هەندە سەرنجانە هەڵبوێرم.

سەرتاسەری چیرۆک و باس لای «سەمەد»، وێنەگرتن و باس لە گوزەرانی گوندنشین و بە تایبەت منداڵە رووتەڵە و بەرگ شڕ و دڕاوەکانە. بڕوانە ئەم دوو نموونەیەی نێو دەقەکە:

«بەڵام ئازاد و پۆلاً هەمیشە بە پێپەتی و بە شەرواڵی شڕ و پێناوییانەوە خۆیان پێدا دەکرد...»

«ئاوەها رووت بووین، سەرو شەرواڵمان لە پێدا بوو، پشتمان وا داغ بوو...» کە سەرنجی وێنە نەخشێنراوەکانیش دەدرێ، ئەلحەق وەها نییە! جیاوازیی وێنەکان و نێوەڕۆک زۆر لێک دوورن و ئاسمان و ریسمانە. بە پێچەوانەی رای «سەمەدی بیهرەنگی»یەوە، منداڵەکان جلشڕ و دڕاو و پینەکراو و پێ پەتی نین! بەڵکو خڕ و خەپان، بەرگی جوان و پۆشتە و پەرداخیان لەبەردایە. کڵاوە قوتەشیان بە سەرەوەیە. وەک لە وێنەکانیش روون دیارە «ئەلحەمدولیللا» پێپەتی نین، بەڵکو کەوش یان کڵاشی دۆمی و هەورامییان لەپێدایە!! کە لە زارۆکی نازدار و خزمەتکراو و تێر و تەسەلی زەنگین یان ئاغا و بەگ و خانی «نەک دوور» بەڵکو نێزیکە شار دەچن.

لە بریی منداڵی پێپەتی و نەمامی ناسک «بڕوانە بەرگی دەقە فارسییەکە»، کەوش و کڵاش لەپێ و پیرەدار نەخشێنراوە. گەر بێژم ئەم نەگونجاندنی وێنانە لە نرخی وەرگێڕانەکەی کوردۆ کەم ناکاتەوە، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە لەگەڵ باس و نێوەڕۆک و وەسفەکاندا هاوئاهەنگ نین و وێک نایەنەوە!

کاشکی «ریک»یش کە بە کوردی «چەو»ە، نەدەبوو بە «فەردەدینار». «ارە»یش کە «هەڕە»یە، نەدەبووە «تەور» چونکە بە فارسیش «تبر یان تور» دەگوترێ! لە دەقە فارسییەکەدا نووسراوە «شروع کرد بە تیزکردن دندانەهای ارە»، واتە «دەستی کرد» یان «کەوتە تیژکردنی ددانەکانی هەڕەکە». «خیس»یش واتە «تەڕ» نەک «شێدار»، «نمدار» دەبێتە «شێدار».

«چماق»، «تێلاً» و «شفتالو»، «هەڵووژە» نین. شفتالو هەڵووژە و یان بڵێین زڕە هەڵووژەیە. گەر ئەو قەیسی»یە بکەینە فارسی، دەبێتە «زرد آلو». «چوب دست» یش هەر «داردەست»ە کوردییەکەیە، جا هەر دارێ بێ! ئیدی بۆچ بۆتە «تێلاً»؟! یان «ننە»ی فارسی مەبەست لە «دایک»ە نەک نەنکی کوردی، دایکی دایک یان دایکی باوک. «دایی»یش واتە «خاڵ، خاڵۆ»ی کوردی نەک برا.

لە دەقە فارسییەکەدا وا نووسراوە «پیش دایی ام شاگرد بقال بشوم». واتە لای خاڵم ببمە شاگرد بەقاڵ، نەک لای براکەم! بچمە شار و لەکن براکەم ببمە شاگرد بەقاڵ». بەڕاستی نە مشار دەبێتە تەور و نە هەڵووژە دەبێتە قەیسی نە خاڵیش دەبێتە برا... هتد. کاشکی لە بریی «ئامێری یاری» وشەی پەسەند و لەباری «لەیستۆک»ی کوردی بەکار دەبرا! هەندێ سەرنجی دی:

«اما یک هلو برای درمان هم کە شدە بود، بزرگ نمی کرد» بووە بە «کەچی تاکە هەڵووژەیەکی بۆ دەرمانیش نە دەگەیشت»، کە دەبوو وەها بوایە «کەچی تاکە هەڵووژەیەکیش چییە بۆ دەرمان گەورەی نەدەکرد»

لە رستەی «مگر خورشید را بالای سرت نمی بینی» دا، مەگەر کە بوونی زۆر پێویستە لە هاوپەیوەندی هەردوو دیالۆگەکاندا، پەڕێنراوە و تەنها «خۆر بە ژوورسەرتەوە نابینیت» نووسراوە. یان «تاپالەهای خشکرا از دیوار می کند و تلنبار می کرد» بۆتە «تەپاڵەی وشکی لە دیوار دەکردەوە»، کە دەبوا بگوترێ و بنووسرێ «لە دیوار دەکردەوە و لەسەر یەک هەڵیدەچنین، یان لەسەریەکی دادەنان!. «هستەء مان را پشت تل خاکی تر باغ ریختە می کاریم» بۆتە « دەنکە هەڵووژەکەمان لە پشتی تەپۆڵکەی نێو باخەکەدا دەنێژیین». کە دەبوا بنووسرێ «دەنکە هەڵووژەکەمان لە پشتی تەپۆلکەی خۆڵی باخەکەدا هەڵڕێژراوە دەنێژن».

«در زیر خاک بە خواب خوش و شیرینی فرو رفتم» نووسراوە «لە ژێرخاکدا لێی خەوتم، نووستم»، سەیرە... دەربڕینی زمانی کوردی و فارسی زۆر لێک نێزیکن. چ زەحمەتێکی تێدایە گەر بە هاسانی بنووسرایە «لەژێرخاکدا کەوتمە خەونێکی خۆش و شیرینەوە»؟

بەم جۆرە رۆمانسیەت و خۆشیی رستەکە دەمێنێتەوە و لەبارتریشە.

حەز دەکەم کۆتایی نموونە بنووسم: «حالاهم نمی دانم چکار باید بکنم کە من هم مثل او یکدفعە نیفتم بمیرم» کراوە بە «چ بکەم تا منیش وەک ئەو بمرم»؟ هەر تەواو بە پێچەوانەی مانای دەقە ئەسڵییەکە و رای «سەمەدی بیهرەنگی»یەوەیە! دەبا نووسرابایە ئێستا نازانم چی بکەم، کە منیش وەک ئەو نەکەوم و بمرم» واتە «پۆلاً»ی منداڵ و بچکۆلە لە مردن دەترسێ و هەڵدێ، دووردەکەوێتەوە، بچێتە لای خاڵی و ببێتە شاگرد بەقاڵ. ئەمە واقیعی چیرۆکەکەیە، بەڵام وەرگێڕ هاتووە کوردانە سۆز بداتە پەیوەندییەکە. وەفا و دۆستایەتی و هەڤاڵێتیی بەرقەرار بهێڵێتەوە!. بەڵام بەم کارە سۆزاوییە، زیان لە دەقە ئەسڵەکە دراوە و مەبەستیش گۆڕدراوە. بۆ راستیی ئەم رایەش، چەند رستە پاشتر لە دەقە فارسییەکەدا «پۆلاً» دەڵێ: «همینقدر می دانم کە نمی توانم توی دە بمانم، من رفتم...» واتە «ئەوەندە دەزانم کە ناتوانم لە گونددا بمێنمەوە، من رۆیشتم یان وا من رۆیشتم...» ئیدی دەشڕوات...

هیوادارم ئەم هەندە سەرنجە بە سنگێکی فراوانەوە وەربگیرێت. کە مەبەستی من لە سەرنج و رەخنە، چاککردن و پاکژکردن و پێداچوونەوەی کەموکوڕییەکان و راژەی مەسەلەکانە. هەمدیسان ئافەرین و دەستخۆشانەی برای هێژا کوردۆ دەکەم.

---

## «زەردەخەنە» چیرۆکێکە بۆ منداڵان، «ئامانج شاکەلی» نووسیویە، ٦٤

لاپەڕەیەو لە چاپخانەی «ئارارات»، لە سوێد،ساڵی ١٩٨٩ چاپکراوە. قەرەنی جەمیل وێنەکانی کێشاوە. پێشەکی ئافەرین و دەستخۆشانەی برای هێژا ئامانج دەکەم. هیوادارم بکارێ لەو جۆرە بەرهەمە بخاتە بەردەست، چونکە بێگومان رێچکەی تایبەتیی خۆی دەبێ و هیوای سەرکەوتنی زۆری لێ دەکرێ.

چیرۆکەکان ١٧ن، یاخود بڵێم ئەو نۆڤڵە حەڤدە بەشە! زمانێکی هاسان و پاراوی تێدا بەکارهاتووە... نووسەر خۆی یان مێشکی لە مەنگەنە نەداوەو نەجەڕاندووە، و نەهاتووە دیالۆگ بەزۆر درووست بکات. هەڵبژاردنی بابەتەکەشی هێند پەسەند و لەبەر دڵانە، بۆیە زیادەگوتن لەو بارەیەوە بە پێویست نازانم.

«سەرمای ئەم بیابانە شەوانە لە کێشدا نییە... کۆمەڵ کۆمەڵ ئافرەت و منداڵی ترساو بەنێو یەکدا دێن و دەچن و چۆقەچۆقی ددانیان دێ...».

«چاوەکانی نووقاون و زەردەخەنەیەکی شیرینی بەسەر لێوانەوەیە... خەون دەبینێ، خەونێکی شیرین وەک نوقڵی جەژن، نەرم وەکو نمەی باران، سپی وەک پەڵە بەفری کەلی زەردە...».

گەر بە هەڵەدا نەچووبم، نووسەر بابەتی «نۆڤێل»ی لە مێشکدا بووە، بەڵام «نۆڤێل» و پشووی کورتی منداڵ؟! شتێکی نەشیاوە. بۆیە بە زرنگانە کردوویەتییە ١٧ بەش. هەموو بەشەکان هەمان کەسەکان و هەمان بابەتیشە.

بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی کوردستان؛ وێران و کاولکردن و چۆڵکردن و سووتاندنی گوندەکان. ئاوارەکردن و راگواستنی بەزۆری خەڵک بۆ شار و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، تەنانەت بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی وڵاتی قات و قڕ و وشک و مەرگباری خوارووی عێراق.

«ئارام» نموونەی یەکێ لەو هەزاران هەزار منداڵانەی کوردستانە، خاوەنی دایک و باب و مام، خاوەنی هاوەڵ و کەسوکار و گوند و باخ و رەز و چۆم و ئاوی سازگار و بەرخۆلە، لە گوند و نێزیک لە بارەگای پێشمەرگە هەمیشە تێکڕا لە هەوای سازگاری کوردستانەکەیاندا دەژیان.

سەردەمێکی وەها شووم دێ کە ئەو «ئارام»ە لە ژیانی ئارامییەوە خۆی و گوندنشینەکانی دیش دەکەونە سەردەمێکی شووم و رەش و پڕ لە زوڵم و زۆرەوە... کە باوەڕ ناکەم وەها دیمەن و تراژیدیایەکیش لای هیچ کوردێکی خاوەن ویژدان و «بەڕاستی کورد» نامۆ و نائاشکرا بێ!.

«ئارام»ی خاوەن ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان کردن، لە ئۆردوگایەکی نێو لم و جەهەننمی خوارووی عێراقدا، دوای لەدەستدانی دایکی کە تاقە ئارامگا و پەنای بوو، بێ دایک و باب و مام، بێ چێژوەرگرتن لە هەڵمژینی هەوای سازگاری گوند و کوردستانەکەی و بێ دەرفەتی تینوێتی شکاندن بە ئاوی سارد و سازگار و شیرینی چۆمەکان، لە سووچێکی ئۆردوگا یان سەربازخانەیەکدا خەون بە دڵۆپە ئاوی شیرین و سازگاری گوندەکەیەوە دەبینێ. چ خەونێک؟!! پێم باشترە خوێنەر بە تاسەی خوێندنەوەی «زەردەخەنە»وە بەجێ بێڵم... لەوەی لە بنی هەمانەکە بدەم و بە دوو قسە سەروبنی ئەم «نۆڤڵ»ە تێک هەڵشێلم.

بەڕای من ئەم بەرهەمە جێی تایبەتیی خۆی هەیە لە ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی زارۆکاندا بە تایبەتی. «ئامانج شاکەلی» بە درێژەدانی ئەو شێوە بابەت و نووسینەی وەک «زەردەخەنە» هیوای سەرکەوتنی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا لێ دەکرێ. □

# تاوانی شەڕ
## - تاوان لە دژی مرۆڤایەتی
نووسەر: ئالەن بومبار

تا کەنگێ دەبێ هەزاران کوردی کوژراوی بۆمبای کیمیایی عێراقی چاوەڕوان بن تا وەکو قوربانی بناسرێن؟

تەنانەت هیتلەریش نەیوێرا گازی خنکێنەر بەکاربێنێ. ئەو گازەی کە لە شەڕی ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨دا لە لایەن ئەڵمانیا و دواییش لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە بەکارهێنرا. بێگومان ئەفسەرە گەنجەکانی شەڕی یەکەم کە بووبوونە ژەنەراڵی شەڕی دووەم ئاکامی سامناکیی ئەم تاوانە کیمیایییەیان هەر لەبیر مابوو، کە چۆن دوو سەرە زیان دەگەیەنێ. مۆسۆلینی وێڕای لە ساڵی ١٩٣٦ ئەم گازە لە دژی خەڵکی حەبەشە بەکاربێنێ چونکە بە شێوەیەک کە شایانی ئەم تاوانە بێ مەحکووم نەکرا.

لەپاش ئەو زەمانەوە بەم جۆرە بووە کە سۆڤیەتییەکان توانییان لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ڤیێتنام لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ئەمریکاوە بەرگری بکەن (بەڵام چەکی گەڵاوەرێن و چەکی ئەوتۆ کە بۆ ماوەیەک مرۆ لە کار دەخا بەکارهێنرا). هەروەها ئەمریکا و کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نزیکەوە چاودێریی سۆڤیەتییەکانیان لە ئەفغانستان کردووە.

ئەوا دیسان تاوانەکە دووبارە دەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پەیمانی جیهانی ژینێڤ لەمەڕ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە ساڵی ١٩٣٢ لەلایەن عێراقەوە ئیمزا کراوە.

شەڕی کیمیایی بە تاوانی شەڕ ناسراوە. ئێمە هەموومان هیوادارین کە ئەم شەڕە وەکو شەڕ لە دژی مرۆڤایەتی بناسرێ و هیچ کاتێک فەرامۆش نەکرێ. لە ساڵی ١٩٨٦ دەستەی نوێنەرانی سۆسیالیست لە پارلەمانی ئەورووپادا بڕیارێکیان پێشکێش کرد سەبارەت بە قەدەغەکردنی دروستکردن، بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی چەکی کیمیایی. ئەم تێکستە لە لایەن سۆسیالیستەکان، کۆمۆنیستەکان و کەسکەکانەوە (سەوزەکان) دەنگی بۆ درا، بەڵام زۆربەی نوێنەرانی دەستەڕاستی پارلەمانی ئەورووپا دەنگیان بۆ نەدا.

چۆن دەکرێ لەوە بەرگری بکەین کە ئەگەر گەلێک تووشی شەڕ بوو ئەم چەکە بەکاربهێنێ؟

دەبێ ئەم دەورە شەیتانییە راوەستێنین. چۆن؟ فرانسا دەبێ لە پێشەوەی ئەو گەلانەدا بێ کە ئەم کارە گەورە و پێویستە وەئەستۆ دەگرێ. ئیدی بەس بێ فرۆشتنی چەکی فرانسی بەو تاوانکارانەی کە چەکی کیمیایی ئێستا یا لە داهاتوودا دەکار دەکەن. ئێمە، سۆسیالیستەکان تا سنووری توانامان بۆ راوەستاندنی ئەم تاوانە لە دژی مرۆڤایەتی تێدەکۆشین. من بەڕاستی لەو بڕوایەدام کە هەموو کەسانی خۆش نییەت لەم کارەدا لە تەنیشت ئێمە دەبن. خێرا بزووینەوە، بێتەفاوەتی سەرەتایی ئاسای بوونە. کوردەکان وەکو خەڵکی حەبەشە یەکەم قوربانین. بەیانی سەر تا سەری جیهان دەکەوێتە مەترسییەوە. □

Légende du siecle, 19 - april - 1988.

محەمەدی موهتەدی

کردوویە بە کوردی

# کورد لە
# MESA ی
# ١٩٨٩دا

کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، Middle East Studies Association کە بە کورتی بە MESA ناسراوە ساڵی جارێک کۆنفرانسێکی زانستانە رێک دەخات، بۆ زانایان، توێژەرەوە و ئەکادیمیکەکانی زانستگەکانی جیهان بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی لەمەڕ باس و خواسی جۆربەجۆری مێژوو، زمان، ئەدەب و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

کۆبوونەوەی بیستوسێیەمینی MESA لە رۆژانی ١٥-١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩ لە شاری تۆرۆنتۆ، لە کەنەدا کرا. بۆ یەکەم جار لەو کۆبوونەوەیەدا بەشێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کرا. بەشی مەسەلەی کورد کە لەلایەن پرۆگرامی کوردیی نیویۆرکەوە رێکخرابوو، رۆژی شەممە، ١٨ی نۆڤەمبەر بەرێوە برا. لە بەرنامەکەدا ئەم کەسانە بەشدارییان کرد: فەرهاد شاکەلی (زانستگەی ئوپسالا- سوێد)، سەرتاج بوجاک (مافی مرۆڤ لە کوردستان- ئاڵمانی رۆژئاوا)، عیسمەت شەریف وانلی (لۆزان- سویسرا)، ئەمیر حەسەنپوور (زانستگەی ویندسۆر- کەنەدا) و خاتوو ڤێرا بیودین سەعیدپوور (پرۆگرامی کوردی- نیویۆرک).

بەرنامەی بەشی مەسەلەی کورد یەکێک بوو لە بەرنامە سەرکەوتووەکانی کۆبوونەوەی ساڵانەی MESA، سەرۆکی بەرنامەکە پرۆفیسۆر چارلز ماکدۆناڵد (زانستگەی فلۆریدا) بوو. □



# بەرزانی

دوای کۆچی کامەران موکری-ی شاعیر، بنەماڵەکەی و دۆستانی سەرجەمی شیعرەکانی ئەویان لە دیوانێکدا کۆکردۆتەوە و ساڵی ١٩٨٧ بڵاویان کردۆتەوە. وا دیارە سانسۆری رژێمی فاشیستی عێراق رێگەی نەداوە بەشێک لە هۆنراوە شۆڕشگێڕانەکانی کامەران لە دیوانەکەیدا جێیان ببێتەوە، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە ساڵانی ١٩٦٠ بووبوونە سروودی سەرزاری هەزاران لاوی کوردی نیشتمانپەروەر و گیانی کوردایەتی و خەبات و خۆبەختکردنیان بڵاودەکردەوە.

یەکێ لەو شیعرانەی سانسۆری رژێم رێگەی بڵاوبوونەوەی نەداوە، شیعری - بەرزانی-یە.

لە کاتی چاپکردنی دیوانەکانی شاعیری عەرەب (جەواهیری)شدا، یەکێ لەو شیعرانەی سانسۆر کرابوون ئەوەیە کە بۆ گەلی کورد و پەسنی پێشەوا بەرزانی نووسرابوو. مامۆستا (هادي العلوي) لەو رووەوە شتێکی لە گۆڤاری - دراسات کردیە-ی پاریسدا نووسیبوو.

لە یادی یانزدە ساڵەی کۆچی سەرۆک بەرزانیدا و بە یادی کامەرانی شاعیر، شیعری - بەرزانی- بڵاودەکەینەوە.

«مامۆستای کورد»


رۆمانیا،...
بۆ وڵاتی رۆمانیا
شەقامی تاسەی دیداری
کۆشکی رۆڵەی کوردەواری

* * *

گەورەم کە نامەکەتان هات
نامەی ئاگرینی خەبات
تاڵی گزنگی زەرد و سوور
بوو بە تەلی وردی سەمتوور
شنەونم وەکو دوگمەی پیانۆ
پەنجەی سووری تیشکی ئاسۆ
ورد ئەیجووڵێنێ و ئاوازە
هەڵئەسێ بۆ ژینی تازە .

---

ئەم هۆنراوەیە لە شێوەی تەلگرافدا رێک خراوە، بە بۆنەی گەڕانەوەی تێکۆشەری بەناوبانگی کورد مستەفا بەرزانییەوە وتراوە.
گوڵ ئەستێرە: کامەران. چاپخانەی کامەران، سلێمانی ١٩٥٩ز- ٢٥٧١ ک، ل ٢٢-٢٧





چوار ئەسپی ئاسن و ئاگر
چوارپەلیان سپی وەک بەفر
سوارەکانیان پارچەی دڵە
زینیان ئەرخەوان و گوڵە
بە تاو ملی ڕێگە ئەگرن
پێشڕەوی سوپای نەمرن
بە پیر ئێوەوە دێن هاوڕێ
گیانی پیرۆزیان قەت نامرێ

* * *

پیرێژنێکی بەرزانی
کە ئەهات بۆ سلێمانی
بە ئەسپایی لێم ئەپرسی
– مەلا مستەفا ئەناسی؟
بڵێم: خۆت دیوتە گەورەی گەل،
تیشکی ڕووناکیی دەمی کەل؟
ئەیوت: هەردوو کوڕەکەی من،
برا گیان، هەر لەگەڵ ئەون.
ئەموت: خەم نەخۆی شانازین
بوون بە نموونەی نەبەزین.
داپیرەگیان قسەی من بوو
ڕۆژی خەفەتت بەسەرچوو.

* * *

لە زیندانا کوڕێکی شەنگ
زۆرجار ئەمدی مات و بێدەنگ
ئەنواڕێتە بستی ئاسمان
پێم ئەوت ئەرێ کاکە گیان!
لەچی وەرئەدەی پەنجەی بیر؟
– ئەینواڕییە کۆت و زنجیر–،
ئەیوت: چەند خۆشە چنگ گیرکەم
لە قورتمی دوژمنەکەم.

هاوڕێینە ناوهێنانتان
دوژمن دایئەنا بە تاوان
بەڵام هەرچیمان بەسەرهات
ئۆخەی، بوو بە خۆشیی وڵات
گەورەم، ئەی گەورەی لەشکری
ئاشتیخوازی و کوردپەروەری
بە هەواڵی ڕۆمانیا
دڵم لە خۆشییا گریا
هەموو ئازای لەشم لەرزی
وشە لە ناو دەمما تەزی

* * *

گەورەم: وا ملیۆنان کۆتر
جێیان هێشت باخی پڕ ئاگر
بەری ئاسمانیان ڕێک تەنی
بە پۆل هاتوون بۆ دیپەنی.
ئەی وڵاتی ڕۆمانیا
وەکو هەوری لووتکەی چیا
گریام لە خۆشییا، کە هات
هەواڵی سەرکردەی خەبات
ئەوەندەی دڵۆپی ئەسرین
کە ئەبیاران چاوی خەمگین،
چاوی دایکی ڕۆڵە کوژراو
دایکی خەمباری سکسووتاو
سلاو لە ئێوە و لەوانە
کە تیشکن بۆ ئەم ژیانە
کە بوون بە پێشڕەی کاری
ڕزگاربوون لە چنگ زۆرداری.
هاوڕێم هەزار هەزار سلاو
لە ئێوە و لە لەشکری لاو.

توماس هامه‌ربێری
– سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی زارۆکان بپارێزن –

لەم وتارەدا، لەو هەڵوێستە دەدوێ کە «کۆمیتەی مافی مرۆڤ»ی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق وەریگرت.

# بێدادی بۆتە یاسا

## پێشنیازێک

لەم ماوەیەدا درا بە کۆمیتەی ناوبراو و داوای لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانەی دەکرد لە هەڵسوکەوتی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە کورد. ئەم پێشنیازە، پاش دەنگدان پشتگوێ خرا، ئەگەرچی کۆمیتەکە ڕاپۆرتێکی ئەمنستیشی لەبەردەستدا بوو دەربارەی پەلاماردانی منداڵان.

ئەم پەلاماردانەش جارێک و دوو جار نەبووە، بەڵکو سیاسەتێکی نەخشەکێشراوە، منداڵیان تێدا کردووە بە قوربانی تیرۆر.

ئەمڕۆ یادی یەکساڵەی ژەهربارانەکەی هەڵەبجەیە. کوردەکان لە زۆر جێ کۆدەبنەوە و کۆڕی ماتەم دەگێڕن بۆ ئەو پێنج هەزار کەسەی – زۆربەیان ژن و منداڵ بوون – و ڕژێمی عێراق کوشتنی.

ئێمە لە وێنەی لاشەی سڕی، لە تاوا باوەش بە یەکدا کردوو، سڵەمینەوە. دەنگی نارەزایی بەرز بووەوە و داوای ئەوە کرا قسەیەک لە چەکی کیمیایی بکرێ. کاتی ئەوە هاتووە کە بە شێوەیەکی نێونەتەوەیی دژی ئەم چەکانە خۆگورج بکرێتەوە و هەوڵی قەدەغەکردنی بدرێ. بەڵام دادپەروەری ڕەنگی نەبوو.

ئەوەتا هەفتەی پێشوو، کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، دەربارەی عێراق کۆبوەوە. زۆربەی دەنگ دژی ئەو پێشنیازە وەستا کە داوای کرد چاودێرێک لە دۆزی مافی مرۆڤ – لە عێراقدا – بکۆڵێتەوە. پێشتریش هەوڵ دراوە، لەم کۆمیتەیەدا باسێک لە تاوانەکانی عێراق بکرێ، بەڵام سیاسەت بۆتە هۆیەکی سەرەکیی ڕاگرتن و لەباربردنی ئەو هەولانە.

هەر جارێک ڕێکخراوە سەربەخۆکانی وەک ئەمنستی هەوڵی دابێ باسی عێراق و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بکاتە بابەتی گفتوگۆ لەم کۆمیتەیەدا، عێراق توانیویەتی بە فرتوفێڵ داواکارییەکانیان بوەستێنێ و خۆی دەرباز بکات.

ئەم جارەش هەروەها. یەکێک لە بەهانە ڕەسمییەکانیش ئەوە بوو کە ناشێ، وا زوو، پاش وەستانی شەڕ دژی ئێران، باس لە «مافی مرۆڤ» بکرێ. ئەم بەهانەیە بێ سەر و بنە، چونکە قایلکەر نییە، ئەگەر بنواڕدرێتە پاشخانی مەسەلەکە، چونکە ئەوە تا دوو ساڵێک لەمەوبەر، کۆمیتەیەکی چاودێری بەسەر ئێرانەوە دانرا. هەروەها لە کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەکەشدا، بە بەهانەیەکی لەو جۆرە، پێشنیازێکی دی بۆ وردبوونەوە لە تاوانەکانی عێراق – کە لە چەند حکومەتێکەوە درا، یەکێک لەوانە سوێد بوو– پشتگوێ خرا.

تەنانەت پاش وێستانی شەڕی ئێران و عێراق، ڕاپۆرتی وەها دەهات، زەنگی مەترسییان لێ دەدا، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. ئەو ڕاپۆرتانە بە ئاشکرا باسی ئەوەی دەکرد کە عێراق، لەم پاییزەشدا دێهات و شار و شارۆچکە کوردییەکانی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کردووە و پتر لە سەد هەزار کوردی ناچار کردووە پەنا بەرنە بەر تورکیا و ئێران و باسی تیرۆری ڕوون و ئاشکرای دژ بە خەڵکی مەدەنیی کوردی تێدا دەکرێ.

عێراق پاش وێستانی شەر دژ بە ئێران پەلاماری کوردەکانی دا. گوندەکانی بە تۆپ و فڕۆکە بۆردومان کرد و دەستی کردەوە بە ڕاگواستنەوەی خەڵکی کورد بۆ خوارووی عێراق.

هەر جارێک هێزی پێشمەرگە زیانێکی بە لەشکر بگەیاندایە، ئەم دەچوو تۆڵەی خۆی لە گوندنشینەکان دەکردەوە. گەلێک جار خەڵکەکەی هەر لە جێدا گوللەباران کردووە، تەنانەت دەستی لە ژن و منداڵیش نەپاراستووە. ئەم کردەوانە بۆتە هۆی کۆچکردنی کوردەکان بەرەو سنوور. ئەم پەنابەرانە گەواهیی ئەو هەموو تاوانانەن بەڵام ڕژێمی عێراق بەو پەڕی لووت بەرزییەوە هەموو دوانێکی دەربارەی ئەم پەلاماردانە پشتگوێ خستووە. ڕێگاشی نەداوەتە هیچ کۆمیتەیەک – تەنانەت لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە – لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بکۆڵنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەوەدەچێ ئەم ڕژێمە هەوڵی نەهێشتن و لەناوبردنی ئەو بەڵگانە بدا کە تاوانەکانی دەسەلمێنێ. بۆ نموونە: هەفتەیەک پاش بۆمبارانی هەڵەبجە بە گازی کیمیایی، هێرشێکی لەو بابەتەی کردە سەر ناوچەی قەرەداغ لە سلێمانی، نێزیکەی چوارسەر کەس لە مردن ڕزگاریان بوو و هەوڵیان دا بگەنە شاری سلێمانی بۆ چارەسەرکردن، بەڵام گیران و دووی ئەپریل لە سەربازگەی تانجەرۆ گوللەباران کران. جگە لەمان، سێ سەد و پەنجا کەس لە هێرشەکەی بالیسان– ناوچەی هەولێر– ڕزگاریان بوو، پاشان گیران و لە ئەپریلی ١٩٨٧دا بران بۆ سەربازگەیەکی نێزیک و لەو کاتەوە بێ سەرو شوێنن.

لەو کاتەدا کە کۆمیتەی مافی مرۆڤ سەرقاڵی ئەم باسە بوو، ئەمنستی ڕاپۆرتێکی دەربارەی کارە ناڕەواکانی عێراق بلاوکردەوە. ئەمجارەیان سەبارەت بە پەلاماردانی منداڵ بوو. ڕژێم بە شێوەیەکی دڕندانە منداڵی کردۆتە ئامانجی تیرەکانی و تیرۆریان دەکات لەبەرچاوی کەسوکاریان بەو هیوایەی چۆکیان پێ دابدا. ئەم تاوانانەش کارێکی ڕێکەوت نییە لە نەفسەرێکی شێتەوە ڕووی دابێ، بەڵکو سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی ڕژێمە.

منداڵی زیندانییان بە پەتدا کردووە. ئەمنستی دەڵێ: لە ژانیوەری –کانوونی دووەم–ی ساڵی ١٩٧٩دا بیست و نۆ منداڵ و لاو کوژران و لەم دوو مانگەی پێشوودا حەڤدە هەرزەکاریان کوشتووە، یەکێکیان تەمەنی چواردە ساڵ پتر نەدەبوو.

سەدان منداڵ و لاوی کورد دەگرن بۆ ئەوەی کەسوکاریان ناچار بکەن دەست لە دژایەتیی ڕژێم بەردەن. پاییزی ١٩٨٥، نێزیکەی سێسەد لاویان لە شاری سلێمانی گرت. سەرنگومیان کردن، بەڵام پاش ماوەیەک، پیاوێکی زیندانی، چەند کەسێکی لەم لاوانە لە گرتووخانەی فەزیلییە دیبوو. ئەم زیندانییە پاش ڕزگاربوونی دەگێڕێتەوە:

«... قسەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانە قەدەغە بوو، زۆر دڕندانە ئازاریان دەدان، ژوورەکانی گرتووخانەکە هێندە گچکە بوون، زارۆکان ناچاربوون بە نۆبە، لەسەرئەو زەویە سارد و سڕە، دابنیشن. هەوای ژوورەکە گەنیو بوو، لە بری بەرۆژکە کونێکی لە دەرگاکەدا هەبوو، ئەویش بۆ ئەوەی پاسەوانەکان لێوەی چاودێری منداڵەکان بکەن.» «هەر سەعاتی جارێک، سیخوڕەکان دەرگاکەیان دەکردەوە و سێ چوار یان پێنج کەسیان دەبرد بۆ لێدان. پاشان بە بریندارێ فڕێیان دەدانەوە ژووری. زۆربەی جار خوێن لەلەشی لێدراوەکان دەڕۆیی و جێقامچی و تەزووی کارەبایان پێوە دیار بوو. ئێمە دەچووین بە پیریانەوە و یارمەتیمان دەدان»

«نیوەشەو، سیخوڕەکان هاتنەوە، سێ منداڵیان برد، زۆر دڕندانە ئازاریان دان، پاشان ناچار بردیانن بۆ نەخۆشخانەی سەربازی، چونکە پۆلیسی نهێنی نەیاندەویست ئەوان بەو شێوەیە بمرن، کاتێک زامەکانیان کەمێک ساڕێژ بوو، هێنایاننەوە بۆ گرتووخانە»

چەند منداڵێک هەوڵیان دا لەسەر زەوییەکە بخەون، یەکێکیان، لەوانەی کە لە نەخۆشخانە گەڕابۆوە، ڕاکشا و ... پێمان وابوو خەوتووە، بەڵام... مردبوو. کەس نازانێ چییان لە تەرمەکەی کرد.

«چوونەئاودەستخانەش بە ئارەزووی پاسەوانەکان بوو، منداڵی وا هەبوو خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، خۆی پیس دەکرد. بەڕێوەبەری گرتووخانەکە فەرمانی دەرکرد کە ئێمەی زیندانی دارکاریی ئەو منداڵانە بکەین و بیاندەینە بەر قامچی. ئەگەر یەکێک لە ئێمەش سەرپێچیی ئەو فەرمانەی بکردایە، بیراز دەکرا»

پاش ساڵێک بیست و نۆ زارۆکیان، لەو سێ سەدە، دایەوە دەست دایک و باوکیان، بیست و نۆ لاشەی زامدار بوون. تاکو ئێستەش ئەوانی دیکە بێ سەروشوێنن.

ڕژێم ڕێی نەدا، ئەمنستی وەک سەرپشکێکی بێلایەن، لەم تاوانانە ورد بێتەوە.

ئەمەیە ئەو ڕژێمەی کە زۆربەی حکومەتەکانی کۆمیتەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێویستیان نەزانی لە تاوانەکانی ورد ببنەوە. بۆیە بە گرنگی دەزانم کە ڕێگەنەدەین دەستدرێژییەکەی سەر هەڵەبجە لەبیر بکرێ. □

ڕۆژنامەی DAGENS NYHETER ی
پێنجشەممەی ١٩٨٩/٣/١٦.
ئاسۆس کەمال
لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی.

## کۆماری پۆڵۆنیا

ئاسۆشیەیتد پرێس AP

پارلەمانی پۆڵۆنیا رۆژی هەینیی ١٩٨٩/١٢/٢٩ بڕیاری دا کە ناوی رەسمیی پۆڵۆنیا (لەهستان) بگۆڕن، و لە (کۆماری گەلی پۆڵۆنیا)وە، کە کۆمۆنیستەکان وایان ناو نا، بکرێتە کۆماری پۆڵۆنیا.
هەروەها پارلەمان بڕیاری ئەوەشی دا کە لە قانوونی بناخەیی (دەستوور) ئەو بەندە لاببەن کە «رۆڵی رێبەرانە»ی دەدا بە پارتی کۆمۆنیست. ئەنجامی دەنگدانەکە بەم جۆرە بوو: ٣٧٤ کەس لەگەڵ، یەک کەس دژ، ١١ کەس دەنگی نەداوە. هەر یەکسەر دوای دەنگدانەکە ئەندامانی پارلەمان هەستانە سەرپێ و سروودی نەتەوایەتییان خوێند.

حکوومەتی پۆڵۆنیا بڕیاری دا دەست بەسەر سامان و خانووبەرەی پارتی کۆمۆنیست و رێکخراوەکانی پێوەبەستراویدا بگرێت. ئەم سامان و خانووانە کە بە شێوەیەکی ناقانوونی لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە داگیرکرابوون، ئێستا دەکرێن بە نەخۆشخانە، خوێندنگە و دامەزراوی دیکەی کۆمەڵایەتی، یانیش دەگێڕێندرێنەوە بۆ خاوەنەکانی پێشوویان. بە گوێرەی دەنگوباسی رۆژنامەکان هەتا ئێستا پارتی کۆمۆنیست ناچارکراوە لەو ١٩٠٠ خانووەی هەیبووە، ١٨٦٦ی بداتەوە بە حکوومەت. پارتی جوتیاران دەبێ لە سەرجەم ١٥٥٠ خانووبەرە، ١٥١٦ی بگەڕێنێتەوە. پارتی دیموکرات لە سەرجەمی ٤٥٠ خانووبەرە تەنیا پێنجی بۆ مایەوە و لاوانی کۆمۆنیست لە سەرجەمی ٦٦٠ خانوو، دە دانەیان بۆ مایەوە.

وارشۆ، TT- AFP

ئاژانسی دەنگوباسی فرانس - ئاژانسی دەنگوباسی سوێد

١٩٩٠/٤/١٢

## سۆڤیەت، نەک نازیستەکان

رۆژی ١٩٩٠/٤/١٢ یارۆزەلسکی، سەرکۆماری پۆڵۆنیا بە سەردانێکی رەسمی چوو بۆ یەکێتیی سۆڤیەت. لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ رێبەرانی سۆڤیەتدا بەیاننامەیەکی هاوبەش ئیمزا کرا. سەرنجڕاکێش ئەوەیە بۆ یەکەمجار یەکێتیی سۆڤیەت بە رەسمی پێی لەوە ناوە کە ساڵی ١٩٤٠، واتە لە کـاتی شەڕی دووەمدا، دەزگای پۆلیسی سۆڤیەتی (KGB ک.گ.ب) ١٥٠٠٠ ئەفسەری پۆڵۆنیی کوشتووە. لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هەمیشە ئەم تاوانەیان دەخستە مل هێزە نازیستەکانی هیتلەر، بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجار پێیان لێ نا کە ئەو هەموو ئەفسەرانە، کە هاوپەیمانی سۆڤیەت بوون، بەدەستی سۆڤێتییەکان کوژراون.

☐

مۆسکۆ- ئاژانسەکانی دەنگوباس

## تکا و روونکردنەوە

* تکا لە هەموو خوێنەرانی کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران و پاکستان دەکەین، کە «مامۆستای کورد» یا هەر چاپکراوێکی دیکە لەلایەن ئێمەوە دەگاتە دەستیان، بە نامە ئاگادارمان بکەن، کە کام ژمارەی گۆڤارەکە، یا کام کتێب گەیشتۆتە دەستیان. ئێمە گۆڤاری مامۆستای کورد و گەلێ چاپکراوی دیکەش بە دیاری بۆ سەدان کەس دەنێرین، بەڵام تەنیا حەوت تا هەشت کەسێک ئاگادارمان دەکەن کە دیاریی ئێمەیان وەرگرتووە. دیسانەوە تکا دەکەین ئاگادارمان بکەن، ئەگەرنا لێرە بەدوا ناچارین ناردنی گۆڤارەکە بۆ ئەو کەسانەی تا ئێستا بۆیان چووە رابگرین، تا ئەو کاتەی وەراممان دەدەنەوە و ئاگادارمان دەکەن.

* گەلێ لە خوێنەران و دۆستان لە وڵاتانی جیاوازەوە، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، نامە بۆ سەرنووسەری گۆڤاری مامۆستای کورد دەنووسن و داواش دەکەن کە نامەیان بۆ بنووسرێ و بە دوور و درێژی وەڵام بدرێنەوە. لە کاتێکدا زۆر سوپاسی هەستی دۆستانە و کوردانەی ئەو کەسانە دەکەین، داوای لێبووردنیش دەکەین کە ناتوانین نامەیان بۆ بنووسین، چونکە جاری وا هەیە لە مانگێکدا ٩٠ تا ١٠٠ نامەمان پێ دەگات و بە هیچ جۆرێ ناکرێ و ناتوانین وەرامی هەمووان بدەینەوە. ☐

مامۆستای کورد



# رانانی کتێبان

■ رەووف بێگەرد: هەڵۆ (کۆمەڵە چیرۆک)
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩، ١٩٢ ل.

## بێگەرد

یەکێکە لە چیرۆکنووسە دیار و سەرکەوتووەکانی کورد و زۆرتر لە ساڵانی حەفتاکاندا خوێنەری کورد ئاشنایەتیی لەگەڵ بەرهەمەکانیدا پەیدا کرد. پێشتر بێگەرد دوو کۆمەڵە چیرۆکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە: بوار (١٩٧٧) و هەوار (١٩٨١). لە هەڵۆدا بە ئاشکرا رادەی پێشکەوتنی نووسینی بێگەرد دیارە. پاڵەوانانی چیرۆکەکان ئازاتر و روون و رەوانتر دەدوێن. لە هەندێ جێگادا دەربڕینی پەخشان ئاسا دیمەنێکی دەروونیی بەهێز دەدا بە چیرۆکەکان. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا رەمز نە هێندە سەخت و گرانە سەری خوێنەر بئێشێنێ و نە هێندەش سادەیە خوێنەر بێزار بکات. بابەتی سادە و رۆژانە، بەڵام لە قاڵبێکی بتەو و بەهێزدا داڕێژراون. چاوی هیوا لەم چیرۆکانەدا روونتر و دووربینترە... هەڵچوون و کەف و کوڵی دەروونیی پاڵەوانەکان و زمانی گفتوگۆیان سیمایەکی واقیعییان پێ بەخشیوە. هەڵەی چاپ و هەندێ هەڵەی زمانەوانی خۆیان ترنجاندۆتە نێو چیرۆکەکانەوە.

ئەگەر بەراوردێکی دوو کۆمەڵە چیرۆکی بوار و هەوار بکەیت، یەکسەر پێشکەوتنی چیرۆکنووس لە رووی بابەت هەڵبژاردن و فۆرم دارشتنەوە بەدی دەکرێ، لایەنی زمانی لێ دەرچێ، کە هەر لە ئاستی هەواردا وەستاوە و گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە.

هەڵۆ بریتییە لە ١١ کورتەچیرۆک و ١٩ چیرۆکی یەکجار کورت، کە نێوی (رۆژانە چیرۆک)ی لێ ناون. ☐

ئامانج شاکەلی

■ رۆمەن رۆلان: ژیانی بتهۆڤن، ناسری رەزازی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی سارا بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە - ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ١٩٦ ل.

## بریتییە

لە کورتەی ژیانی هونەرمەندی ناوداری جیهان بتهۆڤن؛ سەرەتای منداڵی و سەردەمی لاوی و کارە هونەرییەکانی وئازارە دەروونی و دەرەکییەکانی. هەروەها خستنەڕووی بۆچوونی بتهۆڤن سەبارەت بە ژیان و پێوەندیی دۆستانە و چاکە کردن لەگەڵ خەڵکدا، جگە لە باسی نەخۆشی و گوێئێشە و پاشانیش کەڕبوونی هونەرمەند.

ئەم کتێبە هەوڵدانێکی باشە بۆ ناساندنی هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان بە خوێندەوارانی کورد. پاشکۆی کتێبەکە بریتییە لە وەسیەتنامەی بتهۆڤن و چەند نامەیەکی، هەروەها چەندین وێنەی جۆراوجۆر سەبارەت بە ژیانی ئەو هونەرمەندە لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

کتێبی ژیانی بتهۆڤن لە بنەچەدا بە زمانی فرانسەیی نووسراوە. خۆزگە هەر لە فرانسەییشەوە کرابایەتە کوردی، چونکە وەرگێڕانی دەستی دووەم و سێیەم، بمانەوێ و نەمانەوێ، گەلێ لە تام و بۆی ئەسڵەکە دەگۆڕێ. ئەوەی مایە دڵخۆشییە و بۆتە پارسەنگی ئەو لایەنە، ئەوەیە هونەرمەندی ناسراوی کورد ناسری رەزازی کردوویەتە کوردی، کە بێگومان، وەک هونەرمەندێک چاکتر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی بتهۆڤن تێدەگات و لە گیانی هونەریی وییەوە نێزیکە. هەروەها بەم وەرگێڕانە ئەوەشمان لا روون دەبێتەوە کە رەزازی دەستەڵاتێکی باشی بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێ و لەم بوارەشدا وەک هونەرمەندێ ماملە دەگەڵ وشەدا دەکات.

☐

ئامانج شاکەلی

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

جەمال نەبەز: من شێواندوومە لێتان، یان هەر خۆتانن سەرلێشێواو، ١٩٨٩، ١٨٦ ل.

ئیمام زەینولعابدین (امام زين‌العابدين): پەیامی مافەکان، دامەزراوەی ئەلبەلاغ (البلاغ)، تاران، ١٩٨٩، ٧٦ لاپەرە.

Kurdish proverbs, translated by Abdul-kader Amin and Dr. charles Hoffman, Published by the Kurdish program, New york 1989, 76p.

پەندی پێشینانی کوردی: عەبدولقادر محەمەد ئەمین و د. چارلس هۆفمان کردوویانەتە ئینگلیزی. لە بڵاوکراوەکانی پرۆگرامی کوردی، نیویۆرک ١٩٨٩، ٧٦ل.

حلبجة المدينة الدامية (بە زمانی عارەبی)، بەشی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی بیرۆی راگەیاندنی لکی سلێمانی، پارتی سۆسیالیستی کوردستان–عێراق، ئەیلوولی ١٩٨٩، ٩٨ ل.

Hannes Reichman & Alexander Foggensteiner" Den Kurdiska knuten, Översätning : Anna Helleskog, Tryckeriförlaget, Stockholm 1989, 170s.

هانەس رایخمان و ئەلیکساندەر فۆگەنشتاینەر: گرێی کوردی، ئانتا هێلەسکووگ لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە سوێدی، سوێد ١٩٨٩، ١٧٠ ل

خالد خالد: نظرة في التناقضات التي تحكم القضية الكردية ومستلزمات الوضع الراهن (بە زمانی عارەبی)، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٦٢ ل.

فازیل جاف: ترێ و شووشە (شانۆنامەی منداڵان)، بڵاوکراوەی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوێد، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩. ٤٨ ل.

CARDRI: Sadams Iraq, Revolution or reaction, Zed Books Ltd, New and Updated Edition 1989, 266 p.

کاردری: عێراقی سەددام؛ شۆڕش یان کۆنەپەرستی، چاپی نوێ، لەندەن ١٩٨٩، ٢٦٦ ل.

محەمەد عەلی بەرواری: (بێوار): دەربەدەری و ئەڤینا وەلاتێ (شیعر) ساندیگۆ- کالیفۆرنیا ١٩٨٩، ٦١ ل.

ضحايا مجزرة حلبجة، اسماء وارقام، اعلام الحزب الاشتراكي الكردستاني – العراق – فرع السليمانية، ٨٢ ص.

رۆمەن رۆلان: ژیانی بتهۆڤن. ناسری رەزازی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. بنکەی سارا بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ١٩٦ ل

هەژار: هەنبانە بۆرینە؛ فەرهەنگی کوردی- فارسی. بەرگی یەکەم (ئـ تا س) سروش، تاران ١٣٦٨، ٤٦٠ل.

ئەمجەد شاکەلی: منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هەندەران. سوێد ١٩٨٩، ٦٨ ل.

سەمەدی بیهرەنگی: یەک هەڵووژە و هەزار هەڵووژە، کوردۆ لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی، نیگار: شوان، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تارا، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٦٦ل

ئامانج شاکەلی: زەردەخەنە (چیرۆک بۆ منداڵان). نیگار: قەرەنی جەمیل. بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تارا، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٦٤ ل.

محەمەد سەدیق مەحمودی: وەنەوشە (شیعر). ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (انتشارات صلاح‌الدين ايوبی)، ورمێ ١٣٦٧، ٥٦ ل.

دانەزانا ژ بۆ یەکێتی‌یێ، پلاتفۆرما یەکیتیا شۆڕەشگەڕ و ولاتپارێز یا کوردستانێ (بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی) ١٤٤ ل.

ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دووەم. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی (لە عێراق) بڵاوی کردۆتەوە، ١٩٨٩، ٦٤٨ل.

شێخ عەسکەری: عیقدێ بوڕفام، وەشانێن ئاپیک، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٢٠٤ ل.

محەمەدی مەلا کەریم: هەنگاویکی تر بە رێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی/ وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن (عێراق) بڵاوی کردۆتەوە، بەغدا ١٩٨٩، ٣٨٠ ل.

مستەفا نەریمان: بیبلیۆگرافیای دووصەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧ – ١٩٨٦. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی/وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن (عێراق) بڵاوی کردۆتەوە، بەغدا ١٩٨٩، ٤٠٨ ل.



الدكتور عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، نشر وتوزيع شركة المعرفة، بغداد ١٩٨٩، ٣٤٦ ص.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف: رابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە (چی بە کتێب و لەناو کتێب و گۆڤارەکاندا بەهەر زمانێک لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٥). دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی/وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن (عێراق). بەغدا ١٩٨٩. ٣٤٦ ل.

محەمەدی مەلا کەریم (سەرپەرشتکار): میهرەجانی مەولەوی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغدا ١٩٨٩، ٢٥٦ ل.

کەریم دەشتی: تەمە سپییەکانی رۆح (هۆنراوە)، هەولێر ١٩٨٨، ٦٨ ل.

سەباح سابیر حەسەن: زێوان (چامە)، هەولێر ١٩٨٨، ٨٨ ل.

شەعبان مزیری: دیرۆکا چیرۆکا کوردی یا هۆنەری، بەغدا ١٩٨٩، ٢٤ ل.

ماهشەرەفخانم، مەستوورەی کوردستانی: مێژووی ئەردەڵان، د. حەسەن جاف و شکور مستەفا کردوویانە بە کوردی. دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەشی رۆشنبیری- بەغدا، چاپی یەکەم ١٩٨٩، ٢٨٠ ل.

مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان: اقتراب النيرين في مجمع البحرين، تەرجەمەی حەدیثەکانی موسلم و بوخاری (لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداخی) بەرگی حەوتەم، بەغدا ١٩٨٩، ٤١٦ ل.

رێبوار: هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم، بنکەی سارا بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ١٠٠ل.

میسباحوددیوانی ئەدەب (مصباح الديوان ادب): دیوان، کۆکردنەوەی: مستەفا ئیڵخانی زادە. ئینتشاراتی محەمەدی- سەقز.

Gelawezh Abdulkarim: Hälsa och vård i exil, Kurdiska projektet, sp[nga 1989, 77s.

گەلاوێژ عەبدولکەریم: لەشساغی و چاودێری لە تاراوگە: ئەزموونی وەدەستهێنراو لە کۆڕی خوێندن لەگەڵ ژنی کورددا، پرۆژەی کوردی، سپۆنگا، ١٩٨٩، ٧٧ ل.

Hemin koyi: Gravity overturn and lateral forces in experiments and sedimentary basins (ACTA UNIVERSITATIS UPPSALIENSIS), Uppsala, 1989, 17 p.

الدكتور فاضل البراک: مصطفى البارزاني، الاسطورة والحقيقة، بغداد ١٩٨٩، ٣٥٤ ص.

شێخ محەمەدی کەریەلا: میرسادولئەتفال (مرصاد الاطفال)، ئامادەگەها زارووکان، وەرگێڕ: زەینەلعابدین زنار (کایا)، وەشانێن ژینا نوو، سوێد ١٩٩٠، ٧٦ ل.

مسعود محمد: بيروسترويكا غورباتشوف، نقد وتحليل، الجزء الاول، بغداد ١٩٨٩، ١٥٨ ص.

جەمال بابان: خەڕەکە شکاوەکە... بەغدا ١٩٨٩، ١٠٤ ل.

حەسەن شنلۆخی: هندە ئاخینک ژ ئاوازێن دلێ من (شیعر) ژ وەشانێن کۆمەلا نڤیسەرێد کوردستانێ، کوردستان ١٩٨٩، ٣٢ ل.

فەخرەدین: گوڵبژێرێکی ناوی کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠، ٩٦ ل.

ئەحمەدی شاملوو (احمد شاملو): تا شکۆفەی سووری کراسێک (کۆمەڵە شیعر)، ناصری حسامی کردوویە بە کوردی، ئینتشاراتی پویا ١٣٦٨، ٩٢ ل.

رەووف بێگەرد: هەڵۆ (کۆمەڵە چیرۆک)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی (ژمارە ٢٤٩)، بەغدا ١٩٨٩، ١٩٢ ل.

أحمد مختار الجاف: مسألة الضمير، ترجمة عادل گەرمیانی، مراجعه وتقديم: د. عزالدين مصطفى رسول، بغداد ١٩٨٩، ١١٦ ص.

ئەحمەدێ خانی: فەرهەنگا نۆبەهار، ڤەژاندنا: پەروێزێ جهانی، ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی (کوردستانی ئێران)، ١٣٦٧، ٦٢ ل.

بەکر یلدز: ئۆردییا مێشێن هونگوڤ (چیرۆک)، وەرگێڕ: شەرەفنان، وێنە: ئیسماعیل گویلگەچ، وەشانخانا چاندا کوردی، سوێد ١٩٩٠، ٤٦ ل.

زەینەلعابدینێ زنار: خوەنچە (گۆتنێن پێشییان، کلام، دیلۆک و چیرۆک)، جلد ١، وەشانخانا چاندا کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩، ٢٧٨ ل.

یەشار کەمال: چیایێ ئاگری (رۆمان)، وەرگێڕ: شەرەفنان، وێنە: عابدین دینۆ، وەشانخانا چاندا کوردی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠، ١٢٨ ل.

ئاسترید لیندگرێن: بەهاری تازەدێ (چیرۆکی منداڵان)، نیگار: ئیلۆن ڤیکلاندوەرگێڕ: فەرهاد شاکەلی، پەخشخانەی فەرهەنگی کوردی، سوێد، ١٩٩٠.

Chemical weapons use in kurdistan. Iraqs final offensive. A staff Report to the committee on foreign relations, United States senate, Washintong, october 1988, 46 p.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە

کوردستان: دوا هێرشی عێراق. راپۆرتی دەستە بۆ کۆمیتەی پێوەندیی دەرەوەی سەر بە سێناتی ولاتە یەکگرتووەکان. واشنگتۆن، ئۆکتۆبەری ١٩٨٨، ٤٦ ل.

کورد I KURDI .٦٠ ساڵە راونان (بە زمانی ئیتالیایی) کۆمەڵە وتارێکە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هەندەرانی کورد لە ئیتالیا. ١٩٨٩، ٤٣ ل.

ئەنوەر محەمەد: هەنگ و کۆتر، زنجیرەی باخچەی منداڵان: ٧. کۆمەڵە چیرۆکێکە لە ئاڵمانییەوە کراوە بە کوردی. بڵاوکراوەی گۆڤاری کۆچەر، سوێد ١٩٨٩، ٦٤ ل.

جیاوازییەکانی ئێمە: وتووێژ لەگەڵ مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە کۆمۆنیزمی کرێکاری. محەمەد میسری کردوویە بە کوردی. ئینتشاراتی مەرکەزیی کۆمەڵە، رێبەندانی ١٣٦٨، ٨٠ ل.

## گۆڤار و رۆژنامە

گەلاوێژ: گۆڤارێکی ئەدەبی و ئەقافی مانگی کوردیە، ژمارەکانی ساڵی ١٩٤٣، سەرلەنوێ چاپکراونەتەوە، نووسینگەی تارا، سوێد ١٩٨٩.

دەنگی یانە: ئۆرگانی وەرزیی یانەی کوردستانە لە سوێد، ژمارەی یەک/ پاییزی١٩٨٩.

رزگاری: ئۆرگانی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق، ژمارە ٢٢، تەمموزی ١٩٨٩.

پێشکەوتن: ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان– عێراق، ژمارە ١٤، حوزەیرانی ١٩٨٩.

خەبات: ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان– عێراق، ژمارە ٥٩٣، ناوەڕاستی نیسان ١٩٨٩.

کولیلک: کۆڤارا زارۆکێن کورد یێن شاگرت، وەشانا کۆمەلا چاندا کارکەرێن کوردستانێ. هەژمار ٣٨ و ١٩٨٩/٣٩.

گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کورد»، بەرگی بیستەم، ١٩٨٩، بەغدا، ٤٣٠ ل.

رۆژا نوو: کۆڤارا هونەری، چاندی و ئەدەبی، خوەدی: کۆمکار – سوێد. هەژمار١٩٨٩/٢٦.

بەربانگ: گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد. ژمارە ٦١ (نۆڤەمبەری ١٩٨٩)، ٦٢ (کانوونی دووەم ١٩٩٠).

پەیامی کرێکاران: گۆڤارێکی سیاسی– تیۆرییە لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی ئاڵای شۆڕشەوە دەردەچێ. ژمارە ٤، ئابی ١٩٨٩.

ئاڵا: ئۆرگانی ناوەندی ئاڵای شۆڕش، ژمارەکانی ٧و٨و٩و١٠ (ئادار تا حوزەیرانی ١٩٨٩).

بانگ: گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، ژمارە ١ کۆتایی ١٩٨٩.

پێشڕەو: ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە. ژمارە ٣٥، ساڵی حەوتەم، دەورەی دووهەم، رێبەندانی ١٣٦٨ (فوریەی ١٩٩٠).

رەنگاڵە: گۆڤاری یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان: کۆمیتەی شاخ، سەرنووسەر: فازیل قەساب، ژمارە یەک. زستانی ١٩٩٠.

The kurdish Culture Bulletin: published by: kurdish information & Educational project (London) vol. 1, nr. 2 (oct. 1989).
Kurdish News: General review of kurdish affairs, published by: The Kurdish Information and Educational project in London. Issue 2, February 1990.

نووسینەکانم فرەبابەتن، بەڵام تێکڕایان مەبەستێکیان بە چاوەوە گرتووە کە چی بە راست بزانم ئەوە دەڵێم، هەرچەند لەگەڵ بیروڕای خوێنەران نەشسازێت. زۆرکەس فێڵ لە خۆی دەکات کە باز بەسەر هەڵەی ئاشکرادا دەهاوێژێت و غەڵەتە کۆنەکان دەکوتێتەوە، وەک بابایەکی چاو لە فەلەکناسیی نوێ بپۆشێت، هەر سوور بێت لەسەر هێندەی کە زەوی مەرکەزی جیهانە و ئاسمانەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە... من نووسینم بۆ سوودی (مرۆ)یە، کە لە پێش هەمووانەوە کورد دێت، وەک کە عەرەب و تورک و برازیلیش هەر وەها دەکەن کە سوود بە میللەتەکەیان بگەیەنن، بەڵام من فێڵ لە خەڵق ناکەم کە بڵێم بە زمانی (جەماهیر) دەدوێم، چونکە جەماهیر هەر هیچ ناخوێنێتەوە و تێشی ناگات. من رووی وتووێژم لەگەڵ هۆش و ویژدانی ئەو کەسانەیە کە توانای تێگەیشتن و دەسەڵاتی چاکە و خراپەیان هەیە، بەڵکو لە رێگەی ئەوانەوە رووت و برسی و قەلەندەر سوودێکی پێ بگات.

مەسعوود محەمەد
لە دانیشتنێکدا –
گۆڤاری رەنگین،
ژمارە (٢٢)، ئابی ١٩٨٩،
لاپەڕە (٥٤)